

# تاریك و ڕوون

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ENDEŞE

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە

بەڕێوەبەری گشتیی ناوەند: هەژار مەجید

بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: سیروان مەحمود

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە - ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە
سلێمانی - شەقامی مەولەوی - تەلاری بازرگانیی سیروانی نوێ - نهۆمی چوارەم
http://www.endeshe.net
andesha.library@yahoo.com ● andesha@outlook.com
http://www.facebook.com/Andeshalib
07501026400

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ENDESE

# تاریك و ڕوون

سادق هیدایەت

وەرگێڕانی فەرشید شەریفی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زنجیرەکتێبی فیکر و ئەدەب

سەرپەرشتیاری زنجیرە

سیروان مەحمود

ناوی کتێب: تاریک و ڕوون

ناوی نووسەر: سادق هیدایەت

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فەرشید شەریفی

بابەت: ڕۆمان

هەڵەبڕی و ڕێنووس: ڕۆشنا قادر

نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٧

چاپخانە: ئەندێشە

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

نرخ: (٥٠٠٠) دینار

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٢٦٤)ی ساڵی (٢٠١٧)ی پێ دراوە.

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە©

بەبێ ڕەزامەندیی ئەندێشە، هیچ لایەنێک ڕێگەپێدراو نییە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە، جا گەر بە شێوەی ئەلکترونی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، یان هەر شێوازێکی تری لەبەرگرتنەوە بێت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لەجیاتیی پێشەکی

ڕۆژژمێری ژیانی سادق هیدایەت........................٧
س.گ.ل.ل ........................................................١٥
ژنێک کە مێردەکەی لێ ون بوو.........................٥٣
بووکەشووشەی پشتی پەردە.............................٨٩
ئافەرینگان...........................................................١٠٩
شـەوانی وەرامین.................................................١٣٥
دوایین بزە...........................................................١٥٥
باوکانی ئادەم.....................................................١٧٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕۆژژمێری ژیانی سادق هیدایەت

## ١٩٠٢ـ ١٩٥١

١٢٨١، سادق هیدایەت ڕۆژی ٢٨ی ڕیبەندان، ١٧ی فیبریییەی ١٩٠٢ لە تاران، شەقامی کوشک ژمارە ١١ لە بنەماڵەیەکی ئەریستوکرات و دەولەمەند لەدایک بوو. باوکی واتە قولیخان ئیعتیزادولمولک و دایکی واتە زیوەرلملوک شەش منداڵیان هەیە سێ کچ و سێ کوڕ. سادق بچووکترین منداڵی بنەماڵەیە. برایەکی، واتە مەحموود گەیشتە پلەی جیگری سەرۆکوەزیران و براکەی تری واتە عیسا، سەرۆکی زانکۆی سەربازی بوو.

١٢٨٥، ١٩٠٦: پەسەندکردنی حکومەتی پەرلەمانی لەلایەن موزەفەرەدین شا و دواتر کردنەوەی پەرلەمان.

١٢٨٧، ١٩٠٨: سادق هیدایەت دەچیتە خویندنگەی زانستیی تاران و دوای تەواوکردنی قوناغی سەرەتایی، دەچیتە دارولفنوون و تا کوتاییی قوناغی یەکەم لەوی دەمینیتەوە. پاشان بو تەواوکردنی قوناغی دووەمی ناوەندی، دەچیتە خویندنگەی سێن لوویی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٢٩٩،١٩٢٠: دوای کوودەتای حەوتی ١٢٩٩ ڕەزاخانی میرپەنج لەگەڵ سەید زیا جڵەوی دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێت[1].

١٣٠٣، ١٩٢٤: چاپی *چوارینەکانی خەیام* لە تاران؛

چاپی کتێبی *مرۆڤ و ئاژەڵ* لە چاپخانەی بروخیم؛

چاپی کتێبی *زمانحاڵی گوێدرێژێک لە کاتی سەرەمەرگدا.*

١٣٠٤، ١٩٢٥: دوای دارمانی دەسەڵاتی ئەحمەد شا، ڕەزاخانی سەرکردەی سوپا لە ڕێگەی پەرلەمانەوە وەک پاشا هەڵدەبژێردرێت؛

سادق هیدایەت قوناغی دواناوەندیی سێن لوویی لە تاران تەواو دەکات.

١٣٠٥، ١٩٢٦: هیدایەت لە وەرزی بەهاردا لەگەڵ یەکەم تاقمی نێردراوی خوێندکاران دەچێت بۆ ئەورووپا. ساڵێک لە بەلژیکا دەمێنێتەوە و پاشان دەچێت بۆ فەرەنسا. پاش ماوەیەک واز لە خوێندن دەهێنێت و دەست دەکات بە نووسین؛

چیرۆکی *مەرگ لە بەرلین*، لە گۆڤاری *ئیرانشار* چاپ

---

١ - کوودەتای ٣ی ڕەشەمیی ١٩٢٢، کوودەتایەکی سەربازی بوو، کە لەلایەن ڕەزاخانی میرپەنج بە هاوکاریی سەید زیادین تەباتەبایی و بە پلانبۆدارشتنی ئەفسەری بەریتانیای ئیدمۆند ئایرۆنساید، بەڕێوە چوو. لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەر دەخەن بەریتانییەکان هیچ ڕۆڵیان لەو کوودەتایەدا نەبووە بەڵام هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە ٢٣ ڕۆژ بەر لە کوودەتا، ڕەزاخان چاوی بە ئیدمۆند ئایرۆنساید کەوتووە و لەو دیدارەدا ژەنراڵ ئایرۆنساید بە ڕەزاخانی وتووە، ئێمە هیچ لاریمان نییە، ئەگەر ئێوە دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. بۆیە لە ئەنجامی هەماهەنگیی نێوان سەید زیا و ڕەزاخان، ڕۆژی سێی ڕەشەمی، هێزە قەزاقەکان چوونە ناو تاران و هەموو دامودەزگە حکومییەکانیان داگیر کرد. (و. ک.)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکریت ڕیبەندانی سالی ١٣٠٥.

١٣٠٦،١٩٢٧: کتیبی *سوودەکانی ڕووەکخواردن* لە بەرلین بە پیشەکی حسین کازمزادە *ئیرانشار* چاپ دەکریت.

١٣٠٩، ١٩٣٠: هیدایەت لە فەرەنساوە دەگەڕیتەوە بۆ ئیران و لە بانکی ناوەندیی دادەمەزریت؛

کتیبی *زیندەبەگۆر* لە تاران بلاو دەکریتەوە، کتیبی *پەروین کچی ساسان* بلاو دەکریتەوە،

ئاشنابوونی هیدایەت لەگەل بوزورگ عەلەوی و موجتەبا مینەوی و مەسعوود فەرزاد. ئەم چوار کەسە لەهەمبەر گرووپی حەفتکەسی[1] سەعید نەفیسی، عەلی ئەسغەر حیکمەت، حەسەت تەقیزادە، عەباس ئیقبال، محەمەد قەزوینی، نەسروللا فەلسەفی و غولامرەزا رەشید یاسمیدا قوت بوونەوە و گرووپی چوارکەسییان[2] دامەزراند و ئامانجیان هینانەئارای رۆحیکی تازە لە ئەدەبیانی ئیراندا بوو.

١٣١٠، ١٩٣١: چاپی کتیبی *ئەوسانە*[3] لە تاران،

چیرۆکی *سیبەری مەغول* بە هاوکاریی بزورگ عەلەوی و د.ش.پەرتەو لە کۆچیرۆکی *ئەنیران* لە تاران بلاو کرایەوە،

سادق هیدایەت ژمارەیەک چیرۆکی کورت لە گۆڤاری *ئەفسانە*دا بلاو دەکاتەوە.

١٣١١، ١٩٣٢ هیدایەت لە بانکی ناوەندیدا دەست لەکار

---

١ – واتە گرووپی سەبعە، کە ئەو کاتە بەو ناوە ناسرابوون. (و. ک.)

٢ – واتە گرووپی روبعە، کە ئەو کاتە بەو ناوە ناسرابوون. (و. ک.)

٣ – ئەوسانە هەمان وشەی ئەفسانەیە. ئەم کتیبە بریتییە لە هەندیک شیعر و گۆرانیی فولکلۆر، کە دواجار تەواوتری کرد و بە ناوی *گۆرانییە فولکلۆرییەکان* لە ژمارەکانی شەش و حەفتی گۆڤاری *موسیقا* بلاوی کردەوە. (و. ک.)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکێشێتەوە؛

کتێبی *ئیسفەهان نیوەی جیهان* لە تاران چاپ دەکات؛

ڕۆژی ٦ی خەرمانان لە فەرمانگەی گشتیی بازرگانی دادەمەزرێت؛

کۆچیرۆکی *سێ دڵۆپ خوێن* لە تاران چاپ دەکات.

١٣١٢، ١٩٣٣: چاپی کۆچیرۆکی *تاریک و ڕوون*؛

چاپی کتێبی *نەیرەنگستان*[1]؛

چاپی کتێبی *خاتوو عەلەوییە*؛

چاپی کتێبی *مازیار* بە هاوکاریی موجتەبا مینەوی.

١٣١٣، ١٩٣٤: بڵاوکردنەوەی کتێبی *چوارینەکانی خەیام*[2] لە دەزگای پارس کە لەژێر چاودێریی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێراندا بوو،

لەگەڵ مەسعود فەرزاد کتێبی *وەغوەغ ساهاب* بڵاو دەکاتەوە.

١٣١٤، ١٩٣٥ دوای دوو مانگ و نیو کارکردن لە دەزگای پارس، دەست لەکار دەکێشێتەوە.

---

١ - یەکێکە لە نەسکەکانی هیدایەت، کە لە ناوی نەسکێکی سەردەمی ساسانییەکان وەری گرتووە. ناوی کتێبەکە بە فارسی *نەیرەنگستان*ـە کە نەیرەنگ بە واتای فێل یان فروفێڵ دێت. *نەیرەنگستان* لە کۆمەڵێک برگە و بابەتی فۆلکلۆر پێک هاتووە، کە هیدایەت تیایدا وەک توێژەر و پسپۆرێکی بواری فۆلکلۆر لە سەرچاوەکان و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی فۆلکلۆر دەکۆڵێتەوە. هیدایەت لە نووسینەوەی ئەم کتێبەدا پشت بە مێژوو و سەرچاوەکانی پێش ئیسلام دەبەستێت. هیدایەت پێی وایە ئەم ئایین و باوەڕە خورافاییانە لەو کاتەوە هاتوونەتە ناو کولتووری ئێرانەوە، کە جادووکارەکان لە سەردەمی نووسینەوەی ئاڤێستادا ئیجگار دەستڕۆیشتوو بوونە، چوونکە ئاڤێستا ئەم حوکمانەی لە دژی ئەوان دەر کردووە. (و. ک.)

٢ - ئەم کتێبە لە پێشەکییەک و دوو وتار و ١٤٣ چوارینە پێک هاتووە، کە بە باوەڕی هیدایەت لە سەددا سەد هیی خەیامن. (و. ک.)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٣١٥، ١٩٣٦: لە فەرمانگەی گشتیی خانووبەرە دادەمەزریت؛

سەفەر دەکات بۆ هیندستان و فێری زمانی پەهلەوی دەبێت؛

کتێبی *کوندەپەپووی کوێر* بە دەسخەتی خۆی و بە پوولی کۆپی ئامێری چاپی دەستی، لە هیندستاندا چاپ و بڵاو دەکاتەوە.

١٣١٦، ١٩٣٧: لە هیندستانەوە دەگەڕێتەوە و بۆ جارێکی دیکە لە بانکی ناوەندیدا دادەمەزرێتەوە؛

هاوکاریی خۆی لەگەڵ *گۆڤاری مۆسیقا*دا دەست پێ دەکات، کە ئەفسەر مین باشیان بەرپرسیەتی و تا ساڵی ١٣٢٠ کە گۆڤارەکە دادەخرێت کاری تێدا دەکات.

١٣١٨، ١٩٣٩ کتێبی *کوجەستە ئوبالیش* وەرگێڕان لە پەهلەوییەوە لە تاران بڵاو دەبێتەوە؛

هەڵبژاردەیەک لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی لە بواری فۆلکلۆر لە گۆڤاری *مۆسیقا*دا چاپ دەکات تا ساڵی ١٣٢٠.

١٣٢٠، ١٩٤١: لە زانکۆی هونەرەجوانەکاندا وەک وەرگێڕ دادەمەزرێت و تا کۆتاییی تەمەنی، هەر لەو پۆستەدا دەمێنێتەوە؛

*کوندەپەپووی کوێر* لە تاران چاپ و بڵاو دەبێتەوە.

هاوکاریی خۆی لەگەڵ گۆڤاری *سوخەن* پەیڤدا دەست پێ دەکات؛

چیرۆکی *ئاوی ژیان* بڵاو دەکاتەوە؛

کتێبی *کارنامەی ئەردەشیری بابەکان* وەرگێڕان لە پەهلەوییەوە چاپ دەکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

۱۳۲۳، ۱۹٤٤: درێژه به چاپکردنی چیرۆک و وەرگێران له گۆڤاری *سوخەن* دەدات تا ساڵی ۱۳۲٥؛

کۆچیرۆکی *خونیرێکەری* چاپ کرد؛

وەرگێرانەکانی "زەند و هومەن یەسن" و *گوزارشتی گومان شکەن*" لە پەهلەوییەوە چاپ دەکات.

۱۳۲٤، ۱۹٤٥ ئەندامێتی له کۆمەڵەی پێوەندییە کولتوورییەکانی ئێران و یەکێتیی سۆڤیەت قبوڵ دەکات و دەبێت به ئەندامی کارای دەستەی نووسەرانی گۆڤاری *پەیامی نوێ* کە بیروڕای ئەندامانی کۆمەڵەکەی بڵاو دەکردەوە؛

دەبێته ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری "یەکەم کۆنگرەی نووسەرانی ئێران"؛

کتێبی *حاجی ئاغا* وەک بەشێک له چاپکراوەکانی گۆڤاری *سوخەن* چاپ کرا؛

هاوڕێ لەگەڵ لیژنەیەک بۆ ماوەی دوو مانگ سەفەر دەکات بۆ ئوزبەکستانی یەکێتیی سۆڤیەت؛

کۆڕی ڕێزگرتن له سادق هیدایەت له بنکەی کولتووریی کۆمەڵەی پێوەندییە کولتوورییەکانی ئێران و یەکێتی سۆڤیەت بەڕێوە دەچێت و تیایدا بزورگ عەلەوی لێدوان پێشکەش دەکات و یەزدانبەخش قارەمان و مریەم فیروز دوو چیروک له چیرۆکەکانی هیدایەت دەخوێننەوە.

۱۳۲٥، ۱۹٤٦: *ئەفسانەی خیلقەت* له پاریس چاپ دەکرێت؛

کورتەچیرۆکی *سبەینێ* لە گۆڤاری *پەیامی نوێ* چاپ کرا.

۱۳۲۷، ۱۹٤۸: کتێبی *سزادراوان* نووسینی کافکا، وەرگێرانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەسەن قائمیان بە پیشەکیی سادق هیدایەت لەژێر ناوی *پەیامی کافکا* لە تاران چاپ کرا.

١٣٢٨، ١٩٤٩ سادق هیدایەت لەلایەن ژۆلیۆی کوریەوە بانگهێشت دەکرێت بۆ بەشداریکردن لە یەکەم کۆنگرەی جیهانیی پشتیگریکردن لە ئاشتی، بەلام بە هۆی بەربەستگەلی کارگێرییەوە ناتوانێت لە ئێران بچێتە دەرەوە و بۆیە لە نامەیەکدا بۆ ژۆلیۆی کوری دەنووسێت، "*ئەمپریالیستەکان وڵاتی ئێمەیان کردووەتە زیندانێکی گەورە. ئاخافتن و بیرکردنەوەی دروست تاوانە. من ستاییشی بۆچوونی ئێوە دەکەم لەبارەی ئاشتییەوە.*"

١٣٢٩، ١٩٥٠ چاپی کتێبی *بەرگوزار* بە هاوکاریی حەسەن قائمیان؛

لە کۆتاییی پاییزدا دەڕوات بۆ پاریس.

١٣٣٠ ١٩٥١ ڕۆژی ١٩ی خاکەلێوە لە تەمەنی ٤٨ ساڵیدا لە ئاپارتمانەکەیدا لە شەقامی شامپیۆنی ژمارە ٢٧ دیسانەوە بە گاز خۆی دەکوژێت. پێشتر جارێکی تریش هەوڵی دابوو، بەلام سەر نەکەوت؛

ڕۆژی ٢٧ی خاکەلێوە دوای وەستانێکی کورت لە مزگەوتی پاریس، لە گۆڕستانی پێرلاشێز ئەسپەردەی خاک کرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# س.گ.ل.ل.

"خۆزگەم بەوانەی کە هەڕەی لە بەڕە ناکەنەوە، چونکە مەلەکووتی ئاسمان هی ئەوانە."

- ئینجیلی ماتیوس ٣ -٥

**"ئاسمانەکەی نازانم بەڵام بەدڵنیاییەوە زەوی هی ئەوانە"**

- سادق هیدایەت

دوو هەزار ساڵ دواتر، ئاکار، دابونەریت، هەستەکان و هەموو بارودوخی مروڤ گورانکاریی تەواوەتییان بەسەردا هاتبوو. زانست هەموو ئەو شتانەی پراکتیزە کردبوو کە ئایین و ئایینزا جوراوجورەکان بە دریژایی دوو هەزار ساڵ بەڵێنیان بە خەلک دابوو. تینوویتی، برسیتی، دلداری و خوشەویستی و پیداویستییەکانی تری ژیان هەمووی دابین کرابوون. مروڤ ئیتر بەسەر پیری، نەخوشی و ناشرینیدا زاڵ بووبوو. ژیانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خێزانی پەراوێز خرابوو و خەڵک هەمووی لەناو باڵەخانەی بەرز و چەندنهۆمی هاوشێوەی کەنووی مێشهەنگدا دەژیان، بەڵام تەنیا ئازارێک مابووەوە، ئەویش ئازاری شەکەتی و بێزاربوون بوو لە ژیانی بێمەبەست و بێئامانج.

سوسەن جگە لە ناخۆشیی ژیان، کە نەخۆشییەکی گشتگیر و گوازراوە بوو، نەخۆشییەکی تریشی هەبوو و ئەویش حەزی بەرامبەر بە مەعنەوییات بوو، کە تەنانەت نەیشیدەزانی چییە، بەڵام بەدواداچوونی بۆ دەکرد. بە درێژاییی ڕۆژ لە نهۆمی بیستودووی باڵەخانەکەی لە کارگەکەیدا خۆی ماندوو دەکرد و بە مەتریالێکی ڕەق، هزر و بیری لە شێوەی پەیکەردا دادەڕشت. دیارە بەئەنقەست شاری کاناری هەڵبژاردبوو بۆ نیشتەجێبوون، چونکە دوور بوو لە دۆست و خزم و ناسیاوەکانی و دەیتوانی بەدڵی خۆی کارەکانی بکات. ژیانێکی سەرسووڕهێنەر و تایبەت بە خۆی هەبوو و وازی لە هەموو جۆرە چێژ و خۆشییەک هێنابوو و شێتگیرانە خەریکی کار و ئەرکەکانی بوو.

ڕۆژێکیان دەمەوئێوارە بوو، کە دەستی لە چێکردنی ئەو پەیکەرە کێشایەوە، کە تازە دەستی پێ کردبوو، چووە ناو ژووری ستۆدیۆکەی. پەردەیەکی ناسکی دەسکئاسنی لا دایەوە و پەنجەرەی ژوورەکەی کرایەوە. پەیکەرەکە ڕوخسارێکی وشک و بێڕوح و بێهەستی هەبوو؛ دەموچاوێکی جیددی و جوان و بێجووڵەی هەبوو و وا پێدەچوو بە کراش دروست کرابێت. لەو بەرزاییيەوە دیمەنی دووری شاری داتەپیو و پڕنهێنی بە بینا بەرز و گەورەکانیەوە بە هەموو شێوە و قەبارەیەکەوە دیار بوو، چوارگۆشە، خڕت،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوشەدار، کە لە شووشەی تاریک و لێڵ و لووس دروست کرابوون. هەندێکیان وەک کارگی ژەهراویی و قیزەون، کە لە هەموو لایەکەوە هەڵتۆقیبوون و بڵاو بووبوونەوە و لەژێر رووناکاییی گڵۆپە شاراوە و نادیارەکاندا خەمناک و رەقوتەق دەهاتنە بەرچاو. بەبێ ئەوەی کە بەڕواڵەت هیچ گڵۆپێک دیار بێت بەڵام هەموو شار رووناک بوو. شەقامێکی هەڵپەسێراو و ڕووناک، کە رووناکاییی خۆی لە تیشکی خۆرەوە دابین دەکرد و ببوو بە چەند بەشەوە، وەک کەمانەیەک بەدەوری ئەو باڵەخانەیەی، کە سوسەنی تێدا دەژیا و ڕێک بەرامبەر بە پەنجەرەی ژوورەکەی، هەڵدەکشا بۆ لای سەرەوە و لای دەکردە و لەوێیشەوە بۆ لای خوارەوە شۆڕ دەبووەوە. لە شەقامەکەدا گەلێک ڕادیۆی ئۆتۆماتیکیی ئەلیکترۆنی[1] بە شێوەگەلی جۆراوجۆر لە جووڵەدا بوون، کە وزەی خۆیان لە ناوەندەکانی ڕادیۆ ئەلیکتریکەوە وەر دەگرت و هێمای ئەو شارانەیشیان بە سەرەوە دەدرەوشایەوە کە لێیانەوە هاتبوون. لە دوورەوە لە ئاسۆی ئاسماندا گەلێک ڕەنگی تۆخی پێکەوەنەگونجاو تێکەڵ بە یەکتری ببوون، وەک بڵێی شێوەکارێک پاشماوەی بۆیەکانی سەر تەختەکەی دەستی تێکەڵ یەک کردبێت و هەر لەخۆوە فلچەکەی بە ئاسماندا هێنابێت.

ڕێبوارانی ناو کۆڵانەکان وەک مێروولە لێک ترنجابوون و بێدەنگ و لەسەرخۆ ڕێیان دەبری، یان لە باخەکانی سەربانی باڵەخانەکاندا پیاسەیان دەکرد. دوکانەکان بە جامخانە گەورە و

---

1 - auto radio electrique



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕووناکەکانیان و بڵندگۆکانیان[1] و لافیتە هەڵپەسێراوەکانیانەوە ڕیکلام و پڕوپاگەندەیان دەکرد. لە ناوەڕاستی فولکەیەکدا ڕۆبۆتێکی ئۆتۆمات دانرابوو، کە لەجیاتیی پۆلیس کاری دەکرد و بە جووڵەی وشک و خێراوە ڕێڕەوی هاتوچۆی خەڵک و ئۆتۆ ڕادیۆ ئەلکتریکەکانی دەستنیشان دەکرد. گەلێک ڕووناکاییی ڕەنگامە لە چاوەکانیەوە دەدرەوشانەوە و بە وزەی کارەبا شەقامە هەڵپەسێراوەکانی لە جووڵە دەخست و دیسانەوە دەیخستنەوە گەڕ. ڕیکلامە ڕەنگامەکان نەخشونیگاریان لەسەر هەورە دەستکردەکان نەخشاندبوو. لە بەردەم دەرگای هۆڵی شانۆی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆندا، کە ڕێک بەرامبەر بە پەنجەرەی سوسەن لە باڵەخانەکەی بەرامبەریدا هەڵکەوتبوو، حەشامەتێکی زۆری خەڵک لە هاتوچۆدا بوو. ئەسانسۆرەکانی بەردەوام سەروخواریان دەکرد و ئۆتۆ ڕادیۆکان لە بەردەم بیناکاندا نەفەریان دادەبەزاند.

باخێکی گەورە، کە سەیرانگە بوو و لە نهۆمی هەژدەی باڵەخانەکەی بەرامبەریدا هەڵکەوتبوو، لە دوورەوە قەرەباڵغ بوو و بە گەڵا گەورەکانیەوە نەخشونیگارگەلی نائاسایی و تێکەڵوپێکەڵ و گونجاو لەگەڵ تاقگەیەکی بەرزی دووردا، نائاسایی و سەرسووڕهێنەر دەهاتە بەرچاو. ئۆتۆژێرەکان کە لە ئامێری ناوەندییەوە وزەی خۆریان وەر دەگرت دوابەدوای یەک دەهاتنە ناوەوە. شار هەمووی بە باڵەخانە شکۆدارەکانیەوە لە قەڵایەکی سەربازی یان هێلانەمێروو دەچوو. دیمەنی لە دوورەوە هێدی هێدی مەحف و لێڵ دەبووەوە و دواجار لە تاریکیدا ون دەبوو. تەنیا دیمەنی

---

1 - Haut-Pareur



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کێوی دەماوەند لەلای باشووری شارەوە، بەرز و شکۆدار و هەرەشەئامیز بوو و هەلمیکی رەنگ پرتەقالی لە لووتکە قووچەکییەکەیەوە دەهاتە دەرەوە. کتومت وەک ئەوە وا بوو جادووکاریکی کارامە و لیهاتوو سەرلەبەری شارەکەی لەسەروو ئەو شتەوە، کە مرۆڤ بە ملیونان سال لە بیر و هزریدا وینای کردبوو، لە نەبوونەوە هینابووە بوون.

ئەم دیمەنە ئارام و خەمناک و قەرەبالغ و ئەفسووناوییە لەژیر ئاسمانی گەرم و هەوای خنکینراودا بۆ سۆسەن وەڕزکەر و خەفەتهینەر بوو و رۆحی باووباپیران و رۆحی بۆماوەیی خۆی بەگژ ئەم هەموو شتە دەستکردەدا دەچووەوە. هەموو ئەم خەلکە، راکەراکە و سەیران و رابواردن و کار و خۆماندووکردنیان رقوکینەی لە دلی سۆسەندا دەوروژاند و دلی هەستیاریان دەگوشی. ئەوە شۆرشیکی دەروونی بوو و وای هەست دەکرد سنووردار و زیندانی کراوە. هیوای دەخواست هەلبیت و لە بیابانەکاندا بگیرسیتەوە، یان بڕوات و لە دارستانیکدا خۆی بشاریتەوە. بەبی ئەوەی ئاگای لە خۆی بیت تای پەنجەرەکەی بۆ ناوەوە راکیشا و بە هۆی رووناکییەکی نادیارەوە ژووری ستودیوکەی وەک رۆژ رووناک بووەوە. دەستی بە دوگمەی کارەباییی تەنیشت دیوارەکەدا نا و لەسەر قەرەویلە ئاسنینەکەی گۆشەی ژوورەکەیدا لەسەر سەرینگە ئەلاستیکەکەیدا[1] راکشا. لەپریکدا رەنگیکی شینی کال و بۆنیکی تایبەت - کە تۆزیک توند و سەرخۆشکەر بوو - هەموو هەوای ژوورەکەی پر کرد. دەنگی موسیقایەکی ئارام بەرز بووەوە و هیندە ناسک و

1 - Elastique



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئارام بوو، کە وەک بڵێی بە دەست و ساز و ئامێرگەلی ئاسایی نەدەژەنرا. مۆسیقایەکی ناسکی ئاسمانی بوو.

چاوەکانی سوسەن زاق زاق بە شاشەی تەلەڤزیونەکەوە مابوونەوە، کە لەجیاتیی ڕۆژنامە، هەموو ڕووداوەکانی دنیا و کەسایەتییەکان و دیمەنە سروشتییەکانی وەک خۆیان و بە ڕەنگی جوان و سروشتیی خۆیانەوە، تەنانەت ئەگەر بیانویستایە بە دەنگی خۆیانەوە نماییش دەکرد. لەو کاتەدا دیمەنە سروشتییەکانی ئوستڕالیای نیشان دەدا بەڵام دیار بوو سوسەن دالغە بردبوویەوە و بیری لە شوێنێکی تر بوو.

جلەکانی سوسەن سادە و ساکار و زەردباوی وەک ڕەنگی قژەکانی بوون و پێڵاوی لە هەمان ڕەنگیشی لە پێ بوون. چاوەکانی درشت و برژانگەکانی درێژ و بڕۆکانی باریک و باسک و پووزی جوان و ڕێکوپێک و سپیکەڵە و لەشولاریشی بەگشتی زۆر جوان بوو. ئەو شێوە جوانەی، کە بەخۆیەوە گرتبووی، زیاتر وەک بووکەڵە یان مرۆڤێکی دەستکردی لێ کردبوو. وەک کەسێکی لێ هاتبوو کە لەوانەیە مرۆڤ بە خەون ببینێت یان لە مەتەل و ئەفسانەکانی جن و پەرییەکاندا وێنا بکرێت، یان مرۆڤێک کە شێوەکارێکی لێوەشاوە و کارامە بە بیر و ئاوەزی خۆی نەخشاندبێتی و لەسەر تابلۆیەکی شێوەکاری گیانی بەبەردا بێتەوە و بێتە دەرەوە. ڕوخساری زۆر جوان و نتم بوو. نە شادمان دیار بوو، نە خەمبار. نیگای ساردوسڕ و بێرەغبەت و جووڵەکانیشی وەک بووکەڵەیەکی جوان بوون، کە هەناسەیەکیئەهریمەنی یان هێزێکی متافیزیکی بەبەردا کرابێت. بە جۆرێک کە بە بینینی ڕوخسار و ڕواڵەتی نەدەتوانرا درک بە ڕۆح و ناخ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و هەستەکانی بکریت. کە لە دوورەوە لەسەر قەرەویلەکەی ڕاکشابوو وەک پەیکەریکی ناسکی شووشەیی وا بوو، کە مروڤ ناویریت تەنانەت دەستی لیوە بدات نەبادا بژاکیت. ژوورەکەیشی پڕ بە پیستی خوی دروست کرابوو و لەگەڵ سەلیقە و هزریدا دەهاتەوە. جلەکانی و کەلوپەلی ناو ماڵەکەی و جووڵەکانی و دیزاینی ناو ژوورەکەی بە ڕادەیەک لەگەڵ یەکتری دەگونجان، کە هەرکاتیک دەستیک یەکیک لە کورسییەکانی لە جیی خوی بترازاندایە، تەکووزی و هارمونیای هەموو ژوورەکە تیک دەچوو. وا دیار بوو ژیانی سۆسەن لەسەر بنەمای گونجاویتییەکان و میلۆدییەکان و ڕەنگەکان و هیڵەکان و بۆنەکان و مۆسیقاکان و نەخشونیگارە جوانەکانی بەڕیوە دەچوو. هیندەی، کە سەلیقەی جلەکانی و کورسییەکان و ڕاخەری ناو ژوورەکەی و شیوازی ژیان و وردەکارییەکانی، وای لە مروڤ دەکرد پیی وا بیت بە هونەر و بو هونەر دەژی.

ژوورەکەی وەک سیگوشەیەکی لی هاتبوو و یەکیک لە گوشەکانی بازنەیی بوو و هەموو دیوارە هەڵپەسیراوەکانی بە شووشەی لیل دروست کرابوون. شووشەگەلی قاییم و سووک و نەشکین، کە هەڵگری خەسڵەتی دەنگکپکردنەوە[1] بوون، واتە دەنگی دەرەوەی کپ دەکرد و جیا لەوەش بە هیچ شیوەیەک ئاگری نەدەگرت. هەموو دیوارەکان هەڵپەسیراو بوون و ڕیگەیان بو یەکتری هەبوو و دەشتوانرا گوڕانکارییان تیدا بکریت. بەرپیی ژوورەکە نەرم و لە توییەکی پلاستیک دەچوو، کە هەوایان تی کردبیت و دەنگی خشپەی پیی کپ

1 - Soundroof



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکرد. دۆشەک و سەرین و ناوەوەی هەموو موبلەکان هەوایان تێ کرابوو. لای چەپی ژوورەکە هەمووی بە پەنجەرەگەلی هەڵپەسێراو دروست کرابوو و لەتەنیشتیدا باخ و گوڵخانەیەک بە گومەزێکی شووشەیی دروست کرابوو، کە تیایدا ڕووەکگەلی سەیروسەمەرە و نامۆ ڕوێندرابوون و مارێکی گەورەی سپی بەئەسپایی بەسەر زەوییەکەدا دەخشا. ئامێرگەلی پاککردنەوەی هەوا[1] بەبەردەوامی هەوای ژوورەکەی لە پلەیەکی دیاریکراودا ڕادەگرت و لە بەردەم هەموو دەرگایەکیشدا چاوێکی کارەبایی[2] چاودێری دەکرد و هەر کە لە مەودایەکی دیاریکراوەوە کەسێکی ببینیایە زەنگی لێدەدا و دەرگاکەیش هەر لەخۆوە دەکرایەوە.

سۆسەن لەم کاتەدا کە بەدیار دیمەنەکانی دورگەکانی ئوستڕالیاوە واقی وڕ مابوو، لەپڕێکدا تەلەفزیونە بچووکەکەی سەر مێزەکە ژەنگی هەڵهێنا. جووڵەیەکی کرد و دەستی بە دوگمەکەیدا نا و دەموچاوی هاوڕێ شێوەکارە ئەمەریکییەکەی خۆی واتە تیدی بینی کە لە شاشەکە دەر کەوت. وتی، "ئەلۆ، تید، ئەوە لەکوێیت؟"

"هەر لێرەم، لە کانار. ئەمڕۆ بە ستراتوس فرایکسی دوو[3] هاتم. پێکەوە قسە بکەین؟"

"لاریم نییە، با قسە بکەین."

ڕەنگی شاشەکە دیسانەوە لێل و تاریک بووەوە. سۆسەنیش وەک دوخەکەی پێشووی لەسەر قەرەوێلەکە بۆی

1 – Climatisation
2 – Electric eye
3 – Stratosphere x2



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پال کەوت. چەند خولەک دواتر دەرگای ژوورەکە زەنگی لیدا و هەر لەخۆیەوە کرایەوە و لاویکی قوزی بالآبەرز هاتە ژوورەوە و دەرگاکەیش لەدوایەوە داخرا. دیارە تید بوو. تید سەرەتا بە هوی بونی عەتر و دەنگی موسیقا و بەتایبەت بو بینینی سوسەن لە بەردەرگاکە راوەستا. وەک هەوادارێک و شارەزایەکی بواری پیشەسازی لیی روانی و سەری لەقاندەوە و لیی چووە پیشی و وتی، "دیسانەوە بیر دەکەیتەوە؟"

سوسەن سەری لەقاندەوە و تید لەسەر کورسیی تەنیشت قەرەویلەکەوە دانیشت. چاویکی بە گولخانە دەستکردەکەدا خشاند، کە دەرگاکەی نیوەکراوە بوو و چاوی بە مارە سپییەکە کەوت، کە بەئەسپایی دەخزا و لە دەرگاکەوە دەچووە دەردەوە. لە سوسەنی پرسی، "ئەم مارە خو ناگەزیت؟"

"نەخیر زور گوناحە، کاری بە کەسەوە نییە."

تید نەوییەوە و کتیبیکی لە ریزی دووەمی رەفەی میزەکەوە هەلگرت، کە ئامیریکی خویندنەوەی Watsonی لەسەر دانرابوو. لەپشت کتیبەکەوە نووسرابوو، *Entomologic Romance*. بەسەرسوورمانەوە پرسی، "هەلە هەلە گیان! لە کەیەوە بوویتە میرووناس؟ لەوی مار و لیرەیش کتیبی میرووناسی!"

"ئەمە بو پەیکەرەکە بوو."

"ئەری بەراست سووسوو! کاری نوی چیت بەدەستەوەیە؟"

"شتی وام بەدەستەوە نییە."

لەپریکدا دەرگای ژوورەکە کرایەوە و کچیکی ئەسمەری بالآکورتی سەرتاپارووتی چاودرشتی قژدریژی لوولکراوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێوسوور کردی بە ژووردا. کچەکە بازنگەلی ئەستووری زێری بە دەست و پاوانە بە قاچەوە بوو و هەنگاوی لەسەرخۆی دەنا. سینییەکی بچووکی بە دوو پەرداخەوە بە دەستەوە بوو. پەرداخەکانی لەسەر مێزەکە دانا. پەرداخەکان قامیشیان تێدا بوو و شەرابێکی سەوزیان تێدا دەکولا و قولّی دەدا. دیسانەوە بەبێ ئەوەی هیچ وشەیەک بڵێت لە هەمان دەرگاوە چووە دەرەوە. تێد بە قامیش شەرابەکەی تام کرد؛ تامێکی سارد و فێنک و چێژبەخشی هەبوو. سۆسەن هەستایەوە و نووکی قامیشەکەی لەدەم نا و مژێکی لە شەرابەکە دا و وازی لێ هێنا و وتی، "هەواڵی تازە چییە؟"

"هەمان کۆتاییی دنیا."

"کۆتاییی دنیا؟"

"بمبوورە، لەناوچوونی ڕەگەزی مرۆڤ. دەیانەوێت هەموو مرۆڤی سەر زەوی لە شارەکاندا کۆ بکەنەوە و بە وزەی کارەبا یان وزەی گاز یان هەر ڕێگەیەکی دیکە هەموویان لەناو بەرن بۆ ئەوەی ڕەگەزی مرۆڤ ڕزگاری ببێت!"

"لە هەواڵەکانی شەودا بینیم. پێدەچێت بەس چاوەڕێی هەرچیپەرچییەکان[1] بکات."

"تاقمێکیان ون بوونە بەڵام دوێنێ نوێنەرەکەیان بە چەند مەرجێک ئامادە ببوو خۆی ڕادەست بکات!"

"تا لە خۆکوژیی گشتیدا بەشداریی بکەن!"

"بەڵام دیسان لە هەواڵەکانی دوێنێشەودا باسی ئەوە کرا، کە نەیانتوانی لەگەڵ هەرچیپەرچییەکاندا ڕێک بکەون و هەموویان چاوەڕێی پرۆفیسۆر ڕاک دەکەن، چونکە ئەمشەو

1 – Naktkulturer



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وا بڕیارە پرۆفیسۆر ڕاک ڕێگەیەکی تازە بۆ جیهان پێشنیار بکات."

"ئەی هۆووو... ڕێگەی تازە!"

"نازانم بۆچی هێندە پێداگری دەکەیت. دیارە خەڵک هەمووی ئامادە نین، بەلام زۆرینەیان دەنگی بەڵێیان داوە."

"وا باشترە قسەی لێوە نەکەین. من ڕقم لە وشەی زۆرینە و کەمینە و خەڵک و هەروەها ئەو مرۆڤانەیە، کە تامەزرۆی خزمەتکردنی کۆمەڵگەن[1]. وا باشتر بوو لەناکاو و بەبێ هیچ پلانێک هەموومان کۆتاییمان پێ هاتبایە. من ڕقم لەو شتانەیە کە پێشتر پلانیان بۆ دارێژرابێت و لەگەڵ ئەوەیشدا مەرگی بەکۆمەڵ هیچ خۆش نییە."

"کەواتە با بڕۆین چاو لە کارە نوێیەکانم بکەین."

هەردووکیان هەستانەوە و سۆسەن لەپاڵ دیوارەکەدا پەنجەی بە دوگمەیەکدا نا و دیوارەکە لێک ترازا و ژووری کارگەکە دەر کەوت. هەردووکیان چوونە ژوورەوە. پەیکەرگەلی نیوەناچڵ و کەلوپەلی جۆراوجۆر و ئامێرگەلی بچووکی کارەبایی بەسەر یەکدا ڕژابوون. پەیکەرێکی سپیالووی بەرزیان لەبەر پەردەیەکی بۆری مەخمەڵدا دانابوو. لایەکی بە دانەویلەی زبری هاوشێوەی گەرای کرمی ئاوریشم داپۆشرابوو. لەناویشیدا کرمێکی گەورە لەسەر گەلاتوویەک خەریکی خواردن بوو و بە کۆلەکەکەی ژێرەوەیدا نووسرابوو، *منداڵی یان نەزانی*. لە لایەکەی تریدا هەر ئەم کرمە لەناو ماشوتەکەیدا چواردەوری خۆی تەنیبووەوە و چواردەوریشی بە لقوپۆ و گەلای توو تەنرابوو و لەژێرەوەیدا نووسرابوو،

---

1 – Sociaservissmania



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*بیرکردنەوە یان پێکەیشتنی عەقل*. لە دیوی سێیەمیدا هەمان ماشووت بووبوو بە پەپوولەیەکی ئالتوونی و بەرەو ئەستێرەیەکی بچووک دەفڕی و لە ژێرەوەیدا نووسرابوو، *مەرگ یان ئازادی*. پەیکەرەکە هەمووی بە ماددەیەکی شەفافی وریچەدار دروست کرابوو. تێد دوای وردبوونەوە لێیان، پرسیاری کرد، "سووسوو! دیسانەوە خەیاڵ هەڵی گرتوویت؟ لەوە دەچێت ئەم بابەتەت لە ڕێگەی پێشنیاری خۆکوشتنی گشتییەوە پێ ئیلهام کرابێت."

سۆسەن شانوملی هەڵخست.

"سووسوو! دەزانی چییە؟ تۆ گاڵتەت بە ڕۆح کردووە. شێوەی ئەم پەپوولەیە، چاوە پێکەنیناوییەکانی، ئەم ئەستێرە بچووکە کە لەو سووچەی ئاسماندا بریسکەی دێت، ڕەمزێک، میتافۆرێکی ڕۆحیت بە شێوەیەکی تەواو گاڵتەجار دەر خستووە. وەک بڵێی ویستووتە بچووکایەتیی فکر و ویناکردنە سادە و ساکارەکانی خەڵکانی سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر بخەیتە ڕوو."

"لەوانەیە."

"کەواتە بۆچی کار دەکەیت؟ بۆچی خۆت ماندوو دەکەیت؟ مەگەر بڕیاریان نەداوە ڕەگەزی مرۆڤ لەناو بەرن؟ من ماوەیەکە وازم لە شێوەکاری هێناوە."

"کێ بە تۆی وتووە من بۆ مرۆڤ کار دەکەم؟ گریمان مرۆڤیش لەناو چوو و کارەکانم کەوتنە دەست بەفر و باران و هێزە ڕووخێنەرەکانی سروشت. چش! چونکە من ئێستا چێژ لە کارەکەم وەر دەگرم و ئەمەیش بۆ من بەسە."

"بەڵام چێژی دیکە زۆرن. چێژی تەمەڵی، چێژی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆشەویستی، چێژی مانگەشەو، ئایا ئەمانە باشتر نین؟ دەبێت سوود لە دەرفەتەکان وەر بگرێت. گریمان مرۆڤیش هەبێت. دوای ئەوەی کە مردین ئیتر چ سوودێکی هەیە، کە یادگارییە وەهمییەکانمان لە هزری میکروبەکانی سەر زەویدا بمێننەوە یاخود نا؟ یان دیتران چێژ لە کارەکانمان وەر بگرن یان نا؟"

"بەلام هەموو شتێک تێپەڕ دەبێت و دواجار ڕۆژێک دنیا هەر کۆتایی دێت. کەواتە سوودی چییە؟ چێژی خۆشەویستی و چێژی مانگەشەویش بۆ من وەکو یەک وان. هەموویان لەبیر دەچنەوە. هەموویان وەهمن، وەهمێکی گەورە!"

"دنیا کۆتایی نایەت، تەنیا بو مروڤ کۆتایی دێت، ئەویش بە دەستی خۆی."

"چ جیاوازییەکی هەیە؟ هەموو بوونەوەرێک بە جۆرێک دنیا وێنا دەکات و کاتێکیش مرد دنیاکەشی لەگەڵیدا دەمرێت. جیا لەوەش مادام ژیان دواجار لەسەر زەویدا هەر دەکوژێتەوە، کەواتە وا باشترە مرۆڤ بە ویست و ئیرادەی خوی ئەو کارە بکات. چ جیاوازییەکی هەیە؟"

"کەواتە ئەم ڕۆحەی کە باوەڕت پێی هەیە، پاش ئەوەی کە هەتاو وەک دلۆپەشەونم لە هەوادا بوو بە هەڵم و هەمووان بەدوای ئیشوکاری خۆیاندا ڕۆیشتن، ڕۆحی ئەم چەکچەکیلە چاوبۆقەی تۆ، کە زاقزاق چاوی لەو ئەستێرە بچووکە بڕیوە، لە هەوای سەرگەرداندا چی دەکات؟ ئایا مۆزەخانەیەکی تایبەت هەیە کە ئەم هەموو ڕۆحە زەردە نەخۆش و ئازارچەشتووەی تێدا هەڵبگیردرێت و تۆماریان بکەن؟ ئەمە بیری مرۆڤی خۆپەرستی سێ هەزار ساڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەمەوبەرە، کە دنیایەکی وەهمی لە سەرووی دنیای ماددیی بۆ خۆی وێنا کردووە، بەلام دوای مردنی جەستەی، سێبەرەکەیشی نامێنێتەوە."

"لە مەبەستەکەی من تێنەگەیشتیت. من باوەڕم بە ڕۆحێکی ڕەها و سەربەخۆ نییە، کە دوای مردنی جەستە بتوانێت ژیانێکی سەربەخۆی هەبێت بەلام کۆی ئەو خەسلەتە مەعنەوییانەی، کە کەسایەتیی هەموو کەسێک و هەموو بوونەوەرێک پێک دێنن، ئەوە ڕۆحی ئەوە. پەپوولەیش خاوەنی هەندێک تایبەتمەندیی ماددی و ڕۆحییە، کە هەموویان بوونایەتیی ئەو پەپوولەیە پێک دێنن. مەگەر بیر و هزرەکانی ئێمە بەشێک لە سروشت نییە و وەک چۆن جەستەمان ئەو ماددانەی کە لە سروشتەوە وەری گرتوون لەدوای مردن ڕادەستیان دەکاتەوە، ئەی کەواتە بۆچی ئەو بیر و هزر و ویناکردنانەیش، کە لە سروشتەوە وەرمان گرتوون لەناو بچن؟ ئەم بیر و هزرانەیش دوای مەرگ دادەڕزین بەلام لەناو ناچن. لەوانەیە دواتر لەناو مێشکی کەسانی دیکەدا وەک وێنەی فۆتۆگرافی کاریگەری جێ بهێڵن. وەک چۆن زەڕڕەکانی جەستەی ئێمەیش دەچنە ناو جەستەی کەسانی دیکەوە."

"مادام وایە دەبێت وەرزێکی نوێ بە دەروونناسی یان تیۆلۆژیای کۆن زیاد بکەیت. من هیچ پەیوەندییەک لەنێوان ئاوێنە و جسمێکدا، کە ڕەنگدانەوە دەکەوێتە سەری نابینم. ئەگەر دەتەوێت ناوی ئەمە بنێیت ڕۆح، باشە من لاریم نییە، بەلام بە باوەڕی من، چونکە هونەرمەند لەچاو خەڵکانی دیکە هەستیارترە و باشتر لەوانی تر ڕەهەندە ڤیزەونەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و پێداویستییەکانی ژیان دەبینێت، بۆ ئەوەی ڕێگەیەکی دەربازبوون بدۆزێتەوە و خۆی هەڵبخەڵەتێنێت، ژیان بەو جۆرە لە بیر و هزریدا وێنا دەکات کە دەیەوێت، نەک بەو جۆرەی کە هەیە. بەڵام ئەمە پەیوەندیی بە ڕۆحەوە نییە و لە نەخۆشییەک زیاتر هیچی تر نییە."

"ئەمەیش گریمانەیەکە."

"چونکە هونەرمەند لەچاو خەڵکی تر ئازاری زیاتر دەچێژێت و ئەمەیش بۆخۆی جۆرێکە لە نەخۆشی. مرۆڤی تەندروست و ئاسایی، دەبێت باش بخوات و باش بخواتەوە و باش خۆشەویستی بکات. خوێندنەوە و نووسین و بیرکردنەوە، هەموو ئەمانە نەگبەتین. هەموویان نەگبەتی بەدوای خۆیاندا دێنن. هەرچیپەرچییەکان زۆر عاقڵن، کە دەڵێن دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سروشت، مرۆڤ تا لە سروشت دوورتر بکەوێتەوە چارەڕەشتر دەبێت، هەتاوی ئاڵتوونی، کانییە درەوشاوەکان، میوە بەتامەکان، هەوای سازگار..."

"پیرۆزباییت لێ دەکەم، بوویت بە شاعیریش!"

"لەو ڕۆژەوەی تۆم خۆش ویستووە، لەو کاتەوەی دڵدۆڕاوی تۆ بوومە هەموو شتێک بە بەرچاومەوە جوان دەنوێنێت. تەنیا تۆم لە بەردەستدا نەبوویت، بۆیە وازم لە هەموو ئیشوکارەکانم هێنا و یەکسەر هاتم بۆ لات."

"ئۆهـ چ دڵەخورپەیەک! چەند شاعیرانەیە! پێویست بەو هەموو پێشەکییە ناکات، بۆچی هێندە بەشاراوەیی قسە دەکەیت؟ بۆچی لە پەردەدا قسە دەکەیت؟ ئەمە خووی خەڵکی سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر بوو، پێدەچێت خۆشەویستییەکەیشت خۆشەویستیی ئەفلاتوونی بێت؟"



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"نەخێر، مەبەستم نە لە خۆشەویستیی خۆم و نە لە خۆشەویستیی دیتران نییە. بەو جۆرەی کە خۆم هەستی پێ دەکەم، بەو جۆرەی کە خۆم دەمەوێت. دەمەوێت خۆتم لێ دوور بگریت، بەتەما نەبووم ئەم بابەتە باس بکەم بەڵام ئێستا کە دنیا کۆتایی دێت، ئێستا کە ڕەگەزی مرۆڤ بەیەکجاری لەناو دەچێت، ئێستا هاتووم تا ئەمەت پێ بڵێم."

"زۆر سپاس، بەڵام ئەوەیش بزانە کە زۆر منداڵیست... منداڵێکی لووسکەیت! تۆ چێژ لە ئازاری خودی خۆشەویستی دەبینیت نەک لە خۆشەویستیی من. ئەوە ئازاریی خۆشەویستییە کە تۆی کردووە بە کەسێکی هونەرمەند. ئەگەر دەتەوێت تاقیی بکەیتەوە، وا من ئێستا ئامادەم. ئەمەش قەرەوێڵەی نووستن." ئاماژەی بۆ قەرەوێڵەکە کرد.

"تکات لێ دەکەم ئەوەندە دڵڕەق مەبە لەگەڵم. تکات لێ دەکەم ئیتر درێژەی پێ مەدە. نامەوێت قسەکانت پێ ببڕم. دانی پێدا دەنێم کەسێکی زۆر کۆنم. خۆزگە وەک جاری جاران شەرابم بخواردایەتەوە و بهاتمایە ناو کۆڵان و لەپشت پەنجەرەی ماڵە قوڕینە نزمەکەدا، لە بەردەم چراکەدا سێبەری تۆم ببینیبایە و هەر لەوێ هەتا بەرەبەیان لەپشت پەنجەرەکەوە خەو بیبردمایەتەوە."

"وە لەپشت پەنجەرەکەوە سێبەری منت لەگەڵ پیاوێکی تردا ببینیایە، کە خەریکی دەستبازی و دەستلەملانێین!"

"ڕێک ئەمەم دەوێت."

"نەخێر، تۆ بەهەڵەدا چوویت. ئاخۆ هەرگیز منت بە خەون بینیوە؟"

"بۆچی نا، تەنیا جارێک و دیارە ڕقم لە خۆم بووەوە."



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"ڕیک بەو جورەی کە منت لە خەوندا بینیوە، بە هەمان شیوە منت دەویت. دیارە ئەوەیش هەمان شتە ڕاستەقینەکە بووە و تو بەهەڵەدا دەچیت. هەر ئەم شەهوەتە کوژراوەیە، کە بەم شیوەیەی لی هاتووە."

خەونم بینی تۆم کوشتووە و تەرمەکەتم باوەش گرتووە."

"دیسانەوەیش من ئامادەم. دەتوانیت خەوەکەت بکەیت بە ڕاستی."

"ئاخ، چ سەردەمیکی نەگریسە!"

"بە پیچەوانەوە، چەند سەدەیەک شارستانیەتیی نزم ئەمەی بە شتیکی خراپ زانیوە. تاقمیک خەلکی نەخوش و شەهوەتپەرست بو سوودی تاکەکەسیی خویان و بو پاوانکاری، خوشەویستییان گەیاندبووە ئاسمان. ئەمڕو سەرلەنوی گەڕاوەتەوە بو سروشت و ڕەوتی ئاسایی و سروشتیی خوی بڕیوە. جیا لەوەیش عادات و چیژەکان گوراون. ئەمرو ژن وەرزکەرە و مەی ژانەسەری بەدواوە دەبیت."

"ئاخ ئەمە سەردەمیکی نەگریس و بیشەرمە تیایدا دەژین! ئیستا دەزانم کە تەفروتووناکردنی ڕەگەزی مروڤ ژیرانەترین بڕیاری ئەم سەردەمەی ئیمەیە، بەلام بەگشتی مروڤ لە ناخەوە هەمیشە وەکو یەک وا بووە؛ یەک شیوە هەست و یەک شیوە بیرکردنەوەیشی هەبووە. لەم ڕووە مروڤی ئەمرو هیچ جیاوازیی لەگەل مەیموونی بیست هەزار سال لەمەوبەردا نییە، بەلام شارستانیەت لە ڕووی ڕوالەتەوە هەندیک گورانکاری تیدا هیناوەتە ئاراوە. هەرچیپەرچییەکان ڕاست دەکەن، کە پشتیان لە شارستانیەتی مروڤ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کـردووه و شـەقیان تـێ هەڵـداوە، چونکـە بـەم میراتـە چەنـد ملیـۆن ساڵەشـمانەوە، مـرۆڤ هەمیشـە بـە بینینـی دارسـتان و سـەوزەلانی و گـوڵ و بولبـول، چیـژی زیاتـر وەر دەگریـت وەک لـە بینینـی ئـەو کۆشـکانەی، کـە بـە بیـر و ئەندیشـە مۆدێرنەکانـی خـۆی بینـای کـردوون. چونکـە مـرۆڤ بـە ملیۆنـان سـاڵ لەژێـر لقوپۆی دارەکانـدا نووسـتووە و هەسـتی بـە ئارامـی و ئاسـوودەیی دارسـتان کـردووە. بەرەبەیـان بـە جریـوەی باڵنـدەکان بەخەبـەر هاتووەتـەوە و شـەوانی مانگەشـەویش تەماشـای ئاسـمانی کـردووە و ئێسـتایش بێبـەش بـوون لـەم چێژانـە و دوور کەوتنـەوە لـەو سروشـتەی کـە بـەم شـێوەیەی ئەمرۆی لـێ کـردووە. بـۆ نموونـە مـن چێـژی زۆر لـە مانگەشـەو دەبینـم و هەرکاتێـک لـە مانـگ دەڕوانـم پێـم وایـە هەمـوو باووباپیرانیشـمان بەدەم تەماشـاکردنیەوە بیریـان کردووەتـەوە و گریـاون و مانگـی سـارد و کەمتەرخەمیـش بـە ئاسـمانەوە دەر کەوتـووە و ئـاوا بـووە، وەک بڵێـی یادگارییەکانـی تێـدا جـێ مـاوە. مـن چێـژی زیاتـر لـە مانگەشـەو دەبینـم وەک لـە باشـترین گڵۆپەکانـی دەسـتکردی دەسـتی مـرۆڤ. سـەرچاوەی هەمـوو داهێنانەکانـی مـرۆڤ و دەرەنجامـی بیرکردنەوەکانـی، دەگەڕێتـەوە بـۆ هەمـان هەسـتەبۆماوەییەکانی. ئـەی بۆچـی خۆشەویسـتی، کـە یەکـەم پێویسـتیی سروشـتیی مـرۆڤ بـووە، لـە دەرەوەی ئـەم یاسـایەوە بێـت؟"

"لۆژیکێکـی جوانـە! تـۆ دەبێـت ئـەم قسـانە لـە ڕادیـۆدا بکەیـت تـا هەمـووان سـوود وەر بگـرن! بـەلام خۆشەویسـتی نـە نزمتـر و نـە بالاتـرە لـە پێویسـتییەکانی دیکـە. پێویسـتییە سروشـتییەکانی وەک خـواردن و نووسـتن. ئەمڕۆ خۆشەویسـتی و شـانۆ لێـک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جیا بوونەتەوە. تو کابرایەکی کونیت، ترسنوک و نابویر. برو چارەسەری خوت بکە!"

"من دەزانم تو ئەوەندە شیلگیر و بەئیرادە نیت کە خوت دەر دەخەیت، کەواتە بوچی منت پەسەند نەکرد؟ بوچی هەر جارە کە مەیلم بو تو نواند وەلامی نات پی دامەوە؟ بەلام ئیستا..."

"چونکە چیژی زیاترم لە کارەکەی خوم دەبینی وەک لە خوشەویستیی تو."

لەم کاتەدا لە ژووری ستودیووە دەنگی بەرنامەی هەوالەکانی شەو هاتە گوی. تید بەحەپەساوییەوە وتی، "گوی بگرە، لەوانەیە هەوالیکی گرینگ بیت."

"من ئیتر بەدەست ئەم هەوالانەوە وەڕەز بوومە. با هەرچی زووترە کوتاییی پی بهینن و هەم خویان و هەموو خەلکی تریش ئاسوودە بکەن."

"نەخیر، پەلەی چیتە؟ ئەمەیش خوی جوریکە لە رابواردن."

تید دەستی سوسەنی گرت و چوونە ناو ژووری ستودیو. سوسەن پەنجەی بە دوگمەی تەنیشتی تەلەڤزیونەکەدا نا. شاشەکە سەرەتا چەند رەنگیکی گوری و پاشان لیی نووسرا، "تاقیگەی پروفیسور راک." سوسەن دەستی خستە سەر ملی تید و چەند هەنگاویک لە دوورەوە بەدیار تەماشاکردنی تەلەڤزیونەوە بە پیوە وەستان.

پیاویک لە شاشەکە دەر کەوت، کە لەپشت میزیکی گەوردەوە دانیشتبوو. چەند بورییەکی شووشە و بریک دەرمانی لە بەردەمدا بوو. سەرەتا چاوی برببووە کاغەزیک. پاشان سەری هەلبری و هیمن و لەسەرخوی وتی، "ئەمرو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بیست هەزار ساڵ دەبێت، کە مرۆڤ لەسەر زەوی دەژی و بە درێژایی ئەم ماوەیەش هەوڵی داوە کەموکوورییەکانی سروشت چارەسەر بکات و هۆکارێکی لۆژیکی بۆ ژیان بدۆزێتەوە. ئەمڕۆ هەموو بیروباوەڕەکان و ئایینەکان و هەموو گریمانەکانی مرۆڤ هەڵسەنگێندراون و تاقی کراونەتەوە بەڵام هیچکامیان نەیانتوانیوە مرۆڤ بەختەوەر و ئاسوودە و دڵخۆش بکەن. ئەمڕۆ سەرەڕای ئەوەی، کە هەموو هێزەکانی سروشت دەستەمۆی مرۆڤن، هەر لە بەرزایی ئاسمانەکانەوە بگرە هەتا قووڵایی ناو دەریاکان، ئیتر هیچ نهێنییەکی بۆمان نەهێشتووەتەوە و گەلێک سوودی فرەچەشن لەو هێزانەی چواردەورمان دەبینین، لەوانە: بەکارهێنانی ئاو و تیشکی هەتاو. ئەمڕۆ سەرەڕای ئەوەی، کە مرۆڤ هەموو جۆرە پێداویستییەکی ژیانی لە بەردەستە، هەر لە خۆراک و جلوبەرگ و خانووەوە بگرە هەتا شەهوەت و گەشت و سەیران و رابواردن؛ هەمان ئەو شتانەی کە باووباپیرە ساویلکەکانمان خۆزگەیان بۆ دەخواستن و بەهەشتی ناو هزر و بیری خۆیان بەگوێرەی ئەو شتانە وێنا دەکرد؛ ئەمڕۆ لە سایەی زانست و هەوڵ و تەقەلالای مرۆڤەوە هەموو ئەم شتانە لە بەردەستماندان. سەرما، گەرما، پیری، شێتی، نەخۆشی، جەنگ، کوشتوبڕ، ململانێی نێوان چینوتوێژەکان و تەنانەت هەموو جینایەت و دزییەکان لە ڕێگەی پێشکەوتنی زانستەوە لەناو چوونە و زانست چۆکی بە هەموو دوژمنانی مرۆڤ داداوە. بەڵام نەهامەتییەکی دیکەیش هەیە و ئەویش ئەوەیە کە بیری خەڵکیش بە هەمان ڕادە پێش کەوتووە. سی هەزار ساڵ لەمەوبەر مرۆڤێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاسایی هیندەی مەمرە و بژی پارەی پەیدا دەکرد. ژنیک، خانوویەک و بریک خورافەی هەبوو و هیچی تر بەڵام بەوانەیشەوە بەختەوەر بوو و نوقمی ناو ئەو ژیانە قیزەون و چلکنەی خوی بوو و بەوەیشەوە هەتا روژی مردنی سوپاسی خوای دەکرد. زانست ئەمرو هەزارقات باشتر و زیاتر لەو ژیانە پر لە تەمەلی و خوشگوزەرانییە بو مروڤ دابین دەکات. ئەمرو لەژیر چاودیریی چاوە ئەلیکترونییەکان و لەناو خانووە پلاستیکییەکاندا بە کەمترین کات ملیونان خەروار میوە و گەنم و سەوزە و خوراکی پروزەی ئیرزاتز[1] کە لە سلولزی درەختە گەرمەسیرییەکانەوە هەڵدەهینجریت، بەرهەم دەهینریت و یەک دنیا ئەرک و ماندووبوونمان لەکول دەکاتەوە. ئەمرو بە یارمەتیی ئامیرە کاردبابییەکان و میتودە زانستییەکان لوکە و خوری و ئاوریشم بەرهەم دەهینریت و دەبیت بە قوماش و هەموو خەلکیش بەبی دانی هیچ پارەیەک یان ئالوگورکردنیک بەکاری دەهینن. لاویتیی هەتایی، ئەم هیوایەتە دیرینەی مروڤ ئەمرو هاتووەتە دی و کەموکورتییەکانی دەموچاو چارەسەر دەکریت. تەمەن لەرادەبەدەر هەڵکشاوە و ژن و خوشەویستی بو هەمووان دەست دەدات. دژەمیکروب[2] هەموو نەخوشییەکانی لەناو بردووە، زەوی بو مروڤ زور بچووک بووەتەوە و بە خیراییەکی سەرسوورهینەردەوە دەتوانیت هەموو زەوی لە کەمترین ماوەدا ببریت. پەیوەندیمان لەگەڵ ئەستیرەکاندا دامەرراندووە. کوا سروشت خوی چیی بە مروڤ بەخشیبوو؟

---

1 – Ersatz

2 – Bacteriphage



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیچ. گەرما و سەرما و برسیتی و نەخۆشی و پیری و بەگژداچوونەوەی توخمەکان. مرۆڤ ئەمرۆ ململانێکەی بردووەتەوە و بە هەموو ئەو شتانە گەیشتووە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هیوای بۆ دەخواستن.

"بەلام لە هەموو ئەم پێشکەوتنانە گرینگتر، گەورەترین سەرکەوتنی مرۆڤە، واتە سەرکەوتن بەسەر خوراڤە و مسوگەرکردنی ئازادیی بیرکردنەوە و حەقیقەت و هەروەها پێشکەوتنی هزرە لە چین و توێژە جۆراوجۆرەکاندا. ئەمرۆ چیتر کەس پێویستی بە چەنەبازی و بەکارهێنانی وشەگەلی زل و زەبەلاحی بۆش نییە و کەس ناتوانێت خۆل بکاتە چاوی خەلکەوە. پێشکەوتنی زمانی زانستی، بە گرینگترین پێشکەوتنی مرۆڤ دێتە ئەژمار چونکە زمانی زانستی، سادە و ڕاشکاو و ڕاستەوخۆیە، بەرییە لە هەموو جۆرە چواندن و میتافۆری ناشیرین و لووسکە و ناتوانرێت بە سێ سەد جۆر ڕاڤە بکرێت. بمبورن سەرتانم ئێشاند. دیارە هەمووان ئەم بابەتانە دەزانن و پێویستی نەدەکرد منیش دووپاتەیان بکەمەوە. کەواتە مرۆڤ ئەمرۆ دەبێت خۆی بە بەختەوەرترین مرۆڤی هەموو چاخ و سەردەمەکان بزانێت. ئایا لەوە زیاتر چیی دەوێت؟

"بەلام هەر ئەم پێشکەوتنی فکرە و هەر ئەم کرانەوەی چاوی خەلکەیە کە بەدبەختی کردوون. سەرەڕای هەموو ئەم پێشکەوتنانە، خەلک زیاتر لە جاران نارازین و ئازار دەچێژن. ئەم ئازارە فەلسەفییە ئەم ئازارە کە خەیام[1] سێ هەزار سال

---

١ - شاعیری ئێرانی سەدەی پێنجەمی کۆچی، کە چوارینە فەلسەفییەکانی بەناوبانگن. (و. ک.)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەمەوبەر درکی پێ کردووە و وتوویەتی، "ئەوانەی وا لەدایک نەبوونە، ئەگەر بزانن ئێمە بەدەست گەردوونەوە چ ئازارێک دەچێژین، هەرگیز نایەنە ئەم دنیایەوە."

دەبێت چارەسەرێک بۆ ئەم ئازارە بدۆزینەوە، چونکە دەبێت دانی پێدا بنێین، کە لەم ڕووەوە هیچ جیاوازیمان لەگەڵ ئەو سەردەمەدا نییە و ئەمڕۆیش دەتوانین لەگەڵ خەیامدا بڵێینەوە. ژیانی تاریک و بێئامانج خەڵک بەرەو ئەنستیتوتی دی تانازی[1] پەلکێش دەکات و خۆکوشتن بووەتە دیاردەیەکی گشتگیر. تەنانەت دەتوانرێت بەبێ هیچ زێدەبێژییەک بووترێت کەس بە مەرگی سروشتی نامرێت. کەواتە نە زانست و نە باوەڕە جۆراوجۆرەکان و نە گریمانە فەلسەفییەکان نەیانتوانیوە ئازارە ڕۆحییەکانی مرۆڤ کەم بکەنەوە. ئایا پێویست دەکات هەڵی بخەڵەتێنین و وەک چەند هەزار ساڵ بەر لە ئێستا خۆڵ بکەینە چاوی خەڵکەوە؟ بەڵام بەختەوەرانە ئەم بیرە گەنیو و دارزیوە ئەمڕۆ لە یادەوەرییەکی مێژوویی زیاتر هیچی لێ نەماوەتەوە. ئایا زەوی و هەتاو ڕۆژێک لە ڕۆژان لەناو ناچن؟ بەگوێرەی لێکۆڵینەوە ئێجگار وردەکانی پرۆفیسۆر رەوانشید، تا سێ هەزار و پێنج سەد ساڵی دیکە زەوی بەیەکجاری سارد دەبێتەوە و هەتاویش وزەی کەم دەبێتەوە، بە جۆرێک کە ژیانی هەموو بوونەوەرێک دەکەوێتە مەترسییەوە و دوو هەزار ساڵی دیکە زەوی بەتەواوەتی دەکوژێتەوە. کەواتە ئەمە دواسەرکەوتنی مرۆڤ دەبێت، کە کوێرانە خۆی ڕادەستی هێزە نادیارەکانی سروشت و ڕووداوەکانی نەکات، چونکە هێندە ئازا و چاونەترس

---

1 – Institute d' Euthanasie



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بووەتـەوە، کـە دەتوانیـت بـە حـەز و ویستی خـوی، خـوی لـە مەرگیکـی هەتاییـدا نغـرۆ بـکات. دوایـیـن سـەرکەوتنی مـرۆڤ، ڕزگاربوونـی دەبیـت لـە کوتوبەنـدی پیداویسـتییەکانی ژیـان، واتـە توانـەوە و لەناوچوونـی ڕەگەزەکـەی لەسـەر زەویـدا.

"لە کۆنگرەیەکی ئەم دواییانەدا کە لە شاری M3 بەڕیوە چـوو، دوازدە هـەزار زانـا و بیرمەنـدی هەمـوو شـوینەکانی دنیـا دەنگیـان بـو ئـەوە دا، کـە ئـەم پڕۆژەیـە جێبەجـی بکریـت و زورینـەی خەلکـی دنیـاش ڕەزامەنـدیی خویـان دەر بـڕی بـو لەناوچوونـی تەواوەتـی ڕەگـەزی مـروڤ لەسـەر زەویـدا. ماوەیـەک لەمەوبـەر هـاوکاری بەڕیـزم پروفیسـور شـوک پیشـنیاری کـرد هەمـوو خەلـک لـە شـارە گەورەکانـدا کـو بکەنـەوە و بـە وزەی ڕادیوزیـل[1] لەناویـان بـەرن. پروفیسـور هـوپ پیشـنیاری کـرد بـە هوپومیـت[2] خەلکەکـە لەنـاو بـەرن. بەلام پروفیسـور شیدو پیشـنیاری کـرد بـە ڕەنگـی خنکینـەر[3] خەلکەکە بکوژن. دکتور بالد لەو باوەڕەدا بوو، کە بە وزەی ئـوزوژن[4] هەمـووان بخنکینـن، تـا ئـارام و ئاسـوودە بمـرن و بەگویـرەی سـەرژمیرییەکەی ئـەم دوایییـەی ئەنسـتیتوتی دی تانـازی، لـەم ماوەیـەدا ڕوژانـە زیاتـر لـە بیسـتوپەنج هـەزار کـەس خویـان کوشـتووە بـو ئـەوەی لـە زەجـر و کوشـتاری بەکومـەل ڕزگاریـان بیـت. کەواتـە وەک دەبینیـن هەمـوو ئـەم ڕیگەچارانـەی کـە پیشـنیاریان کـردوون دلڕەقانـە و دڕندانـەن، جگـە لەوەیـش کـە دەرەنجامـی لیبروانـەی لـی ناکەویتـەوە،

1 – Radiosile

2 – Hopomit

3 – Fatal Coulour

4 – Courant ozogene



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەبریی ئەوەی کە ئیشوئازاری سەر ڕووی زەوی بسڕنەوە، بە پێچەوانەوە خراپتر و زیاتری دەکەن. ڕەنگە بڵێن ئەم ئیشوئازارە تەنیا بۆ جاریکە و ئیدی دەبڕێتەوە، بەڵام شتێک کە گرینگە ئەوەیە، کە هەر ئەم خەڵکە زیندووەی ئەمڕۆن کە لەبیریان کردووە. کەواتە دەبێت مشووریکیان بۆ بخوریت و ڕیگە لە ئازارچەشتنیان بگیریت. جیا لەوەش، لەوانەیە دوای ئەو هەموو وردبینییەش بە مەبەستی هەڵاتن لە ئیشوئازار، تاقمیک گیان دەرباز بکەن و دیسانەوە زەوی وەک خوی لی بێتەوە. دیارە ئیمە مەبەستمانە ئیشوئازاری سەر ڕووی زەوی بەیەکجاری لەناو بەرین، نەک ئەوەی کە زیاتری بکەین. ئیستا من پێشنیاریکی تریش دەخەمە پاڵ پێشنیارەکانی تر کە دوای بیست ساڵ ئەزموون و تاقیکردنەوە پێی گەیشتووم. ئەویش بریتییە لە سیرومیکی تایبەت بە ناوی سیرومی گیگان لەیبس لایدن شافت[1] چونکە ناوەکەیشی دووروودرێژە وا باشترە پێی بڵێین س.گ.ل.ل. تایبەتمەندیی ئەم سیرومە ئەوەیە، کە نەک هەر ڕیگە لە زاوزێ و وەچەخستنەوە دەگریت، بەڵکو بەتەواوەتی مەیل و حەزی شەهوەت لەناو دەبات، بەبی ئەوەی کە هیچ زیانیک بە تەندروستیی جەستە و فکری تاکەکان بگەیێنیت. کەواتە بەکارهێنانی ئەم سیرومە باشترین ڕیگەیە بۆ پووچەڵکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی ڕەشۆکی، کە مل بە مەرگی گشتی نادەن، بەڵام بێگومان کەسانی نوخبە و شایستە بەگوێرەی فەلسەفەی، Suicide of the fittest دەجووڵێنەوە. ماوەی بیست ساڵە ئەم سیرومەم بۆ مرۆڤەکان و گیانەوەرانی دیکە تاقی کردووەتەوە و هەمیشە

---

1 – Serum gegen Liebes leiden schaft



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەنجامی ئەرێنی لێ کەوتووەتەوە. وا باشترە بەرلەوەی ئەم سیرۆمە بە کردەوە و بە بەرچاوی ئێوەوە تاقی بکەمەوە چەند نموونەیەکی زیندووی سیرۆمەکەتان پێ نیشان بدەم."

لەم کاتەدا پرۆفیسۆر ڕاک لەپشت مێزەکەیەوە هەستایەوە و پەنجەی بە دوگمەی کارەباییی دیواری ژوورەکەوە نا و دیوارەکەیش ڕۆیشتە دواوە و لە ژوورەکەی تەنیشتیدا پیاوێکی لاو دەر کەوت، کە ڕووتوقووت لەسەر کورسییەک دانیشتبوو و لە پەنجەرەکەوە بۆ دەرەوەی دەڕوانی. ژنێکی جوانی سەرتاپارووتیش لەتەنیشتیدا دانیشتبوو. پرۆفیسۆر ڕاک ئاماژەی بۆ پیاوەکە کرد و وتی، "تکاتان لێ دەکەم، کاریگەریی سیرومی (س.گ.ل.ل)م بۆ باس بکەن لەسەر خۆتان."

پیاوەکە هەستایەوە و وتی، "من پیاوێکی ئێجگار شەهوەتپەرست بووم و هەموو کاتی خۆمم بۆ تەرخان کردبوو. چەندین جار نەشتەرگەریم بۆ کرا و تیشکی Rayon Vb م تاقی کردەوە، بەلام هیچ نەگۆڕام. دوای بەکارهێنانی س.گ.ل.ل ئێستا ئیتر بەیەکجاری لەو مەیل و ڕەغبەتەی کە هەمیشە پالی پێوە دەنام ڕزگارم بووە. من بۆ ئەم ژنە ئاماژەی بۆ ژنەڕووتەکە کرد دەمردم و حەزەکەیشم شەهوەتی پەتی بوو و هیچی تر، بەلام ئێستا تەنیا هاوڕێی ئاساییین. من ئێستا ناتوانم بڵێم کەسێکی سیاچارەم، بە پێچەوانەوە ئارامی و ئاسوودەیییەکی بێوێنەم تێدا هاتووەتە ئاراوە و وەک ئەوە وایە بە هەموو هیوا و ئاواتەکانم گەیشتبم. ئیتر بارودۆخی سەر ڕووی زەوی و خۆشەویستیمان بەلامانەوە شتێکی پڕوپووچ و بێمانایە. هەرچۆنێک بێت، دەبێت من سوپاسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پرۆفیسۆر ڕاک بکەم، کە ئەم ژیانە ئارامەی پێ بەخشیم."

پرۆفیسۆر ڕاک درێژەی پێ دا، "ئێستاش نموونەیەک لە هەزاران نموونەی دیکەتان پێ نیشان دەدەم. ئێستا مەیموونی Anthropopitheque دەبینن کە باوەگەورەی بەڕێزی مرۆڤە!"

دەرگایەکی دیکەی کردەوە و چووە ناو دالانێکەوە و پەنجەی بە دوگمەیەکی دیکەدا نا و دیوارێکی تر کرایەوە. ژوورێک دەر کەوت کە دوو مەیموونی گەورەی نێر و مێی تێدا بوو. یەکێکیان وەک خەمۆک لەسەر قەرەوێلەیەک ڕاکشابوو و ئەوی دیکەیشیان دەستی نابووە ژێر چەناکەی و لەسەر کورسییەک بۆی پاڵ کەوتبوو. پرۆفیسۆر ڕاک وتی، "ئەمە نەوەیەکی ونبووە، کە ئێمە بە پشتبەستن بە کەرەستەگەلی زانستی و بە تێکەڵکردنی خوێنی چەندین جۆر مەیموون دروستمان کردووە و نوێنەری زنجیرەی ونبووی ئەژدادی مرۆڤە. ئێستا ڕێگەم بدەن من لەجیاتیی ئەم ژن و مێردە بێزمان و شەهوەتە بدوێم. ئەمان ئێستا هیچ حەز و داواکارییان نییە و یازدە ساڵە بیر و هۆشیان هیچ نەگۆڕاوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەمەوێت بڵێم، بیریان وردتر بووەتەوە. تەندروستییان ڕووی لە باشتربوونە، بەڵام تەنیا حەز و شەهوەتیان تێدا کوژراوە. ئیتر لە جرتوفرت کەوتوونە. لەشیان گران بووە و ئازاریان بۆ کەس نەماوە و ئێستایش پێکەوە نانی نیوەڕۆ و ئێواران لەسەر مێزێک دەخۆن. کەواتە وەک دەبینن، سیرۆمی س.گ.ل.ل جگە لەوەی کە ئارامی لە تاکەکاندا دێنێتە ئاراوە لە ڕووی جەستە و فکریشەوە هیچ زیانێکی نییە، بەڵکو تەنیا ڕێگە لە لەدایکبوونی نەوەی دواتر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەگریت، کەواتە لەدوای ئەم نەوەیەی ئێستاوە کەسی دیکە لەدایک نابێت و هێدی هێدی ڕەگەزی مرۆڤ لەناو دەچێت.

"جا ئێستایش کاریگەریی سیرومی س.گ.ل.ل بەسەر گیانەوەران و تەنانەت ڕووەکەکان و خانەکانی لەشدا نیشان دەدەم و پاشانیش زانایان و بیرمەندە گەورەکان ڕای خۆیان لەبارەیەوە دەڵێن."

تید دەستی سۆسەنی گرت و بۆ لای خۆی ڕای کێشا و وتی، "بەسە ئیتر، بەسە ئیتر..."

سۆسەن پێچی تەنیشت شاشەکەی سووڕاند. دەنگی خرەخرێک بەرز بووەوە و پچڕا. تید وتی، "سووسوو! سووسی گیان ئەوە چی دەڵێیت؟ هەموو ئەمانە شێتی نییە؟"

"ئەمە ئەوپەڕی عەقڵە."

"بزانە ئێمە لە چ سەردەمێکدا دەژین. خۆشەویستی و هاوڕێیەتی و حەز و هەموو ئەمانە لەناو چوونە و بوونەتە بڕێک وشەی پڕوپووچ. من ناتوانم ئەم دەموچاوە سارد و بێجووڵانە، ئەم دەموچاوانەی، کە لە تەختە دروست کراون ببینم. بەڕاستی مرۆڤ شێت بووە و لە پرۆسەیەکی شێتانە و لووتبەرزانەدا خەریکە کۆرپەلەی پیرۆزی مرۆڤ بەیەکجاری لەناو دەبات."

"ئەی هووو! وا ئێستا بەیەک گەیشتین. کۆرپەلەی پیرۆز! چ خەسڵەتێکی نامۆیە! تۆ هەر ئێستا ڕەخنەت لە من دەگرت، کە بۆچی ئەو پەیکەرەی دروستم کردووە لەوانەیە بڵێین ڕۆحی هەیە، ئێستا خۆت باسی کۆرپەلەی پیرۆز دەکەیت؟ بە پێچەوانەوە، چ سەرکەوتنێکی گەورە دەبێت ئەگەر ئەم کۆرپەلە پیرۆزە بە هەموو جینایەتەکانی و ئازارەکانی و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جوانییەکانی و گەمژەییەکانیەوە لەناو بچێت. زەوی ملیۆنەها ساڵ بەئارامی و ئاسوودەیی بەدەوری خۆیدا سووڕایەوە. تەمەنی مرۆڤ بەراورد بە تەمەنی زەوی، هەر حیساب ناکرێت و ئاژاوە و پشێویی سەر رووی زەوی رێک لەو رۆژەدا دەستی پێ کرد، کە مرۆڤ تیایدا سەری هەڵدا. تەنگی بە هەموو بوونەکانی تر هەڵچنی. ئارامی و ئاسوودەیی سروشتی تێک دا. لێ بگەڕێ با دیسانەوە ئەو ئارامییە بگەڕێتەوە بۆ زەوی."

"بەڵام بەم شێوازە دڕندانەیە؟"

"تۆ پێت وایە مەیلی مەرگ لاوازترە لەچاو مەیلی ژیان؟ هەمیشە خۆشەویستی و مەرگ پێکەوە بوون. هەمیشە مرۆڤ لە هەمان کاتدا، کە بە ناوی جەنگ و ململانێوە هەوڵی داوە، لە ڕاستیدا خوازیاری مەرگ بووە. ئەمرۆ ئیتر ڕزگاری بووە و سەرەڕای ئەوەی کە هەموو کەرەستە و پێداویستییەکانی ژیانی بۆ دابین کراوە، بەڵام بەو حاڵەیشەوە هێشتا مەیلی مەرگ لە ناخی مرۆڤدا نەکوژاوە، بگرە بەهێزتریش بووەتەوە و وەک جۆرە بیرکردنەوەیەکی ئۆتۆماتیک و گشتی لێ هاتووە، بە جۆرێک کە هەموو خەڵک بەوپەڕی تامەزرۆییەوە هیوای مردنێکی بەکۆمەڵ دەخوازن و لەپێناوی مردندا دەجەنگن. The Struggle for Death ئەمە دەرەنجامی لۆژیکییانەی بوونی مرۆڤە."

"من خەریکە شێت دەبم. سووسوو گیان! سووسی گیانەکەم! من ئێستا دەڕۆم، بەڵام یەک وشە، تەنیا بە یەک وشە وەڵامم بەرەوە. تۆ نازانیت ئەم تاکە وشەیە کە تۆ بە پڕوپووچی دەزانیت، لای من چ نرخ و بەهایەکی هەیە! یەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وشـه بڵـێ خۆشـم دەوێیت یـان ڕقـم لێتـە و تـەواو. جنێـوم پـێ بـدە، لـە ژوورەکـەت دەرم بکـە، بـەڵام ئەوەنـدە بێدەنـگ و خەمسـارد و بێمەبـاڵات مەبـە. مـن دەزانـم هەمـوو ئەمانـە ڕواڵەتیـن و دڵ و دەروون و هەسـتەکانی مـرۆڤ هەرگیـز ناگۆڕێـن. ئەگـەر مـرۆڤ ڕۆژێـک توانیبـای ڕێـڕەوی خولگـەی زەوی بەدەوری هەتـاودا بگۆڕێت، ئەگـەر خۆی گەیاندبایـە بـە هەسـارەی سیریووسـیش[1]؛ هـەر هەمـان ئـەو مرۆڤـە لاواز و ترسـنۆک و دڵناسـکەی جاران دەبوو. ڕوانینە خەمناکەکانی ئەو مەیموونـەت بینـی، کـە چەنـد تـەژی بـوون لـە ڕۆح و هەسـت؟ هـەر ئەمـە ڕۆحـی بۆماوەییی مرۆڤـە. تەنیـا بـە وشـەیەک وەڵامم بـدەرەوە. جنێـوم پـێ بـدە..."

"منـداڵ، چ منداڵێکـی گـەورە! تـۆ هێشـتا مرۆڤـی دوو هـەزار سـاڵ لەمەوبەریـت. نموونەیەکـی زۆر باشـیت بـۆ مۆزەخانـەی ئەنترۆپۆلۆجی[2]. ئـەم هەمـوو کچـە جوانـە، ئـەم هەمـوو ئامێر و کەلوپەلـی ڕابواردنـە هەیـە، ئیتر چاوەڕێـی چـی دەکەیـت؟"

"هەمـوو ئەمانـە بـەلای منـەوە وەکـو یـەک وان. مـن تـۆم لەبـەر خۆشەویسـتییەکی ئاسـایی - بـەو جـۆرەی کـە بیری لـێ دەکەیتـەوە - ناوێـت. ڕۆحـم ناتوانێت لێت جیـا ببێتـەوە."

"ڕۆح؟ چەنـد گاڵتەجاڕیـت! ئێسـتا بـاش لـەوە تێدەگـەم، کـە کاریگەرییی مەیموونـە گـەورەکان - بـە وتـەی پرۆفیسـۆر ڕاک، باووباپیـرە بەڕێزەکانمـان - بڕێکـی زۆری لـە بوونـی تـۆدا وەک خـۆی ماوەتـەوە."

تێـد تـا نزیـک دەرگاکـە ڕۆیشـت. کەمێـک وەسـتا و وەک

---

1 - Sirius

2 - Anthropologie



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بیەویت شتێک بڵێت، دیسان گەڕایەوە دواوە. دەرگاکە لەخۆیەوە کرایەوە و بەهێواشیش داخرایەوە.

***

شەش مانگ تێپەڕی و سیرۆمی خنکێنەری شەهوەتیان دەرخواردی هەموو خەڵک دا، بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان کارتێکەرییەکی ئێجگار نامۆی لێ کەوتەوە، چونکە لە تاقیگەدا بڕی شلە و مەتریاڵەکانی ناو سیرۆمەکەیان بەهەڵە تێ کردبوو، بە جۆرێک کە شەهوەتی نەکوشت بەڵام ڕێگەی لە پووچەڵکردنەوەی گرت. بۆیە شێتییەکی گشتی ڕووی لە خەڵک کرد و هەمووان بە شێوازگەلی جۆراوجۆر خۆیان دەکوشت. پرۆفیسۆر ڕاکیش خۆی کوشت و شاشەی تەلەڤزیۆنەکانیش هەر، کە هەڵدەکران پڕ بوون لە خۆکوژی و جووڵەگەلی شێتانە و کارخانەگەلێک، کە دەتەقینەوە و خەڵکێک کە لە شارەکاندا کۆمەڵ کۆمەڵ دەیانقیراند، پیاوێک کە چاوی خۆی لە کاسەوە دەر دەهێنا، ژنێک کە لەناو کەللەسەری منداڵەکەیدا شەرابی دەخواردەوە یان کچێک کە لە ژوورەکەیدا گوڵ و وێنەگەلی سێکسی و شەهوەتوروژێنی کۆ کردبووەوە و خۆی کوشتبوو. سستی و لاوازی و هەستگەلی منداڵانە لە مرۆڤدا گەیشتبووە ترۆپکی خۆی. هەموو دەموچاوە ئارام و بێجووڵەکان چرچییان تێ کەوتبوو و پیر بووبوون. ئارامیی شارەکان تێک چووبوو. زۆربەی کات وزەی کارەبا دەپچڕا، ئۆتومبێلەکان بەیەکیاندا دەکێشا، دەنگی قیژە و هاوار و غەلبەغەڵب لە هەموو لایەکەوە بەرگوێ دەکەوت و بەرد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەسەر بەردەوە نەمابوو. کۆکردنەوەی تەرمەکان ئەستەم بووبوو، ئەو کوورانەی، کە تەرمەکانیان تیدا دەستووتاندن و دەیانکردنە خۆڵەمێش، بەردەوام لەکاردا بوون و سەرەڕای ئەوەیش بەشی نەدەکرد. شێوەکاران و پیشەگەران، بابەتەکانیان هەمووی شەهوەتوروژێن بوون، موسیقا هەمووی شەهوەت وروژێن، لافیتەگەلی شەهوەتوروژێن، بیر و ئەندیشەگەلی شەهوەتورووژێن. بیرمەندانیش هەموو کاتی خۆیان بۆ بابەتگەلی شەهوەت و ئەو شتانە تەرخان دەکرد. پێشهاتێکی تر کە لە شاری کانار ڕووی دا، ئەوە بوو، کە لە کێوی دەماوەندا هەندێک نیشانەی گڕکان دەر کەوتبوون. بوومەلەرزەگەلی دوابەدوای یەک ڕوویان دەدا. هەرچەند ئامێرگەلی پێشکەوتوو، پێشوەختە ڕۆژ و کاتژمێر و خولەکی گڕکانەکانیان پێشبینی کردبوو، بەڵام کەس گرینگیی بەم بابەتە نەدەدا.

ئەم گۆرانکارییانە کاریگەریی ئێجگار زۆریان لەسەر ژیانی سۆسەن دانا. دوای خواردنی سیرۆمی س.گ.ل.ل، دۆخی زۆر شپرزە بووبوو؛ ڕەنگی زەرد هەڵگەرابوو، بۆنی شەهوەتوروژێن هەموو ژوورەکەی گرتبووەوە، بەبەردەوامی گوێی لە موسیقای شەهوەتوروژێن دەگرت. لەسەر هەر مێزێکدا شووشەیەکی شەراب و پەرداخێک دانرابوو. ژوورەکەی تەواو شێوابوو و ڕێک لە ژوورێک دەچوو کە دوای تاڵانکردنی تیایدا رابوێرن و مەی بخۆنەوە و پاشان جێی بهێڵن. ڕۆژێکیان سۆسەن لە ژووری ستودیۆکەیدا لە بەردەم پەنجەرە دانیشتبوو و لە دەرەوەی دەڕوانی. باڵەخانە ئێجگار بەرزەکەی بەرامبەری تێک چووبوو و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سووتابوو و هەموو شووشەکانی شکاو و دووکەڵاوی ببوون. ئۆتۆ رادیۆ شکاوەکان ناوەناوە لە شەقامەکاندا بەر دەبوونەوە و خەڵک هەراسان و شێتانە دەهاتن و دەچوون و لە خوارترەوەیش دەنگ و هەرایەکی زۆری لێوە دەهات. شەقامە هەڵپەسێراوەکان هەموویان وەستابوون و لە باخی سەیرانگەی نهۆمی هەژدەی باڵەخانەکەوە کۆمەڵێکی زۆر خەڵک پەشۆکابوون و لێک دەئاڵان. تاقمێک نمایشیان دەکرد و تاقمێک مۆسیقایان دەژەند و سەمایان دەکرد. لەم کاتەدا کە سوسەن خەریکی تەماشاکردن بوو، دەرگای ژوورەکە زەنگی لێدا و کرایەوە. تێد بەسەرلێشێواوییەوە هاتە ژوورەوە. تێد لەم ماوەیەدا چەندین جار هاتبووە سەردانی سوسەن، بەڵام سوسەن هەموو جارێک سەرقاڵی دروستکردنی پەیکەرێک بوو کە هەر لێی دەشاردەوە، بەڵام بەڵێنی پێ دابوو کە تەواو بوو، نیشانی بدات. سوسەن سەرەتا هێندە بە تەماشاکردنی دەرەوە سەرقاڵ بوو، کە هیچ ئاگای لە هاتنی تێد نەبوو. تێد لێی هاتە پێشی و وتی، "ها! ئەوە تەماشای چی دەکەیت؟"

"تەماشای سەرکەوتنی خۆشەویستی دەکەم."

"ئێستا باوەر بە قسەکانم دەکەیت؟ ئەمە هەمان هەستی خۆشەویستی بوو، هەمان داوی سروشت بۆ زاوزێ و وەچەخستنەوە، کە سەرپاکی مەیلی ژیان و هەموو ڕاکەڕاک و شارستانیەتی مرۆڤی لەسەر بوونیاد نرابوو. ئێستایش، کە ئەم هەستەیان لێ زەوت کردووە، بزانە چۆن بەناچاری دەرەنجامی هەزاران ساڵ بیرکردنەوە و ماندووبوون و هەوڵ و تەقەللای خۆی لەناو دەبات و هێز و وزە و حەزی بەرامبەر بە ژیان لەدەستت داوە!"



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"جا چیی لەمە باشتر هەیە، کە مروڤی یاخی پشت لە هەموو ئەم یاسایانەی سروشت بکات؟ سروشتێک کە تا ئیستا کۆیلەی کردووە. لێ بگەڕێ با تێکی بدات، تێکدانیش چێژی خۆی هەیە. لەجیاتیی ئەوەی، کە سروشت دواتر هێدی هێدی و لەسەرخۆی تێکی بدات، وا باشترە مروڤ بە دەستی خۆی تێکی بدات. هەستی لەناوبردن و هەستی بوونیادنان موویەکیان بەینە."

"ئایا تۆ ئامادەیت هەموو پەیکەرەکانت تێک بشکێنیت؟"

"ئاسوودە بە، من هەموویانم شکاند و پەیکەرێکی دیکەم لێ دروست کردن. ئێستایش لە پەیکەرێک زیاتر هیچی ترم نەماوە."

"پەیکەری کرمی ئاوریشمەکەشت شکاند؟"

"ئەویش ئیتر بەلامەوە زۆر کۆن بووبوو و ئیتر چێژم لێ نەدەبینی."

"کەواتە با بڕۆین ئەم پەیکەرە نوییە ببینین. پێم وایە ئیتر ئەمڕۆ ڕێگەم دەدەیت ببینم!"

هەردووکیان هەستانەوە و چوونە ژووری کارگەکە. پەیکەرێکی گەورە بە بەرزیی مەتر و نیوێک دیار بوو، کە بە ڕووناکی سوور دەدرەوشایەوە. پەردەیەکی مەخمەلیی ئاوریشم لە پشتەوەیدا شۆڕ بووبووەوە. پەیکەرەکە دوو مێرووی گەورەی ناسک بوون، کە لێک ئالابوون. باڵە گەورە سوورەکانیان بە لوعابێکی لیلی هاورەنگی گۆشتی لەش سواغ درابوون. باوەشیان بە یەکتردا کردبوو و سەری یەکێکیان لە سەری تێد و سەری ئەوی تریشیان لە سەری سۆسەن دەچوو، کە بۆ دواوە نەویبووەوە و چاوەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داخرابوون و دەستەکانی تید بەناو جەستەیدا چەقیبوون."
تید بەسەرسوورمانەوە پرسی، "دیسانەوە میروو؟"
"ئەمە میرووە -Ephemereە کە تەنیا یەک ڕۆژ دەژی و لە جیهانی چێژ و خۆشیدا دەمریت."
"بۆچی ئەم بابەتەت بۆ ئەم دەموچاوانە هەلبژاردووە؟"
"ئەمە هەمان ئەو خەونە بوو کە بینیبووت، خەونێک کە منت خنکاندبوو و لەباوەشت گرتبووم!"
"سووسوو! ڕاستییەکەی خۆشەویستی لە ناخی مندا کوژراوە. لەوانەیە شەهوەتم مابێتەوە. بەلام دیسان پێت دەلێمەوە. کە خۆشم دەوێیت. ڕوحی تۆم خۆش دەوێت. دیسانەوە دەیلێمەوە ئەمەیش بۆ شەهوەت نییە."
"منیش تەنانەت پێش س.گ.ل.ل هەر خۆشم ویستوویت و بەئەنقەست ئازارم دەدایت. دانی پێدا دەنێم، کە چێژم لە ئەشکەنجەدانی تۆ دەبینی، بەلام ئیستا ئیتر ئەم قسانە بۆ من زۆر کۆنن. ئیستا من تۆم بۆ شەهوەت دەوێت. ئیستا وا هەست دەکەم لۆژیک و هەستەکان و هەموو بوونم گۆڕاوە."
"سووسوو! دەکرێت داوایەکت لێ بکەم؟ ئاخۆ دەتوانێت دواچرکەکانی ژیانم بکرێت؟ ئایا دەتوانیت دواچرکەی ژیانم بگۆڕیت بە کەشێکی شاعیرانە؟ ئەم ژیانەی کە هەمووی بەدەست تووە ئازار و ئەشکەنجەم بینیوە!"
"ئاها...! تێگەیشتم مەبەستت چییە. لەگەلم وەرە."
سوسەن دەستی تیدی گرت و دیسانەوە چوونەوە ناو ژووری ستودیو. تید لەسەر کورسییە ئەلاستیکەکە دانیشت و سوسەن پێچی سازەکەی سووڕاند و چرکەژمێرەکەی لەسەر هێمای (پ) ڕاگرت. لەپڕێکدا هەوای ناو ژوورەکە سوور



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

هەڵگەڕا و پاشان گۆڕا بۆ ڕەنگی پرتەقاڵی و مۆسیقایەکی پڕشەهوەتی ناسک و هێمن لەگەڵ بۆنی عەتریکی وروژێنەر هەموو ژوورەکەی تەنییەوە. پاشان سوسەن لەپاڵ دەستی تیددا دانیشت. لەو شەرابەی کە لەسەر مێزەکە بوو پەرداخەکانی پڕ کرد و پەرداخێکی دایە دەست تید و ئەویشیان بۆی خۆی هەڵگرت و پێکەوە خواردیانەوە. تید دەستی بە گیرفانیدا کرد و شووشەیەکی بچووکی دەر هێنا و ویستی لەو دەرمانەی کە تێیدا بوو کەمێکی بکاتە ناو پەرداخەکەی. سوسەن لێی سەند و لە شووشەکەی ڕوانی و وتی، "ئەوە بەتەمای چیت؟ ئاترۆپین![1] ئاخ وشەیەکی چەند کۆن و دارزیوە! دوو بست خۆڵی لەسەر نیشتووە. ئەم دەرمانانە بەکەڵکی دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا دەهاتن. دەزانی چ کاریگەرییەکی هەیە؟ سەرئێشە، وڕێنە، بوورانەوە و پاشانیش مۆتەکە و دیمەنەکانی کوشتوبڕ و سەری بڕراو و... هەزار جۆر ئەشکەنجەت دەدات تا دەمریت. کەمێک بوەستە."

سوسەن هەستایەوە و لە دۆلابی سوورچێکی ژوورەکەوە کە دەرگایەکی شاراوەی هەبوو، تۆپێکی وەرشای دەر هێنا و دایە دەست تید و وتی، "ئەم ماسکە لە دەموچاوت دەدەیت و زۆر بەئەسپایی لەم بۆرییەوە هەڵی بمژە بەڵام ئاگات لێ بێت هەمووی تەواو نەکەیت. بەشی من و شیشیش بهێڵەرەوە!"

"ئەمە چییە؟"

"پرۆتۆکسید ئەزۆت[2]. دەتکاتە خەو، ئەویش چ خەوێکی خۆش و چێژبەخش! پاش ئەوەی کە کەمێک شەهوەتت

---

1 - Atropine

2 - Protoxide d, Azote



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوروژێنێت و هەموو ئەو کارانەی، کە بە رۆژ کردوونت بە بەرچاوتدا نمایش دەکاتەوە، بینایی چاوەکان کەم دەکاتەوە و گوێیەکان دەزرینگێنەوە بەلام بەگشتی چێژی ئێجگار زۆری هەیە."

"Launging Gas?"

"ریک خۆیەتی."

تید سەری لەقاندەوە و پەتی ماسکەکە کە توپە وەرشاکەی پێوە هەلواسرابوو بە ملیەوە بەست. سەری خستە سەر سەرین و کەوتە دۆخێکی هێمن و ئارامەوە و دوای چەند خولەکێک چاوەکانی داخران. سوسەن پەتی ماسکەکەی لێ کردەوە و پێچی توپەکەی بەست و نایە سەر مێزەکە و تیدی لەسەر قەرەوێلەکە خەواند.

❊❊❊

دەمەوئێوارەی هەر ئەم رۆژە بوو، کە دەنگی جەنجالی و غەلبەغەلبێک لە دوورەوە بەرز بووەوە و تاقمی هەرچییەرچییەکان بە قەلافەتی کەلەگەتی چوارشانە و پێستی رەشەوەبوو و دەست و مەچەکی بەهێزەوە هاتنە ناو شاری کانار و بەبێ هیچ بەرگرییەک لەلایەن هیچ کەسێکەوە دەستیان بەسەر هەموو شارەکەدا گرت.

کاتێک پێنج کەس لە هەرچییەرچییەکان دەرگایان شکاند و چوونە ناو کارگەکەی سوسەنەوە، بەرەوڕووی کەشوهەوایەکی رووناکی سوور بوونەوە. موسیقایەکی ئارامی شەهوەتوروژێن و بۆنی عەتریکی شەهوەتوروژێن و شێتکەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە هەوادا بڵاو ببووەوە. پەیکەری حولحولی Ephemere لە بەردەم پەردەی خولەمێشیی ژووری نووستنەکەدا دەدرەوشایەوە و دارەمەیتێکی قەلەمکاریکراویشیان لە بەردەمدا دانابوو کە لێی نووسرابوو، خەوی خۆشەویستی.

یەکێک لە هەرچیپەرچییەکان چووە پێشەوە و پەنجەی بە دوگمەی تەنیشت دارەمەیتەکەدا نا. دارەمەیتەکە بە ئارامی سێ زەنگی لێدا و دەرگاکەی هەر لەخۆیەوە کرایەوە و بۆنی عەتریکی تیژی هاوشێوەی هەمان ئەو عەترە شەهوەتوروژێنەی لێ هاتە دەرەوە، کە ژوورەکەی داگرتبوو. هەرچیپەرچییەکان بەسەرسوورمانەوە کشانە دواوە، چونکە بینییان لەناو دارەمەیتەکەدا ژنێک و پیاوێکی رووت هاوشێوەی دەموچاوی پەیکەری میروووەکان لەناو قوماشێکی ناسکدا وەک هەڵم لێک ئاڵاون و لە باوەشی یەکدیدا خەوتوون. دەمیان لە دەمی یەکتری ناوە و مارێکی سپی لە ناوقەدی هەردووکیان ئاڵاوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژنێک کە مێردەکەی لێ ون بوو

**کە چوویتە سۆراغی ژنان، قامچییەکەت لەبیر نەکەیت.**

*- نیچە، زەردەشت وەهای گوت*

سەرلەبەیانی لە ویستگەی قولهەک[1] پولیسێکی بالاکورتی سوورکار، ژنێکی منداڵەکۆشی بە شوفێری ئوتومبیلێک، کە لەو ناوەدا وەستابوو نیشان دا و وتی، "ئەم ژنە بەتەما بووە بڕوات بۆ مازەندەران[2] بەهەڵە هاتووەتە ئێرە. هەتا شار بیگەیەنە، خێرت دەگاتێ."

ژنەکەیش بەخێرایی چووە ناو ئوتومبیلەکەوە. گوشەی چارشێوە ڕەشەکەی بە ددانەوە گرتبوو. منداڵێکی دوو ساڵانیشی لەباوەش بوو و تویشەبەرەیەکی سپیش بەو دەستەکەی تریەوە بوو. لەسەر کوشنەکە دانیشت و منداڵە قژبوڕ و نەخۆشئاساکەی لەسەر کۆشی دانیشاند. سێ پیاوی

---

١ - ناوی گەڕەکێکە لە شاری تاران. (و. ک.)

٢ - ناوی شارێکە لە باکووری ئێران. (و. ک.)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەربازی و دوو ژنی دیکە لەناو ئوتومبێلەکەدا بوون و خەمساردانە چاوێکیان پێدا خشاند، بەڵام شوفێرەکە تەنانەت ئاوڕیشی لێ نەدایەوە. پۆلیسەکە هاتە لای شووشەی پەنجەرەی ئوتومبێلەکە و بە ژنەکەی وت، "خێرە دەچی بۆ مازەندەران؟"

"دەچم مێردەکەم بدۆزمەوە."

"کوا مێردەکەت ون بووە؟"

"ئەوە مانگێک دەبێت بەبێ هیچ خەرجییەک جێی هێشتووم و ڕۆیشتووە."

"چۆن دەزانی لەوێیە؟"

"کەل غولامی[1] هاوڕێی پێی وتم لەوێیە."

"ئەگەر مێردەکەت ئەوەندە بەغیرەت بێت، لەوێشەوە هەڵدێت. ئەی چەند پارەت پێیە؟"

"دوو تمەن و دوو قران."

"ناوت چییە؟"

"کڵاوزێڕ."

"خەڵکی کوێیت؟"

"خەڵکی ئەلویزی شەهریارم[2]."

"لەجیاتیی ئەوەی کە بڕۆیت و مێردەکەت بدۆزیتەوە، بڕۆ بۆ شەهریار. ئێستا وەرزی چنینەوەی ترێیشە. بڕۆ بۆ لای خزم و کەسوکار و بۆ خۆت ترێ بخۆ. لەخۆڕا دەچیت بۆ مازەندەران، لەوێ گوڕغەریب دەبێت، ئەویش بەم دەستوپل

---

١ - کەل: کورتکراوەی کەربەلاییە. لە ئێران لەناو پەیڕەوکارانی ئایینی شیعەدا بەو کەسانەی، کە سەفەری شاری کەربەلا دەکەن دەڵێن کەربەلایی هاوشێوی حاجی. (و. ک.)

٢ - دوو شاری نزیک تارانن. (و. ک.)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و عەقڵەی تو هەتە!"

"هەر دەبێت بڕۆم."

کلاوزێر ئەم دوارستەیەی بە هێز و متمانەی تەواوەوە وت. وەک بڵێی بڕیاری تەواوەتی و نەگۆڕی خۆی دابێت. چاوی بڕییە زەویی بەرپێی و بەبێ ئەوەی هیچ ببینێت یان ئاگای لە کەس بێت. پێدەچوو بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێت و بیری لێ بکاتەوە، بۆ خۆی قسەی دەکرد و هۆشی لە شوێنێکی دیکە بوو. پاشان پۆلیسەکە رووی لە شۆفێرەکە کردەوە وتی، "بەڕێز کاکی شۆفێر! ئەم ژنە لەنزیک دەروازەی دەوڵەت[1] دابەزێنن و ڕێگەکەی پێ نیشان بدەن."

کلاوزێر وەک بڵێی پشتگیرییەکانی ئەم پۆلیسە بوێزتری کردبێت، وتی، "من غەریبم کەس ناناسم، تکایە ڕێگەکەم پێ نیشان بدەن."

ئۆتومبیلەکە کەوتە ڕێ. کلاوزێر بەبێ هیچ جووڵەیەک دیسانەوە بە نیگای واقوڕماوەوە وەک سەگی لێدراو چاوی بڕییە بەرپێی خۆی. چاوەکانی درشت و ڕەش و برۆکانی باریک و لووتی بچووک و لێوەکانی گۆشتن و گوناکانیشی قوپابوون. پێستی دەموچاوی ئەسمەر و ناسک و جوان بوو. بە درێژاییی ڕێگەکە لەناو ئۆتومبیلەکەدا جووڵەی دەکرد بەبێ ئەوەی ئاگای لە هیچ کەس یان هیچ شتێک بێت. منداڵەکەی بەبەردەوامی بێدەنگ و خەمبار و سڕ و وڕ بوو. سەرخەوی دەشکاند و هەناریکی شلیقاوی بە دەستەوە بوو. نزیک دەروازەی دەوڵەت شۆفێرەکە ڕای گرت و ڕێگەیەکی پێ

---

١ - جاران شوێنێک بوو لە دەرەوەی شاری تاران، بەڵام ئەمڕۆ گەڕەکێکی ناوەڕاستی تارانە. (و. ک.)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیشان دا، کە ڕاستەوخۆ بەرەو دەروازەی شەمیران[1] دەچوو. کلاوزیریش دابەزی و بە مندالی ناو باوەشی و توێشەبەرەی دەستیەوە خێرا ئەو ڕێگە دوور و گەرمەی گرتە بەر.

لە دەروازەی شەمیران چووە ناو گەراجێک و دوای نیو کاتژمێر چەنەلێدان و ماتلبوون خاوەنی گەراجەکە ڕازی بوو بە ئوتومبیلی بارهەڵگر بیگەیەنێتە ناوچەی ئاسیاسەر، لەسەر ڕێگەی ساری[2] و شەش قرانیش کرێی لێ وەر گرت. ئوتومبیلیکی گەورەیان نیشانی کلاوزیر دا، کە دەورتادەوری پیاو دانیشتبوون و کوڵ و باریشیان تێدا هەڵچنیبوو. پیاوەکان هەر چۆنێک بێت خۆیان کۆ کردەوە و جێگەیەکیشیان بۆ کلاوزیر کردەوە و ئەویش بەئەستەم لەناویاندا دانیشت.

هێندەی پێویست ئاویان لە ئوتومبیلەکەدا هەڵگرت و هۆرنی لێدا. بۆنی بەنزین و ڕۆنی سووتاو و دووکەڵی بە هەوادا بڵاو کردەوە و بە جادەیەکی گەرمی تەپوتوزاویدا بەری کەوت. سەرەتا دیمەنەکانی ئەو ناوە یەکچەشن و وەڕەزکەر بوون بەڵام پاش کەمێک گردەکان و کێوەکان و درەختە دوورەدەستەکان و قەمچوپێچەکانی ناو ڕێگەکە دیمەنەکانی گۆڕی. بەڵام کلاوزیر هەر بەو شێوە سیس و ژاکاوەیەوە لە بەردەمی خۆی دەڕوانی. ئوتومبیلەکە لە چەندین شوێندا وەستا و ناسنامەی سەرنشینەکانیان کونترۆڵ کرد. نزیکی نیوەڕۆ لە شەلەنبە تایەی ئوتومبیلەکە خراپ بوو و ژمارەیەک لە سەرنشینەکانی دابەزین، بەڵام

---

[1] - جاران ناوچەیەک بوو لە باکووری تاران و لە چەند گوندیک پێک هاتبوو، بەڵام ئەمڕۆ گەڕەکێکی تارانە. (و. ک.)

[2] - ناوی شارێکە لە باکووری ئێران. (و. ک.)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کلاوزیر لە جێی خۆی نەجوولا، چونکە لەوە دەترسا ئەگەر هەستێتەوە جێگەکەی لەکیس بچێت. توێشەبەرەکەی کردەوە و نان و پەنیری دەر هێنا و پارووییەک نانی نەبرژاو و پەنیری دایە دەست منداڵەکەی و خۆیشی چەند پارووییەکی خوارد. منداڵەکەی وەکو چوڵەکەیەکی تلیاککیش بێدەنگ بوو و بەردەوام سەرخەوی دەشکاند و پێدەچوو هیچ تاقەتی قسەکردن و تەنانەت گریانیشی نەبێت. دواجار ئۆتۆمبێلەکە بەڕێ کەوتەوە و چەندین کاتژمێر تێپەڕی. بەناو جابون و فیروزکودا تێپەڕی و دیمەنە جوانەکانی دارستان دەر کەوتن، بەڵام کلاوزیر زۆر کەمتەرخەمانە و بەسادرووسریی لە هەموو ئەم گۆڕانکارییانەی دەڕوانی و دیارە چێژ و خۆشییەکی شاراوە و نهێنییش لە ناخیدا هاتبووە ئاراوە. دڵی توند لێی دەدا، سەربەستانە هەناسەی هەڵدەمژی، چونکە لە شوێنی مەبەست نزیک دەبووەوە و سبەینێ دەیتوانی گوڵبەبووی مێردی بدۆزێتەوە. ئاخۆ خانووەکەی چۆنچۆنی بێت؟ خزمەکانی چۆنچۆنین و چۆن هەڵسەکەوتی لەگەڵدا دەکەن؟ دوای مانگێک لێکدوورکەوتنەوە چۆنچۆنی بەرەوڕووی گوڵبەبوو ببێتەوە و چی پێ بڵێت؟ بەڵام خۆی دەیزانی لە بەردەم گوڵبەبوودا تەنانەت وشەیەکیشی بۆ ناوترێت و زمانی دەگیرا و هەموو هێزی لێ دەبرا. وەک ئەوە وا بوو گوڵبەبوو هێزێکی تایبەتی تێدا هەبێت، کە هەموو بیروهۆش و ئیرادە و هێزەکانی ئەوی پووچەڵ دەکردەوە و ئەویش بەتەواوەتی ملکەچی گوڵبەبوو دەبوو. تەنانەت ئەوەیشی دەزانی، کە بە پێچەوانەوە گوڵبەبوو هەڕەشەی لێ دەکات و پاشانیش قامچییەکەی بەکار دەهێنێت. هەمان ئەو قامچییەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ بەکار دەهێنێت. کە گوێدرێژەکانی پێ دادەپلۆساند. بەڵام کلاوزێر هەر بۆ ئەوە ڕۆیشتبێت، تامەزرۆی ئەو قامچییە بوو. لەوانەیشە هەر بۆ ئەوە دەڕۆیشت کە قامچییەکەی گوڵبەبوو بیکزێنێتەوە. هەوای شێدار، دارستان، دیمەنی دڵڕفێنی ئەو ناوە، خەڵکێک کە لە دوورەوە خەریکی کار و فرمان بوون؛ پیاوێک کە عابایەکی شینی لەبەر بوو و لەقەراخ جادەکە وەستابوو و تریی دەخوارد. خانووەکانی گوندەکان بە بەرچاویەوە تێدەپەڕین؛ هەموو ئەمانە سەردەمی منداڵییان بە بیری کلاوزێر دەهێنایەوە.

***

دوو ساڵ دەبوو کلاوزێر مێردی بە گوڵبەبوو کردبوو. کلاوزێر یەکەم جار گوڵبەبووی لە کاتی تریچنینەوەدا بینی. کلاوزێر و میهربانووی کچەدراوسێیان و موچول خانم و خوشکەکانی واتە بمانی و خورشیدکلاو، کاریان ئەوە بوو هەموو ڕۆژێک بەکۆمەڵ، بە ژن و پیاو و کچەوە لە باخەرەزەکاندا تری بچننەوە و هێشووە ترییەکانیان دەخستە ناو سندوقەوە. پاشان سندوقەکانیان دەبرد بۆ قەراخ ڕووباری ڕەش، لەژێر ئەو دارچنارە پیرەدا کە دوعا و نزایان پێوە هەڵدەواسی و لەوێ لەگەڵ دایکی و گەوهەربانوو دایکی عەباس و خۆشقەدەم باجی و کیشوەر سوڵتان و ئەدی گوڵداد و خودایار، سندوقەکانیان ڕادەستی ڕیشسپی پەرەندەک واتە ماندگار عەلی دەکرد. ئینجا کرێکارێکی تازە، کە سندووقەکانی هەڵدەگرت و ئەملاولای پێ دەکردن گوڵبەبوو مازەندەرانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بـوو، کـە گۆرانییەکـی دەوتـەوە و فێـری کچانیشـی دەکـرد و ئەوەیش ببـووە جێـی گاڵتـە و یـاری و ڕابواردنـی هەمـووان و هەموویـان بەتێکرا گۆرانییەکەیـان دەوتـەوە:

**پێڵاوەکانم لەکوێن؟ هەی لێ‌لێ**
**با پێکەوە بڕۆین بۆ چەڵتووکجاڕ هەی لێ‌لێ**
**لەم چەڵتووکجاڕەوە بۆ ئەو چەڵتووکجاڕ**
**وەرە با پێکەوە بڕۆین بۆ چەڵتووکجاڕ هەی لێ‌لێ**
**پێکەوە کار بکەین تۆ خوشکی منیت.**

گوڵبەبـوو گۆکردنـی وشـەکانی ڕاسـت دەکـردەوە و کچەکانیـش قاقـا پێدەکەنیـن و تـا ئێـوارە ئـەو بەزمـە هـەر بـەردەوام دەبوو. دیارە شتێک کـە گوڵبەبووی کردبووە جێی سـەرنجی کچـەکان، گۆرانییەکـەی نەبـوو بەڵکـو خـودی خـۆی و بویرییەکـەی بـوو، کـە دڵـی کچـان و بەتایبـەت کڵاوزیـڕی داگیر کـرد. هـەر کـە کڵاوزیـڕ ئەندامـی کەڵەگەت و چوارشـانە و شـانوملی پـان و لێـوی سـوور و قژی بـۆر و قـوڵ و باسـکە سـپی و تووکنەکانـی و هەروەهـا کرژوکوڵبوونـی لـە کاتـی ئەملاولاپێکردنـی سـندووقە قورسـەکاندا بینـی، یەکسـەر خـۆی دۆڕانـد. جیـا لەوەیـش ئامـاژە سـۆزدارانەکانی گوڵبەبـوو بـۆ کڵاوزیـڕ و ئاڵوگـۆڕی ڕوانینـە پڕسـۆزەکانی نێوانیـان بـەس بـوو بـۆ ئـەوەی کـە کڵاوزیـڕی تەمـەن چـواردە سـاڵ شـێت و شـەیدای خـۆی بـکات. کڵاوزیـڕ لـە خۆشـییان خەریـک بـوو دەبوورایـەوە و هـەزار ڕەنگـی دەگـۆڕی، چونکـە لـەو ڕۆژەدا شـتێکی نوێـی لـە ناخیـدا هەسـت پـێ کـرد، کـە تـا ئـەو ڕۆژە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەزموونی نەکردبوو. چونکە هەتا ئەو ڕوژە شتێکی ئەوتوی لەبارەی پیاوەوە نەدەزانی و دایکیشی هەمیشە لێدانێک لێی دابوو و تۆقاندبووی و خوشکەکانیشی کە لەو گەورەتر بوون ڕکەبەرایەتییان لەگەڵ دەکرد و نهێنییەکانی خۆیانیان لێ دەشاردەوە. هەرچەند کلاوزێر زۆر جار بیری لە پیاو دەکردەوە، بەلام نەیدەوێرا پرسیار لە کەس بکات و دەیشیزانی ئەوە بیرکردنەوەیەکی نەشیاوە و دەبێت خوی لێ بپارێزێت. تەنیا هەندێک جار میهربانوو - کچە دراوسێکەیان - و خانم بچکول و بلووری خانم، سەبارەت بە نهێنییەکانی پیاوان برێک قسەیان بو کردبوو و دالغەیان بو کلاوزێر خوش کردبوو. بە جورێک کە تا ڕادەیەک چاو و گوێی کرابوویەوە. تەنانەت میهربانوو باسی پەیوەندییە نهێنی و سوزدارانەکانی خوی لەگەڵ شێرزاد کوڕی ماندگار عەلی بو کردبوو، بەلام هەموو ئەو بیرکردنەوانەی کە کلاوزێر سەبارەت بە خوشەویستی و شەهوەت لەلای خویەوە ویناى کردبوون، بە بینینی گولبەبوو هەموویان گوڕان. قاچەکانی شل بوون و وای هەست کرد مەحالە بتوانێت دەری ببرێت. هەر ئەوەندەی لێ دەزانی، کە هەموو زەڕرەکانی جەستەی، گولبەبوویان دەویست و لەو ساتە بەدواوە پێویستی پێی بوو، ژیان بەبێ گولبەبوو بوی مەحال بوو. دیارە بەهەلکەوت ئەو ڕوژە کلاوزێر کراسێکی سووری تازەی لەبەر کردبوو و سەروێنێکی جوانیشی بە سەرەوە بەستبوو، کە پووری لە مەشهەدەوە بەدیاری بوی هێنابوو و حەفت پەلکەی چنراویشی لە پشتەوە شور کردبووەوە. بە جورێک کە جگە لە ناسکی و لەشولاری جوان و جوولە ڕێکەکانی و دەموچاوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دلڕفێنەکەی، جلەکانیشی دوو هێندەی تر جوانتریان کردبوو. لەوانەیە هەر ئەوە هۆکار بووبێت، کە لەناو سەدان کچی ئەو ناوەدا و لەو جەنجاڵ و غەڵبەغەڵبەدا، گوڵبەبوو ئاوڕی دەدایەوە و بەدزییەوە لێی دەڕوانی و زەدەخەنەی دەکرد و کلاوزێڕیش بە زیرەکی و کونجکوڵی و هەستیکی کچانەوە، کە لەوانەیە هەموو کچان هەیانبێت، گومانی لای نەهێشتەوە، کە گوڵبەبوو حەزی لێ دەکات و پەیوەندییەکی تایبەتی لەنێوانیاندا هاتووەتە ئاراوە. ئایا لە وەها دۆخێکدا دەبووایە چی بکرێت؟ بە رادەیەک خوێن لە جەستەیدا بەخێرایی دەسووڕا، کە وای هەست کرد سەرگوناکانی گەرم بووبوون؛ وەک ئەوە وا بوو بڵێسە بسەنن. هێندە سوور هەڵگەڕابوو، کە شەهربانوو کچی سوڵتان پێی زانی. ئاخۆ کلاوزێڕ بۆی هەبوو هیوایەکی وا بە خۆی ببەخشێت کە ببێت بە ژنی گوڵبەبوو؟ چونکە دوو خوشکی لە خۆی گەورەتری هەبوو، کە هێشتا مێردیان نەکردبوو و جیا لەوەیش، ئەو لەلای دایکی لە هەردووکیان سیاچارەتر بوو. چونکە پێش لەدایکبوونی، باوکی مرد و دایکی ساڵ دوانزە مانگ لۆمەی دەکرد، کە تۆ سەری باوکتت خوارد. بەڵام لە راستیدا چونکە دوای لەدایکبوونی کلاوزێڕ تایەکی سەختی لێ هات و دوو مانگ کەوتە جێگەوە، لەبەر ئەوە رقی لێی بوو.

دەمەوئێوارەی هەمان رۆژ کە هەموو کرێکارەکان دەستیان لەکار کێشایەوە و لەناو رەزەکانەوە کە وەک پەتکەلی قاوەیی لە بەرزیی و نزمییەکاندا لێک ئاڵابوون، بەرەو رووباری ئاوی رەش بەڕێ کەوتن و وەکو هەموو رۆژانی تر تریکانیان رادەستی رێشسپیی گوندەکەیان واتە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماندگار عەلی کرد، کلاوزێڕ و دایکی و میهربانوو و گوگول - کە لە ڕێگەدا تووشی بوون - بەرەو قەلاقوڕینەکەیان، کە تاوەر و شووورای بەرزی هەبوو بەڕێ کەوتن. لە ڕێگەدا کلاوزێڕ باسی ئەوەی کرد کە حەزی لە گوڵبەبوو کردووە و میهربانوویش دڵی دایەوە و بەڵێنی پێدا هەرچییەکی لەدەست بێت دریغی نەکات.

کلاوزێڕ ئەو شەوەی زۆر بە ناخۆش و پڕئازار تێپەڕاند. مانگەشەو بوو و خەوی لێ نەدەکەوت. هەستایەوە بۆ ئاوخواردنەوە و پاشان چووە ناو هەیوانەکە. دیارە هیچ خەوی نەدەهات. شنەیەکی فێنک دەشنا. ئێخەی کراسەکەی کرابووەوە بەلام هەستی بە سەرما نەدەکرد. دەنگی پرخەی دایکی دەبیست، کە وەک ئەژدیها لە ژوورەکەدا خەوتبوو. ئەگەر بەخەبەر هاتبایەوە بانگی دەکرد، بەلام هیچ بەلایەوە گرینگ نەبوو، چونکە لە هەموو گیانیدا هەستی بە یاخیبوون دەکرد. بەپێدزکێ چووە لای حەوزی ناو حەوشەکە و لەژێر داری نارەوەنەکەدا وەستا. ئەستێرەکان و مانگەشەو هەموویان بە زمانێکی تایبەت قسەیان لەگەڵ دەکرد. هەستێکی چێژبەخش و دڵبزوێنی هەبوو، کە تا ئەو ساتەوەختە ئەزموونی نەکردبوو. زۆر بەباشی لە زمانی درەختەکان، ئاوەکان، شنە و تەنانەت دیوارە بەرزەکانیماڵەوە و ئەو قەلایەی تیایدا قەتیس کرابوو و هەروەها لە زمانی ئەو گۆزە ماستەی کە لەقەراخ حەوزەکەدا دانرابوو تێدەگەیشت و لە ناخیدا هەستی پێ دەکردن. ئەستێرەکان وەک دڵۆپە شەونم کە لە هەوادا پەخشیان کردبێتنەوە، لاواز و ترسنۆک و بە ڕووناکاییەکی ئێجگار کزەوە دەدرەوشانەوە. کلاوزێڕ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموو ئەو ئەستێرانە و تەنانەت هەموو شتێکی ئاسایی و بێنرخی، بە سەرسوورهێنەر و نائاسایی و پڕنهێنیی دەهاتە بەرچاو و واتایەکی وا دووردەستیان لەلای هەبوو، کە هەرگیز بۆی لێک نەدەدرایەوە. بەبێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت دەستی بە مەمکەکانیدا هێنا و تا سەر قوڵی بردی. شنەبایەک زوڵفەکانی بڵاو کردبووەوە و دواجار لەقەراخ حەوزەکەدا دانیشت و پلمەیەک لە ناخیدا پەنگی خواردەوە و گریا. فرمێسکی گەرم بە گوناکانیدا هاتنەوە خوارەوە. ئەم لەشولارە نەرمە و ئەم ناوقەدەباریکە بۆ لەئامێزگرتنی گولبەبوو دروست کرابوون. مەمکە بچووکەکانی، باسک و قوڵەکانی و هەموو جەستەی بەتێکرا، وا باشتر بوو بچێتە ژێر گڵەوە. لەژێر خاکدا بڕزێن لەوە باشترە لە ماڵی دایکیدا بە جنێو و ژیانی پڕنەهامەتی چرچی تێ بکەوێت و بەبێ هیچ سوودێک و خۆشەویستییەک بەفیڕۆ بچێت. دەیویست خۆی بە زەویدا بکێشێت و کراسەکەی پارچەپارچە بکات تا لە گێچەڵی ئەم پلمەیە - ئەم نەهامەتییە، کە بەرۆکی گرتووە - ڕزگاری ببێت. تا توانیی گریا. لەم کاتەدا هەموو نەهامەتی و چەرمەسەرییەکانی ژیانی هاتنەوە بەرچاوی؛ هەموو ئەو جنێوانەی، کە بیستبوونی، ئەو لێدانانەی کە خواردبوونی. هەر لەو کاتەوەی کە زۆر منداڵ بوو دایکی مشتەکوڵەیەکی لە تەوقی سەری دەدا و پارووییەک نانی بە دەستەوە دەدا و لە پشتەوەی دەرگای ماڵەوە دای دەنا و ئەویش لەگەڵ منداڵە کەر و کەچەڵ و چاوگلەکاندا یاری دەکرد. هەرگیز تاقە وشەیەکی سۆزدارانە و نووکەدەرزییەک میهرەبانی لە دایکیەوە نەبینیبوو. هەموو ئەم نەهامەتیانەی دە قات بەلاوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەورەتر دەهاتەوە بەرچاو. هەر هیچ نەبێت میهربانوو و دایکی میهربانوو هەندێک جار دڵیان دەدایەوە و هەرکاتێک دایکی لێی دەدا، پەنای دەبردە ماڵی ئەوان. بە قۆڵی کراسەکەی فرمێسکەکانی سڕی و وای هەست کرد کەمێک هێور بووەتەوە. دڵەراوکێ و نائارامییەکەی دامرکایەوە و هەستی بە ئارامی کرد. هەر لەخۆوە جۆرە ئارامییەک هەموو گیانی داگرت. چاوەکانی داخست و هەوایەکی ئارامی هەڵمژی، بەڵام دەموچاوی گوڵبەبووی لە بەرچاو نەدەرەوییەوە؛ ئەو باسک و قۆڵە بەهێزانەی کە تەلیسە سێ-چل کیلوییەکانی وەک پووش بەرز دەکردەوە و باری گوێدرێژی دەکردن. قژە درێژ و بۆرەکانی، ملی پانی سوور، برۆ سغ و درێژەکانی، ردێنی پڕی تێکچنراوی. ئێستا ئیتر درکی بەوە کردبوو، کە دنیایەکی تر لە سەرووی ئەو دنیایەشەوە هەیە، کە ئەو بیری لێ کردووەتەوە. دواجار مشتێک ئاوی ناو حەوزەکەی بە دەموچاویدا پژاند و گەڕایەوە بۆ سەر جەرپاکەی، بەڵام خەوی لێ نەدەکەوت. هەر تەپاوتلێ بوو. مرازی کرد ئەگەر بە ئامانجەکەی بگات و ببێتە ژنی گوڵبەبوو، وەک چۆن خۆی لەو زیندانەی ماڵەوەیاندا ڕزگاری دەبێت، کۆترێکیش بکڕێت و بەرەڵڵای بکات. شەوی هەینیش مۆمێک لە ئیمامزادە بیبی سەکینەدا دابگیرسێنێت. چونکە ستارەی کچی نایب عەبدوڵڵای میراویش هەر وای کرد و میردی کرد.

بەیانیی ڕۆژی دواتر کلاوزێر بە چاوی سوورەوە، چونکە تێرخەو نەبووبوو، چوو بۆ سەر کاری ترێچنینەوە. لەسەر ڕێگەیدا لەقەراخ ڕووباری ئاوی ڕەش لەپاڵ دارچناری مرازاندا، کە لە جۆغین بوو، هەر لەو شوێنەدا کە گوڵبەبوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تریکانی باری گویدریژەکان کردبوو، وەستا. بریک گەلامیوی گەردشیلکراو و پشکەلی گویدریژ و تویکلی تووە کولەکەی دوینی لە شوینەکە مابوونەوە. پاشان دەستی بەناو ئیخەی کراسەکەیدا کرد و پارچە پەرویەکی دەر هینا و گریی دا بە لقیکی دارچنارەکەوە. لە گەرانەوەدا تووشی میهربانوو هات و پیی وت، "ئەری کلاوزیر بوچی ئەمرو بەدیارمەوە نەوەستای؟ لیرە چی دەکەیت؟"

"هیچ، پیم وا بوو هیشتا خەوتبیت، بویە نەمویست خەبەرت بکەمەوە. ئەمرو زور زوو لە مالەوە دەر چووم."

میهربانوو قسەکەی پی بری و وتی، "من دەزانم هوکارەکەی گولبەبوویە!"

کلاوزیر دەردەدلی خوی بو میهربانوو هەلرشت و باسی ئەوەی کرد، کە شەو خەوی لی نەکەوتووە و مرازیشی کردووە. پیکەوە بیرورایان گورییەوە و میهربانوو دلی دایەوە و بەلینی پیدا لەگەل دایکیدا قسە بکات، چونکە دایکی میهربانوو تەنیا کەسیک بوو، کە کلاوزیری خوش دەویست. ئەو بەیانییە کلاوزیر زور چاوەروانی گولبەبووی کرد، بەلام نەیبینی. میهربانوو هەوالی بو هینا کە لە بوکی کار دەکات. بو نیودروکەی کە گەرانەوە مالەوە، کلاوزیر چووە ناو ژوورە گەورەکەیان و هەموو دەرگاکانی داخست و لە بەردەم ئاوینە شکاوەکەیدا قژەکانی داهینا و بەوردی لە شیوەی دەموچاو و روخساری خوی ورد بووەوە، بو ئەوەی ئەگەر ئیوارە گولبەبووی بینی چونچونی پیبکەنیت و چ هەلسوکەوتیک بکات کە بەدلی خوی بیت. دواجار بزدیەکی بچووکی پەسەند کرد، چونکە ئەگەر بە دەنگی بەرز پیکەنیبایە ددانەکانی،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە زۆر باش نەبوون دەر دەکەوتن. چەند تالیکی قژیشی خستە سەر شانی و بەخۆشییەوە بزەیەکی کرد، چونکە وای هاتە بەرچاو کەسیکی جوان و خوینشیرینە. برژانگی دریژ و بزەی دلبزوین و دەموچاوی ساکار و مندالانە و هیلیک کە دەکەوتە قەراخی لیوی، زۆر جوان بوون و لیی دەهاتن. سوورایی سەر گۆناکانی، پیستە ئەسمەرەکەی جوانتر دەر دەخست. سوورایی بریقەداری لیوەکانیشی لە رەنگی تریرەشە بوون؛ دەمە گەرمەکەی، بەتایبەت چاوەکانی، ئەو نیگا سەرنجراکیشە کە دایکی میهربانوو هەمیشە پیی دەوت، "چاوەکانت ئیجگار سەرنجراکیشن." هەموو ئەمانە لە زۆریک لە کچەکانی دیکەی جیاواز دەکرد.

کاتیک دوانیوەرۆ لەگەل میهربانوو لە تریچنینەوە دەگەرانەوە، هەستی بە دلخۆشییەکی زۆر دەکرد، چونکە بریاری دابوو هەرچۆنیک بووە خۆی بخاتە بەرچاوی گولبەبوو. سەریشی لەوە سوور ما کە گولبەبووی لەوی بینی و بە دریژایی ئەو رۆژە بەدەم ئیشوکارەوە هەتا ئیوارە رۆژەکەیان بە گالتەوگەپ و گۆرانیچرینەوە تیپەر کرد. کلاوزیر بە پیچەوانەی رۆژانی پیشووتر کە خەموک و خەمبار بوو، ئەمرۆ بە شادمانی و دلخۆشییەوە هیشووەتریکانی دەچنییەوە و فالی پی دەگرتنەوە. بەم شیوەیە کە جاریک ئەو بۆلیک تریی لی دەکردەوە و دەیخوارد و جاریکیش میهربانوو بۆلیکی لی دەکردەوە و دەیخوارد و لای خۆیەوە دەیوت، ئەگەر دوابۆلی تریکە بکەویتە لای ئەو، ئەوە بە مرازی خۆی دەگات، واتە دەبیتە ژنی گولبەبوو. دەمەوئیوارە کە گەرانەوە بۆ پال دارچنارەکە، گولبەبوو و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کلاوزیر دیسانەوە چەندین جار نیگایان گۆرییەوە. گوڵبەبوو بزەیەکی کرد و کلاوزیریش بە بزەیەک وەلامی دایەوە. ڕێک بە هەمان شێوە، کە خۆی لە ئاوێنەکەدا پەسەندی کردبوو و بە زیرەکییەکی تایبەتەوە سەری وەر سووراندەوە و چەند تاڵەقژێکی کەوتنە سەر تەوێڵی.

تا چوار ڕۆژ دۆخەکە بەم جۆرە تێپەری و کلاوزیریش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بوێرتر دەبوو و هێدی هێدی پەیوەندییەکی تایبەت لەنێوان ئەو و گوڵبەبوودا چێ بوو. دوای ڕۆژی چوارەم، میهربانوو مزگێنی دا بە کلاوزیر، کە دایکی هەموو کارەکانی بڕیوەتەوە. کلاوزیر لە خۆشییان لێوەکانی میهربانووی ماچ کرد. ئاخۆ چۆن کارەکانی ڕێک خستبوو؟ لەگەڵ کێ قسەی کردبوو؟ دیارە کلاوزیر هیچ بە پێویستی نەدەزانی لەمانە تێبگات. هەر ئەوەندەی دەزانی، کە هەندێک پیرەژن ئەزموونی زیاتریان هەیە و بۆ ڕێکخستنی زەماوەند و جێبەجێکردنی هەندێک کاروبار شارەزاییی تەواویان هەیە و هەندێک ڕێگەی وا دەزانن، کە بە میشکی هیچ لاوێکدا ختوور ناکەن. ئێستا ئیتر دەیتوانی دڵخۆش بێت کە بەئامانج و مرازی خۆی گەیشتووە، بەڵام دیارە بەربەستی سەرەکی، دایکی خۆی بوو، کە تا ئەو هەواڵەی ببیستایە هەڵدەچوو و وەک فیشەک دەتەقی و لەو جنێوە پیس و قێزەونانەی پێ دەدا، کە هەمیشە ویردی سەر زاری بوون. تەنانەت هەمیشە حەقدەستی ڕۆژانەکەی کلاوزیریشی لێ دەسەند کە سێ قران بوو. دواجار دوای پێداگریی دایکی میهربانوو، دایکی ڕەزامەندی دەر بڕی و دوای چەندین گیرمەوکێشە کراسێکی سووری بۆ کری، بەڵام لە کاتی بڕینی قوماشی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کراسەکەدا هەر پارچەیەکی کە دەبری نەفرەتی دەکرد و بە شینوشەپورەوە دەیوت، "دەک بکەویتە سەر تەختەی مردەشورخانە و گیانت دەر بچیت و زەماوەندەکەت ببیتە شینوشیوەن! خودایە جەرگت بسووتیت! داخبەدڵ بیت! جوانەمەرگ بیت! بەم میردە شەل و کویرەی دوزیوتەتەوە." بەلام گویی کلاوزیر لەم جنیوانە پر بوو و هیچ کاری تی نەدەکردن. مەنجەلیکی مس و سەماوەریکی برنجەی وەک پیتەک لەگەلی خست. روژیکیان دەمەوئیوارە دایکی میهربانوو میوانییەکی گەورەی ریک خست و خەلکی گوندی دەعوەت کرد و ژنانی گوندیش چارشیولەسەر یان بە عابا و پەچەوە هاتبوون و خویان وەک یاپراخ پیچابووەوە. هەموو ژنانی گوند لە زەماوەندەکەی کلاوزیردا بەشدار ببوون، بەلام خوشکەکانی واتە خورشیدکلاو و بمانی خانم لە ئاهەنگەکەدا ئامادە نەبوون. سەی مەعسوومی مەلای گوندیان هینا و کلاوزیریان لە گولبەبوو مارە کرد. پاشان مەلا بو ئەوەی بەرەکەت و فەر بە زەماوەندەکە ببەخشیت، چووە سەر مینبەر و بریک رەوزەی خویندەوە. دایکی پیی وت رەوزەی زەماوەندی قاسم[1] بخوینیتەوە و هەموو ئامادەبووانیش گریان. کە رەوزەکە تەواو بوو ماندگار عەلی و شیرزادی کوری، بوون بە برازاوای گولبەبوو. بنیالیان گرت و هینایانە ناو کورەکە و ئەویش لەسەر کورسییەکدا دانیشت. کە قوماشیکیان بەسەردا دابوو. لەو کاتەدا شیرزاد دەستی کرد بە کوکردنەوەی پارە. سەرەتا چووە بەردەم

---

١ - قاسم کوری ئیمام حەسەن، کە سالی 61ی کوچی لە کەربەلا کوژراوە و شیعەکان شینگیرییەکیان بە ناویەوە هەیە. (و. ک.)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باوکی و بەبزەوە وتی، "با سزای باوکم بدەم." میهربانوو کە سینییەکەی دەگەڕاند هاتە بەردەم ماندگار عەلی و ئەویش دوو تمەنی خستە ناو سینییەکەوە. دەستبەجی تەپلژەنی ناو کورەکە، کە لە سووچێکدا دانیشتبوو، کێشای بە تەپلەکەیدا و وتی، "دوو تمەنت دا، ماڵت ئاوەدان بێت!" بەم شێوەیە نزیکەی سی تمەن پارەیان بۆ کلاوزێر کۆ کردەوە و ئاهەنگەکە بە خۆشی و شادی بەڕێوە چوو.

بۆ سبەینێکەی کلاوزێر ماڵئاوایی لە دایک و خوشکەکانی کرد بەڵام دایکی لەجیاتیی ئەوەی کە بە ڕووی خۆشەوە بەڕێی بکات، وەک بەرازی زامدار بەو دەموچاوە گرووەی کە لە تویکڵەشووتییەک دەچوو مریشک نووکی لی دابێت، تا بەردەرگاکە بەدوایدا هات و نەفرەتی کرد و قیراندی بەسەریدا. پاشان کلاوزێر سەردانی ماڵی میهربانووی کرد و ماڵئاوایی لە ئەو و دایکی کرد. دایکی میهربانوو کلاوزێری ماچ کرد و پێی وت، شەوی هەینی مۆمێک لە ئیمامزادە بیبی سەکینەدا دابگیرسێنێت و کۆترێکیش ئازاد بکات. ئینجا کلاوزێر کولوبار و سەماوەر و مەنجەڵە مسەکەی هەڵگرت و بەرەو دارەچناری مرازان بەڕێ کەوت، چونکە گولبەبوو لەوێ چاوەڕێی دەکرد. سواری گوێدرێژێک بوو و گولبەبوویش بە سواری گوێدرێژێکی دیکە، بەرەو تاران بەڕێ کەوتن. شەو و ڕۆژێک بە ڕێگەوە بوون. کلاوزێر لە خۆشییان خەریک بوو باڵ بگرێتەوە. بە دەنگی بەرز قسەی دەکرد. مانگەشەو هەڵهات و گولبەبوو چەندین جار دەستە قورسەکانی خستە ملی و چەند ماچێکی تەری سەر گوناکانی کرد. تامی دەمی وەک تامی فرمێسک سوێر بوو. گولبەبوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەتایبەت ناوی کلاوزیری بە فالێکی باش لەقەلەم دا، چونکە ناوی گوندەکەی خۆیان زینئاباد یان زیرکەلا بوو و ئەو هەلکەوتەیشی بە بەشێک لە چارەنووسی خۆی دەزانی.

کە گەیشتنە تاران، دوو مانگیان لە ژوورێکی بچووکی گەرەکی سەرچشمەدا بەخۆشی تێپەڕاند. گوڵبەبوو ڕۆژان دەچووە سەر کار و کلاوزیریش خۆی بە گسکدان و پینەوپەرۆ و ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانی ناو ماڵەوە سەرقاڵ دەکرد. شەوانیشیان بە ڕاموسان و دەستەملان و خۆشی تێپەڕ دەکرد بە جۆرێک کە کلاوزیر منداڵیی خۆی و خوشکەکانی و دایکی و تەنانەت میهرەبانووشی بەتەواوەتی لەبیر کرد. بەڵام نەفرەتی خودا لە هاوڕێی خراپ! سەرەتای مانگی سێیەم ئاکار و هەڵسوکەوتی گوڵبەبوو تەواو گۆڕا. هەموو شەوێک لە چایخانەکەی ڕەزا سمێڵ لەگەڵ غولام تلیاکیدا دادەنیشت و خەرجی ژنەکەشی نەدەدا. شتێکیش کە زۆر نامۆ بوو ئەوە بوو، کە تلیاک لەجیاتیی ئەوەی سڕوسۆڵ و بێهەست و ئیرادەی بکات، بە پێچەوانەوە وەک نەخۆشێکی لێ دەکرد. تا دەهاتە ماڵەوە قامچی لە کلاوزیر هەڵدەگرت و بەر دەبوود گیانی و تێر لێی دەدا. سەرەتا بیانووی پێ دەگرت، ئەویش لەسەر شتی هیچوپووچ. بۆ نموونە دەیوت، بۆچی گۆشەی چارشێوەکەت سووتاوە؟ یان بۆچی سەماوەرەکەت دەرەنگ هەڵگیرساندووە؟ یان پێری شەو گۆشتاوەکەت زۆر سوێر بوو! ئینجا چاوە زاق و دادڕاوەکانی دەسووڕاندەوە و قامچییە ڕەشەکەی لێ هەڵدەگرت؛ هەمان ئەو قامچییەی کە دوو گرێی گەورەی لە سەرەکەی دابوو و لە گوێدرێژەکانی دەدا. قامچییەکەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە هەوادا دەسووڕاندەوە و لە قول و باسک و ڕان و ناوقەدی دەدا. کلاوزیڕیش چارشێوەکەی لە خۆی دەئالاند و دەکڕووزایەوە و دەگریا. بە جۆرێک کە دراوسێکان دەهاتنە بەردەرگاکەیان و جنێویان بە گولبەبوو دەدا و نەفرەتیان لێ دەکرد و ئامۆژگاریشیان دەکرد. پاشان گولبەبوو پیلەقەیەکی لە کلاوزیڕ دەدا و قامچییەکەی فڕێ دەدایە سەر ڕەفەکە. بەلام گریان و کڕووزانەوە و ئاهوناڵەی بەئەنقەستی کلاوزیڕ چەندین کاتژمێر درێژەی دەبوو. پاشان گولبەبوو، کە کەیفی بەوە دەهات دەڕۆشتە سووچێکی ژوورەکە و لەسەر چۆک دادەنیشت و پالی بە سندوقەکەوە دەدا و پیپ سەبیلەکەی دادەگیرساند. پانتولە شینە کورتەکەی هەلدەکێشا و تا بنی ڕانی کوی دەکردەوە. قولەپییە قەلەو و بەهێزەکانی، کە بارستاییان هێندەی بستێک دەبوو و هەروەها ڕانە سپییەکانی کە دەکەوتنە دەرەوە، شەهوەتی کلاوزیڕیان دەوروژاند. پاشان گولبەبوو دەیوت، "ئادەی سەگباب، ئەمشەو خواردن چیمان هەیە؟" کلاوزیڕ بە ناز و خەمزەوە هەلدەستایەوە و گۆشتاوەکەی دەهێنا و دەیکردە ناو قاپە مسەکەوە. نانیان لە قاپەکەدا تریت دەکرد و بە پیازەوە دەیانخوارد و دواجار دەستیان بە قولی کراسەکانیان دەسڕی. تەنیا لەو کاتەدا کە پلیتەی چراکەی کز دەکرد و دەیانویست لەناو جێگەوبانە سوورەکەیاندا، کە گولی سەوز و سووری پیوە بوو بخەون، گولبەبوو کلاوزیری ماچ دەکرد و ئاشت دەبوونەوە. ئەمەیش هەموو شەوێک دووپاتە دەبوەوە. هەرچەند کلاوزیر لەژێر قامچییەکانی گولبەبوودا پیشی دەخواردەوە و دەکڕووزایەوە و دەگریا، بەلام لە ڕاستیدا چێژی دەبینی. خۆی لەهەمبەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوڵبەبوودا زۆر بە بچووک و لاواز دەزانی و تا قامچی زیاتری دەخوارد گوڵبەبووی زیاتر خۆش دەویست. دەیویست دەستە بەهێزەکانی ماچ بکات، گونا سوورەکانی، ملی پانی، مەچەکە زل و بەهێزەکانی، لەشە تووکنەکەی، لێوە زل و گۆشتنەکانی، ددانە سپییەکانی، بەتایبەت بۆنی لەشی؛ بۆنی گوڵبەبوو کە بۆنی گەوری دەدا. توندوتیژییەکانی و بەتایبەت لێدانەکانی لە هەموو شتێک زیاتر خۆش دەویست. ئایا مێردی لەوە باشتر لە دنیادا هەبوو؟ دوای نۆ مانگ کلاوزیر کوڕێکی بوو. بەڵام کە منداڵەکە لەدایک بوو دوو هێڵی سوور بە ناوقەدیەوە بوون کە لە شوێنی قامچی دەچوون. کلاوزیر پێی وا بوو ئەم هێڵانە شوێنی قامچییەکانی گوڵبەبووە کە گوازراونەتەوە بۆ جەستەی منداڵەکە. کوڕەکەی بەردەوام کز و لاواز و نەخۆش بوو. ناوی کوڕەکەی نا ماندە عەلی. ئەو ناوەیشی لە ماندگار عەلییەوە وەر گرت، کە ڕیشسپیی پەرەندەک بوو. ئەو ناوەشی لەبەر ئەوە هەڵبژارد کە کوڕەکەی بمێنێتەوە و نەمرێت.

ماوەیەک دواتر ئیشوکاری گوڵبەبوو ڕووی لە کزی نا. یەکێک لە گوێدرێژەکانی مرد و ئەوی تریشیانی فرۆشت و پارەکەیشی خەرجی تلیاککێشان و دوعا و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی کرد. لەوەودوایش ئیتر بەریکوپێکیی کاری نەدەکرد، تا ئەوەی کە ساڵی دواتر پەنج تمەن پارەی دایە دەست کلاوزیر و پێی وت، بۆ ماوەی بیست ڕۆژ دەچم بۆ کار و دەگەڕێمەوە. بیست ڕۆژەکەی بوو بە مانگێک و تەنانەت لە مانگیشی تێپەڕاند. هەرچەند کلاوزیر دەستی بە پارەکانییەوە دەگرت و لە دەمی خۆی و تەنانەت منداڵەکەیشی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەگرتەوە، بەلام بەو حالەیشەوە کاری دەکرد و دەیتوانی سالێکی تر و دوو سالی تریش چاوەڕێی بکات، ئەگەر لەوە دڵنیا بووایەتەوە کە گولبەبوو میردیەتی و دەگەڕێتەوە. کلاوزیر پیی وا بوو هەر ژنیک گولبەبوو ببینیت خوی پی راناگیریت و خوی دەدورینیت و لەوانەیە خیرا میردەکەی لەچنگ دەر بهینیت. لە هەرکەس و هەرشوینیک هەوالی دەپرسی، کەس ئاگای لیی نەبوو، تا ئەوەی کە شەویکیان چووە بەر چایخانەی رەزا سمیل. کە دەرگای کردەوە بونی دووکەلی تلیاکی لیوە دەهات و چەندین دەموچاوی زەرد و چاوگەلی دەرپوقیوی بینی: روخسارگەلی سەیروسەمەرە، کە لەوپەری سەربەستیدا هزری داماو و تیکشکاویان لە دنیای بیهوشیدا دەسووڕانەوە. کلاوزیر غولامی ناسییەوە. بانگی کرد و هەوالی میردەکەی لی پرسی. کەل غولام وتی، "ئاها! بەبوو دەلیی؟ چوو بو ئەو شوینەی کە سالیکی دیکە لەگەل بەفردا بباریت. وازی لە تو هیناوە و جیی هیشتوویت. ژنی هیناوەتەوە و مندالی هەیە. چووەتەوە بو گوندەکەی خویان، زیناباد. بە منیشی وتووە ناوونیشانی بە هیچ کەسیک نەلیم."

"زینئاباد؟"

"بەلی، زیناباد."

کلاوزیر بەوەی زانی کە گولبەبوو فیلی لی کردووە و هەلهاتووە و چووەتەوە بو گوندەکەی خویان. پیشتر زور جار بوی باس کردبوو. کە بنەماڵەکەی لە گوندی زینئابادن لەسەر ریگەی ساری و لەوی دوو برا و بستیک زەوی و خەلە و خەرمانیشیان هەیە. گولبەبوو لەبەر ئەوەی زور تەمەل و تەوەزەل بوو، هەمیشە ئەو هیوایەتەی خوی بو باس کردبوو،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە برواتەوە بۆ ئەوی و بۆی دابنیشێت و هیچ کارێک نەکات؛ وەک خۆی وتەنی، خەیارێک بخوات و قاچی بە دیوارەوە بنێت و بۆی پاڵ بکەوێت. کلاوزێر بەڵێنی پێ دەدا لەوی ئیشوکاری بۆ بکات، بەڵام گوڵبەبوو بەهەندی وەر نەدەگرت و وەڵامی رێکوپێکی پێ نەدەدایەوە. بۆیە کلاوزێر لەناکاو بڕیاری دا بڕوات بۆ مازەندەران و گوڵبەبوو بدۆزێتەوە. ئایا مانگێک چاوەروانی بەس نەبوو؟ ئایا دەیتوانی لەوە زیاتر چاوەری بکات؟ ئیتر بەرگەی دووریی گوڵبەبووی نەدەگرت. هەناسە گەرمەکانی، گەرمای لەشی، تووکە زبرەکانی و بۆنی گەور، ئەوەتانی ئێستایش لەتاو دووریی ئەودا هەموو ئەمانە لەلای ئەفسووناویی بووبوون. بەدڵنیاییشەوە نەیدەتوانی بەبێ گوڵبەبوو بژی. گوێی بە هیچ شتێک نەدەدا و هەرچۆنێک بێت خۆشی دەویست و ئەوەیش بەدەست خۆی نەبوو. ئەوە دوو ساڵ دەبوو، کە تەواو لەگەڵیدا ڕاهاتبوو و ئەوە مانگێکیش دەبوو - لە مانگێک زیاتریش - کە هەواڵی نەدەزانی.

هیوای دەخواست دووبارە گوڵبەبوو بدۆزێتەوە و بە هەمان ئەو قامچییەی، کە لە گوێدرێژەکانی دەدا لێی بداتەوە و بۆ جارێکی دیکەیش - تەنانەت ئەگەر بۆ تاقە جارێکیش بووە - گوڵبەبوو وەکو جاران قەپی لێ بگرێتەوە و لەباوەشی بگرێت. شوێنی جێماوی قامچییەکانی گوڵبەبوو، کە بە باسکیەوە مابوونەوە ماچ دەکرد و بە دەموچاویدا دەستوون و هەموو بیرەوەرییەکانی ڕابردووی بە شێوەیەکی ئەفسووناویی بە بەرچاوەوە زیندوو دەبوونەوە. دەیویست سەرتاپای گوڵبەبوو ماچباران بکات و بۆنی بکات و بیلاوێنێتەوە. کارێک کە پێشتر هەرگیز نەیوێرابوو بیکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیستا درکی پێ کردبوو چەند گرینگ و بەنرخ بووە! کە گولبەبوو بە دەستە زبر و رووشەکانی بە سینگی خۆیەوەی دەگوشی چێژیکی وای دەبرد، کە لە وتن نایەت. برۆ پیکەوەلکاو و سغەکانی، برژانگگەلی زبر و ردینی لەوە زبرتری سووری خەنەکراو، کە وەک دەسکی گسک بە دەموچاویەوە روابوو، لووتی گەورە. گوناگەلی سوور، ژێرچەنەی گۆشتن و قەلەو، هەناسەی گەرمی سووتێنەر، سەری تاشراو، دەمی پان، لێوی سوور، کاتێک زەردالیی دەخوارد شەویلگەی وەک بەردی ئاش هارەی دەهات و ددانە سپییە تیژەکانی پێدا دەچەقاند، چاوە درشت و زاقەکانی بریسکەیان دەهات و شەقەی دەجوولایەوە. ڕوخسارێکی وای هەبوو، کە ئەگەر منداڵێک لە تاریکیدا بیبینیایە دەتۆقی و پێی وا بوو دێو و درنجە، بە بەرچاوی کلاوزێرەوە جوانترین ڕوخسار بوو. بە پێچەوانەوە کە بیری ماڵەوەی خۆیانی دەکەوتەوە، هەموو گیانی هەڵدەلەرزی. ئەو هەموو جنێوانەی کە بیستبوونی، چەپۆکەسەری و نەفرەتکردنی، هەرگیز حەزی نەدەکرد بگەڕێتەوە بۆ ناو ئەو هەموو نەگبەتی و سووکایەتیپێکردنە. ئایا گولبەبوو فریشتەی ڕزگارکەری ئەو نەبوو؟ بەلام تاقە کەسێک، کە خۆشی دەویست میهربانووی کچەدراوسێیان بوو، کە پێی خۆش بوو دیسانەوە بیبینێتەوە، بەلام هەرگیز حەزی نەدەکرد بگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆیان؛ بۆ لای ئەو دەموچاوە پیرانە، ئەو هەلسوکەوتانەی کە خراپتریش بوون، هەرگیز حەزی نەدەکرد بیانبینێتەوە و مردنی سەد جار لەوە پێ باشتر بوو وەک لەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئەلویز. هاتەوە بیری کە لە ڕۆژی ئاهەنگی زەماوەندەکەیدا کیشوەر سوڵتان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەفی دەژەند و نەمەی دەچڕی، "ماڵە باوک نان و هەنجیر
ماڵە مێرد ئەسپون و زەنجەفیل
خودایە پیرۆز بێت!"

کلاوزێر لێدان و کوتوبەندی ماڵەمێردی پێ باشتر بوو وەک لە ماڵی باوکی و ئامادە بوو لە کۆڵانەکاندا دەروزە بکات و نەگەڕێتەوە بۆ ئەو ماڵە. هێشتا نەفرەتەکانی دایکی و ڕۆژی زەماوەندەکەی، کە داوای کرد ڕەوزەی قاسم بخوێنرێتەوە و ئەویش دای لە پرمەی گریان، لەبیر نەچووبووەوە. ئەو دەستە ڕدقەڵە خاڵکوتراوانەی، کە بە کوانووی چێشتخانەکەیدا دەکێشان و وەک بڵێی قسەی لەگەڵ هێزێکی نادیاردا دەکرد و داوای یارمەتی لێ دەکرد. دایکی نەفرەتی دەکرد و دەیوت، "خودایە هەر ئەم کوانووە گەرمە بتگرێت. خودایە جەرگت بسووتێت. زەماوەندت بە شین بگەڕێت..." ئینجا جگە لەوەیش لەوی هەر گوێی لە وا بکە و وا مەکە بێت. بەلای چەپدا بسووڕێتەوە هەزار جۆر جنێو ببیستێت و بەلای ڕاستدا بسووڕێتەوە هەزار جۆر بوختانی بۆ هەڵبەسترێت. دوای ئەوەش بەچاویدا بداتەوە و بڵێت، "ئەی پێم نەوتیت ئەم پاروووە بۆ دەمی تۆ گەورەیە! تۆ شیاوی هیچ نیت. گوڵبەبوو بۆ تۆ نابێتە مێرد." ئینجا لەو جنێوە تەڕ و گورچکبڕانەی پێ بدات! بە بیرهێنانەوەی هەموو ئەمانە بێزی دەهاتەوە. نەخێر، ئامادە بوو مل بە هەموو ڕیسوایی و نەنگییەک بدات بەڵام نەگەڕێتەوە بۆ ئەو ماڵە.

بۆیە هەرگیز نەیدەویست بیر لەوە بکاتەوە کە چیتر گوڵبەبوو نابینێتەوە. بەتەنیا گوڵبەبوو دەیتوانی نیگاکزەکانی ڕووناک بکاتەوە و گیانێکی تازە بە بەری جەستە سیس و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژاکاوەکەیدا بکاتەوە. دەیویست هەرچۆنێک بووە بیدۆزێتەوە. گریمان ژنیشی هێنابێت یان ئیتر ئەوی نەوێت، بەلام هەر ئەوەندەی کە لێیەوە نزیک بێت بۆ ئەو بەسە. ئەگەر تەنانەت لەسەر رێگەی گولبەبوودا دەروزەشی بکردایە، لانی کەم رۆژی جارێک چاوی پێ دەکەوت. ئەگەر لێیشی بدایە و لە خۆی دوور بخستایەتەوە و سووکایەتیشی پێ بکردایە، دیسانەوە باشتر لەوە بوو بگەڕێتەوە بۆ مالەوە. چی بکات، بەدەست خۆی نەبوو، خودا وا خولقاندبووی. ماندە عەلی کوریشی، بوونەوەرێک بوو کە هیچ چاوەڕێی نەکردبوو و دیارە هەستێکی ئەوتۆیشی بەرامبەری نەبوو، بەلام لەو سات و کاتەدا پێویستی پێی هەبوو، چونکە بیستبووی کە مندال بزماری نێوان مقەستە و ئێستایش هیوای بەو چەکەی بوو کە بە دەستیەوە بوو. لەوانەیە بتوانێت بە هۆی مندالەکەوە خۆشەویستییە پچراوەکەیان ساڕێژ بکاتەوە، بۆیە خواردنی باشی پێ دەدا و میوەی بۆ دەکری تا لەگەلیدا رابێت. ئەو توزە خۆشەویستییەیش، کە بەرامبەر بە کورەکەی هەیبوو، لەبەر ئەوە بوو کە قژی سەری لە رەنگی قژی گولبەبوو بوون. بۆ ئەوەش مندالەکەی نەگری و بیانوو نەگرێت، توزێک تلیاکی دەرخوارد دا و مندالەکەش بەردەوام خەو دەیبردەوە. کلاوزیر دلنیا بوو لەوە کە پرسان پرسان گولبەبوو هەر دەدۆزێتەوە، چونکە دل و ناخ و هەستی پێی دەوت بە ئامانجەکەی دەگات؛ ناخێک کە هەرگیز درۆی لەگەل نەکردبوو.

هەر ئەو رۆژەی کە بڕیاری دا بەدوای مێردەکەیدا بگەڕێت،



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

مومیکی برد بۆ سەقاخانەی[1] نزیکماڵەکەیان و مرازی کرد تا گولبەبوو بدۆزیتەوە. پاشان سەماوەرە برنجەکە و مەنجەڵە مسەکەی کە هەموو پیتەکی بوو، فرۆشتی بە سێ تمەن و چوار قران. دوانزە قران قەرزی دوکاندارەکانی گەرەکی پێ دایەوە و دوو تمەن و دوو قرانیشی دانا بۆ ئەم سەفەرەی. هەرچی وردەکەلوپەلیشی هەبوو لە سندوقێکی ئاسنی دانان و بەئامانەت وەک بارمتەی قەرزەکەی لای خاوەنماڵەکەی جێی هێشت. پاشان دوو کراسی بۆ ماندە عەلی و برێک نان و پەنیر و برێکیش لەو زەردالییەی کە گولبەبوو زۆری لێ دەخوارد، لە توشەبەرێکدا هەڵگرت و دوای سێ رۆژ راکەراک توانیی بلیتێکی بۆ مازەندەران دەست بکەوێت. بۆ رۆژی دواتر بەرەبەیان بەڕێ کەوت، بەڵام چونکە هۆشی لەسەر خۆی نەبوو لەبریی ئەوەی سواری ئوتومبێلی مازەندەران بێت، بەهەڵە لە شەمیران گیرسایەوە. لەوێ پۆلیسێک بە ئوتومبێل گەراندیەوە و دیسانەوە لە دەروازەی شەمیران سواری ئوتومبێل بوو بەرەو مازەندەران.

***

ئوتومبێلەکە لە شاهی[2] وەستا. هەوا خەریک بوو تاریک دادەهات. بیناگەلی تازەساز و هاتوچووی خەڵکی ئەسمەر، پیاوگەلێک کە عەبای شین و کاڵە و پانتۆڵی دەلپی

---

١ - سەقاخانە بەو شوێنانە دەوترێت، کە ئاوی تێدا دادەنێن بۆ رێبوارانی تینوو، ئەوەیش یەکێکە لە باوەڕەکانی پەیڕەوکارانی ئاینی شیعە. (و. ک.)
٢ - شارێکە سەر بە مازەندەران لە باکووری ئێران. (و. ک.)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شینیان لەپی بوو و کتومت لە گولبەبوو دەچوون. دوو لە سەرنشینەکان لەوی دابەزین و جیگەکەیان کەمیک کرایەوە. ئوتومبیلەکە دیسانەوە کەوتە ری. هەوا شیدار و تەماوی و تاریک بووبوو. کلاوزیر لە ناخیدا هەستی بە ئارامی و خوشییەکی چیژبەخش دەکرد، وەک دلخوشیی کەسیک، کە بەبی پارە و هیوا و بەبی هیچ داهاتوویەکی روون، بە پیخشکی لە شاریکی نامودا ریگە دەبریت. لەشی هیلاک و لیوی تینوو و کەمیکیش هەستی بە برسیتی دەکرد. بەلام دەنگ و جوولەی نەبراوەی ئوتومبیلەکە، هەوای تاریک، ئەو مروڤانەی کە بە چواردەوریدا دەسوورانەوە، دەنگی هەناسەی بەردەوامی کورەکەی و بەتایبەت شەکەتی، وای لی کرد خەو بیباتەوە. کاتیک بەخەبەر هاتەوە گەیشتبووە شاری ساری. توشەبەرەکەی هەلگرت و مندالەکەی لەباوەش گرت و لە ئوتومبیلەکە دابەزی. شار بەناو تاریکیدا رو چووبوو. وەک بلیی خانووەکان و درەختەکان و سەوزاییەکان لە رەشایی یان دووکەلیکی نەرمی رەش چی کرابیتن. جارناجار دەنگی کرووزانەوەی بالندەیەک لە دوورەوە بیدەنگییەکەی دەشکاند، نالەیەکی سکالائاسای دوور بوو. چراکان لە دووردوە دەبریسکانەوە. لە هەیوانی بالەخانەیەکدا کچیک بە چارشیوی سپییەوە وەستابوو، بەلام کلاوزیر هیچ لە چواردەوری خوی نەیدەروانی و جگە لە دەنگی گولبەبوو هیچ دەنگیکی دیکەی نەدەبیست و جگە لە دەموچاوی گولبەبوو هیچ دەموچاویکی دیکەی نەدەبینی. لە بەردەم دوکانیکی وردەوالەدا دوو پیاو دانیشتبوون. پرسیاری زینئابادی لی کردن. یەکیکیان وتی، لەسەر ریگەی سارییە. قاپیک ئاوی لیبوو، هەلی گرت و هەلی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قۆڕاند. بەبێ هیچ شوێنێک و بەبێ هیچ ئیرادەیەک مەودایەکی بڕیک دووری بڕی، چونکە نە شوێنێکی هەبوو بۆی بچێت و نە کەسیشی دەناسی، بەڵام سەرباری هەموو ئەمانە چونکە دڵنیا بوو لەوەی کە لە گوڵبەبوو نزیکتر بووەتەوە، دڵەڕاوکێکەی ڕەوی بووەوە و ئەو شوێنەیشی بەلاوە ناسیاوتر و میواندارتر دەهاتە بەرچاو. دواتر لە گۆشەی چارشێوەکەیەوە قرانێکی دەر هێنا و نانی تازە و سەوزە و تلیاکی پێ کڕی و چووە بەردەرگای خانوویەک و لەژێر ڕووناکییەک دانیشت. تۆشەبەرەی کردەوە و شێوی خوارد و بەشی کورەکەیشی دا. پاشانیش چووە ژێر سەیوانێک و خەوت. بەرەبەیان کە بەخەبەر هاتەوە، چوو بۆ فولکەی شارەکە و دوای کاتژمێرێک چەنەلێدان، گوێدرێژێکی بە چوار قران بەکری گرت تا بیگەیێنێتە زینئاباد. سەر کەوت. هەوا هەور و تەم و ئاوس بوو بە هەڕەشەیەکی کپ و بێدەنگ، بە جۆرێک کە سەردڵی مرۆڤی پێ دەگیرا. مێشوولە بە تەوێڵی کورەکەیەوەی دابوو و ئاوسابوو. مەودایەکی دووروودرێژ بە سواری گوێدرێژەکەوە بوو و بەناو سەوزەلانییەکان و لەژێر هەتاو و باران و بەناو قەوزەکاندا تێپەڕی. دیمەنەکانی ئەو ناوە لەڕادەبەدەر جوان و دڵڕفێن بوون، کێوی جوان و پێدەشتی سەرسەوز و هەورگەلی سپی و بۆر وەک ژێرزگی مراوی وا بوون و بەردەوام ڕەنگ و شێوەیان دەگۆڕی. کە گەیشتە ئاسیاسەر دیسانەوە باران دای کردەوە، ڕەهێلەیەکی توند بوو. چارشێوەکەی بە سەرەوە تەڕوتلیس بووبوو. پەنایان بردە ژێر دارێک کە بۆنی نیشاستە و بۆچەک و پیسایی بەخۆوە گرتبوو. دیسانەوە بەڕێ کەوتنەوە. کڵاوزێر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماندە عەلی لەباوەش گرتبوو و بە خوێیەوەی نووساندبوو و تەنیا توزێک بەردەمی خوی لی دیاربوو. دلی توند لیی دەدا و بەردەوام بیری لە یەکەم دیداری لەگەل گولبەبوو دەکردەوە. کەمێک پێش نیوەرۆ گەیشتنە زینئاباد. کە لە قولکەیەکدا دابەزی و ویستی لە گوشەی چارشێوەکەیەوە پارە دەر بهێنێت و کرێکەی بدات، زانی گوشەی چارشێوەکەی کراوەتەوە و هیچ پارەی تێدا نییە. بلێی کەسێک دزیبێتی؟ نەخێر، کەس نەیدەتوانی لە گوشەی چارشێوەکەیەوە پارە بدزێت. بلێی لەبیری چووبێت یان ئاگای لە خوی نەبووبێت و کەمتەرخەمی کردبێت؟ ئەگەری هەموو ئەمانە هەبوو بەلام هەرچییەک بێت کیشەکەی ئێستای چارەسەر نابێت. دوای برێک دەمەقالی کابرای خاوەنگوێدرێژ، کە بە ئاخافتنیدا دیار بوو تورک زمانە، توشەبەرەکەی لی سەند و هەچەی لە گوێدرێژ کرد و رۆیشت. بەلام ئەوە چ گرنگییەکی هەبوو؟ چونکە کلاوزێر نەگەیشتبووە ئامانجەکەی خوی. ئەی لەناو گوندەکەی گولبەبوو و لەوێشەوە نزیک نەبوو؟ هەر ئێستا دەروات و خانووەکەی گولبەبوو دەدوزێتەوە و باسی سەفەرەکەی بو دەکات و کیشەکانی چارەسەر دەبن. هەزاران تمەن لەم پارانە بە قوربانی تالەقژێکی گولبەبوو بن! چاوێکی بە چواردەوری خوێدا گێرا. گوندەکە بچووک و نزم دەهاتە بەرچاو و لە خوارەوەی دولێکدا هەلکەوتبوو. چواردەوری بە زەویی کێلراو و کشتوکال گیرابوو و وا پێدەچوو گوندەکە و تێکرای خەلکەکەیشی خەو بردبێتنیەوە. سەگەشوانێک لە دوورەوە دەوەری و دەنگی پیاوێک دەهات کە بانگی دەکرد، "بەبوو... ئوهووزو بەبوو..." کلاوزێر بە بیستنی ئەم ناوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دڵی داخورپا، بەڵام بینی ئەو پیاوەی، کە بەدوای دەنگەکەدا دەڕوات بەبووکەی ئەو نییە. لەبنی دیوارێکدا دوو مراوی سەرخەویان دەشکاند و مریشکێکیش لەسەرخۆی چینەی دەکرد. لە زبڵدانێکدا سەتڵێکی شکاو و پارچەیەک قوماش و برێک توێکڵە خەیار هەڵرژابوون. کەمێک لەولاتر دوو مریشک کزیان کردبوو و هەرکامەشیان قاچێکیان خستبووە ژێر باڵیانەوە. جریوەجریوی چۆلەکەکان دەهات و بۆ ماوەیەک کەشێکی خۆش و دڵبزوێنیان هێنابووە ئاراوە. لە فولکەکەدا سێ کوریژگەی گوندەکە بە دەمی داچەقیوەوە لەویان دەڕوانی. پیرەپیاوێک لە بەردەم دوکانی فرۆشتنی بەهارات دانیشتبوو و پۆلێک قازی کێوی بە دەنگ و هەرایەکی زۆرەوە لە شێوەی زنجیرێک بە ئاسماندا دەفڕین. کلاوزێر چووە لای پیرەپیاوەکە و وتی، "ماڵی بابا فەرۆخ کامەیە؟"

پیرەپیاوەکە بە دەست ئاماژەی بۆ خانوویەکی تا رادەیەک بەرز کرد کە لە دوورەوە دیار بوو. وتیشی، "ئەو خانووە دەبینی، وا باڵکۆنی هەیە؟ ئەو خانووەیە. بەدوای ئیشوکاردا دەگەڕێی؟"

"دەمەوی گوڵبەبوو ببینم."

"چ کارێکت بەو هەیە؟"

"من ژنی گوڵبەبووم. لە تارانەوە هاتووم. ئەمەیش ماندە عەلی کورمە."

"ئی... ئی... گوڵبەبوو وازی لەو ژنەی هێناوە و تەڵاقی داوە و تۆیش لەخۆڕا هاتوویت."

پاشان ڕووی لە حەوشەکەیان کرد و بانگی کرد، "ئۆهۆووو بەبوو... ئۆهۆووو بەبوو... ئا ودرە..."



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەلافەتی نەتاشراوی گولبەبوو بە کراسی ئیخەکراوە و چاوی ئاوساو و خەوالوودوە لە لاشیپانی دەرگاکەوە وەدەر کەوت. کە توپەلیک تووک لەژیر ملیەوە هەلتوقیبوو. ژنیکی زەردەلەی رەقەلەیش شانبەشانی هات و خوی بە گولبەبوورەوە نووساند. جیی قامچییش بە تەویلی ژنەکەوە دیار بوو و هەلدەلەرزی و قولی گولبەبووی گرتبوو، وەک بلیی لەوە دەترسا میردەکەی لی بسەنن. هەر کە کلاوزیر گولبەبووی بینی بە دەنگی بەرز بانگی کرد، "بەبوو گیان! بەبوو... ئەوە منم هاتووم بو لات."

بەلام گولبەبوو ریک تەماشای نیوچاوانی کرد و وتی، "من تو ناناسم. لیرە برو."

پیرەژنیک خوی هەلقورتاند و وتی، "چیت لە گیانی کورەکەم دەویت؟ هەی بیشەرم! ئەم کورەیش زولە و دەتەویت بیخەیتە ئەستوی کورەکەم!"

گولبەبوو وتی، "دیارە گیژیت و بەهەلە هاتوویتە ئیرە."

کلاوزیر تەواو حەپەسابوو. بەلام چاوەریی ئەم حاشاکردنەی گولبەبووی نەکردبوو. ئەو هەلسوکەوتەیان هەستیکی رق و نەفرەتی ئەوتوی لەلا دروست کرد، کە هەموو خەسلەتە باشەکانی گولبەبووی لەبیر کرد و بە تەوس و توانجەوە وتی، "کەواتە مندالەکەت بگرە و گەورەی بکە، من هیچم نییە خەرجی بکەم."

دایکی گولبەبوو وتی. "ئەم مندالە زولە و من چووزانم لەکویت هیناوە؟"

کلاوزیر ئیتر زانی دوراندوویەتی. چاوی بریبە ناوچاوی گولبەبوو بەلام چاوەکانی هیندە درندە و توورە دیار بوون،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە هەرگیز لەوە پێشتر ئاوها نەیبینیبوو. دیار بوو ژیانی دابین بووە و بۆ خۆی ژیانێکی ئاسوودەی پێکەوە ناوە و بە ئامانجەکانی گەیشتووە. نەیدەویست لەوە زیاتر بیری لێ بکاتەوە و بە نیگا پڕ لە سووکایەتییەکاندا وا پێدەچوو هەرگیز ئامادە نەبێت بیبینێتەوە. کلاوزێر لەوە تێگەیشت، کە ئیدی پیاگری سوودی نییە و بەعەزرەتەوە لەو جێی قامچییانەی دەڕوانی، کە بە جەستەی ئەو ژنە لاوەوە بوون، کە خۆی بە گولبەبووە نووساندبوو. کەچی کاس ئاغای دایکی گولبەبوو کتومت وەک دایکی خۆی دەستە ڕەقەڵەکانی ڕادەوەشاند و بە زمانێک کە ئەو لێی تێنەدەگەیشت جنێوی دەدا و نەفرەتی دەکرد.

کلاوزێر بە هەنگاوی هێمن و لەسەرخۆ، بەرەو قولکەکە گەڕایەوە. بەڵام بیروکەیەک بە مێشکیدا ختووری کرد. وەستا و منداڵەکەی کە سەرخەوی دەشکاند لەبەر دەرگای ماڵێکدا دانا و پێی وت، "گیانی دایە! تۆ لێرە دانیشە وا زوو دیمەوە بەدواتدا."

کورەکە وەک بووکەڵەیەکی گوێڕایەڵ و ملکەچ دانیشت. دیارە کلاوزێر ئیدی بەتەما نەبوو بگەڕێتەوە و تەنانەت ماچی منداڵەکەیشی نەکرد، چونکە ئەو منداڵە هیچ بەکەڵکی ئەو نەدەهات و تەنیا بارێکی قورس و خەرجێکی زیادە بوو و هیچی تر. وا ئێستایش لەکۆڵ خۆی کردەوە. وەک چۆن گولبەبوو تاراندبووی و تەنانەت دایکی خۆیشی دەری کردبوو، وەک چۆن لە دایکیەوە فێری بەخشینی سۆز و خۆشەویستی بووبوو، ئەویش پێویستی بەو منداڵە نەبوو. ئیتر تەواو دەستبەتاڵ ببوو، نە قرانێک پارە و نە منداڵ و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نە توشەبەرە. هەناسەیەکی ئیسراحەتی هەلمژی. ئیستا ئیتر سەربەست بوو و دەیزانی دەبیت لەودبەدوا چی بکات. کە گەیشتە فولکەکە چاویکی بە دەوروبەری خویدا گیرا. پیرەپیاوەکە هیشتا لەسەر سەکوکانی پال دوکانەکەیدا دانیشتبوو و سەرخەوی دەشکاند. وەک ئەوە وا بوو هەموو تەمەنی بەسەر ئەو سەکویانەدا تیپەر کردبیت و هەر لەویش پیر بووبیت. سی کوریژگەکە لەنزیک دوکانەکە یارییان بە خاکوخول دەکرد. هەمووان خەریکی کاروبار و کاتکوشتنی خویان بوون و کەس ئاگای لەو نەبوو. کەلەشیریکی گەورەی لارییش کە ئەو پیشتر نەیبینیبوو بالی لیک دەدا و بە دەنگیکی گر دەیقووقاند. کەس ئاوری نەدەدایەوە لیی بروانیت. وەک ئەوە وا بوو ژیان هیچ گرنگییەکی بە پیشهاتەکانی ئەو نەدەدا. ئاخو لەودبەدوا چارەنووسی چی دەبیت؟ دەیویست هەرچی زووترە لەو ناوە هەلبیت تا لانی کەم خوی لەدەست مندالەکەی قوتار بکات. ئیستا ئیدی هەموو ئەرک و بەرپرسیارێتییەکی لەکول بووبوودوە. هەوا گەرم و شیدار و خنکاو بوو و خەرمانەیەکی گەرمی هاوشیودی هەناسەی دەمی مروڤی تاگرتوو لە وەرزی سەرمادا بە هەوادا بلاو بووبوودوە. بیئیرادە، بەبی هیچ پلانیک، بە هەنگاوگەلی خیرا لە بەردەم خانووەکان و بەناو کولانەکاندا دەرویشت و هەر کە گەیشتە لای کیلگە و سەوزاییەکان، شارییەکی گرتە بەر، بەلام ریک لەو کاتەدا پیاویکی لاوی بینی کە قامچییەدەست، بەهیز، سووروسپی، بە سواری گویدریژیک و گویدریژیکی تریش بە بەردەمیدا دەرویشت و زەنگەیان بە ملەوە هەلواسرابوو و جرینگەیان دەهات. کە لە کلاوزیر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نزیک بووەوە کلاوزیر پێی وت، "خێرت دەگاتی."

پیاوەکە گویدرێژەکەی وەستاند و وتی، "چیت دەویت؟"

"لێرە غەریبم و کەسم نییە، منیش لەگەل خوت ببە."

پیاوەکە بە دەست ئاماژەی بو گویدرێژەکە کرد و گویدرێژەکەی ڕاگرت. دابەزی و کلاوزیری سوار کرد. خویشی سواری گویدرێژەکەی تر بوو، بەلام هیچ ئاوری بو دواوە نەدایەوە تەنانەت دەموچاویشی ببینیت. پاشان قامچییەکەی بە هەوادا سووڕاندەوە و لەپشتی گویدرێژەکەی سرەواند. زەنگلەکان جرینگەیان هات و بەڕێ کەوتن. کە بەقەراخی جوگەلەیەکدا تێدەپەڕین پیاوە لاوەکە دەستی برد لقێک جوی لێ کردەوە و نایە دەمی و بە ئاوازێکی تایبەت کە بە گویی کلاوزیر ئاشنا بوو فیکەی لێدەدا. ئەمە هەمان ئەو ئاوازە بوو کە گولبەبوو لە کاتی ترێچنینەوەدا دەیوتەوە. ڕێک هەمان ئەو ڕوژە بوو کە لە باخەڕەزەکاندا تووشی هات:

پێڵاوەکانم لەکوێن؟ هەی لێ لێ
با پێکەوە بڕۆین بۆ چەڵتووکجاڕ هەی لێ لێ
لەم چەڵتووکجاڕەوە بۆ ئەو چەڵتووکجاڕ
وەرە با پێکەوە بڕۆین بۆ چەڵتووکجاڕ هەی لێ لێ
پێکەوە کار بکەین تۆ خوشکی منیت.

کلاوزیر لەو کاتەدا هەموو ژیانی، لاویتی، نەفرەت و جنێوەکانی دایکی و هەروەها ئەو شەوە مانگەشەوەی کە لەگەل گولبەبوو بەرەو تاران دەچوون، نەفرەت و جنێوەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دایکی گوڵبەبوو، هەموو ئەمانەی بە بەرچاودا زیندوو بوونەوە. هەرچەند برسی و تینوو بوو، بەڵام لە ناخیدا شادمان و دڵخۆش بوو. نەیدەزانی بۆچی لەگەڵی کەوتووە و بۆ کوێ دەڕوات، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، لای خۆیەوە ئاوها بیری دەکردەوە، "ڕەنگە ئەم لاوەیش خووی قامچیلێدانی هەبێت و لەشی بۆنی گۆیدریژ و گەوڕ بدات."



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بووکەشووشەی پشتی پەردە

پشووی هاوینە دەستی پێ کردبوو. لە ڕاڕەوی خوێندنگەی دواناوەندیی کورانی لوهاڤەر خوێندکارانی بەشی شەووڕۆژی، دڵخۆش و شادمان و بەدەم قیکەلێدانەوە خوێندنگەیان جێ دەهێشت. بەتەنیا میهرداد کڵاوەکەی بە دەستەوە گرتبوو و وەک بازرگانێک، کە کەشتییەکانی نوقم بووبن بەخەمباری بەدیار جانتاکەیەوە وەستابوو. بەڕێوەبەری قوتابخانە، کە پیاوێکی کەچەڵ و زگشۆر بوو، لێی هاتە پێشی و وتی، "ئێوەش دەڕۆن؟"

میهرداد هەتا بناگوێی سوور هەڵگەڕا و سەری داخست. بەڕێوەبەر دیسانەوە وتی، "ئێمە زۆر بەداخەوەین، کە ئێوە ساڵی داهاتوو لەم خوێندنگەیەدا نابن. بەڕاستی ئێوە نموونەی هەڵسوکەوت و ئاکار و ڕەوشتی باشن، بەڵام با ئامۆژگارییەکتان بکەم، لەمەودوا ئەوەندە شەرمن مەبن، کەمێک ئازاتر بن. ئەوە شیاوی لاوێکی شایستەی وەکو ئێوە نییە. مرۆڤ دەبێت لە ژیاندا بوێر و ئازا بێت!"

میهرداد لەبریی وەڵام وتی. "منیش بەداخەوەم کە ئەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خویندنگەیە جێ دێلم."

بەڕێوەبەر پێکەنی و دەستی خستە سەرشانی و ماڵئاوایی لێ کرد. دەستی گوشی و لێی دوور کەوتەوە. دەرگاوانی خویندنگە جانتاکەی میهردادی هەڵگرت و تا کۆتاییی شەقامی ئاناتول فرانس بۆی هەڵگرت و خستیە ناو تەکسییەوە. میهردادیش دەستخۆشانەیەکی پێ دا و ماڵئاواییان لە یەکتری کرد."

نۆ مانگ دەبوو میهرداد لە خویندنگەی لوهاڤەر خەریکی تەواوکردنی زمانی فەرەنسی بوو. ئەو ڕۆژەی کە لە پاریس لە هاوڕێکانی جیا بووەوە، وەک مەڕێک، کە بەزۆر لە هاوڕێکانی دای ببڕن، ملکەچ و گوێڕایەڵ بەرەو خویندنگەی لوهاڤەر بەڕێ کەوت. هەڵسوکەوت و ئاکار و ڕەوشتی لە خویندنگەدا زۆر بەدڵی بەڕێوەبەر بوو و گەلێک جار وەسفی دەکرد. گوێڕایەڵ، خاکەڕا و بێدەنگ، شێلگیر لە خویندن و مەشقەکانیدا. ڕێک بەگوێرەی بەرنامە و ڕێنماییەکانی خویندنگە دەجوولایەوە بەلام بەردەوام خەمبار و خەموک بوو. جگە لە جێبەجێکردن و لەبەرکردنی وانەکانی هیچی دیکەی نەدەزانی. وەک بڵێی تەنیا بۆ خویندن و ئامادەکردنی وانەکانی خویندنگە لەدایک بووبێت. فکری لە خویندنگە و وانە و کتێب بەو لاوە تێپەری نەدەکرد. دەموچاوی ئاسایی بوو: قژی زەرد و بالابەرز و لاواز، چاوەکانی خڕتی ساردوسڕ و برژانگەکانی ڕەش و لووتی بچووک و ڕدینی کوسە بوو، کە سێ ڕۆژ جارێک دەیتاشی. ژیانی پلانبۆدارێژراو، خواردنی پلانبۆدارێژراو، وانە خویندنەوەی پلانبۆدارێژراو، خەوتنی پلانبۆدارێژراو و لەخەوهەستانی پلانبۆدارێژراو،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموو ئەمانە رۆحی ئەویان وەک ئامێرێکی پلانبۆدارێژراو بار هێنابوو. زۆر جار لەناو دیوارە بەرز و دووکەلاوییەکانی خوێندنگە و لەناو ئەو خوێندکارانەدا، کە بیر و هزریان لەگەڵ یەکدیدا نەدەهاتەوە و لە زمانیان تێنەدەگەیشت و ئاکار و هەڵسوکەوتیان بەلایەوە نامۆ بوو و خواردنی لە جۆری دیکەیان دەخوارد، هەستی بەتەنیایی و بێبەشی دەکرد، ڕێک وەک هەستی بەندکراوێک وا بوو. ڕۆژانی یەکشەممەیش، کە چەند کاتژمێرێک موڵەتی وەر دەگرت و دەچوو بۆ پیاسە و کاتبەسەربردن، لەبەر ئەوەی کە حەزی لە شانۆ و سینەما نەبوو، لە باخی گشتیدا چەندین کاتژمێر لەسەر کەتەیەک دادەنیشت و تەماشای کچان و ئەو خەڵکەی دەکرد کە لە هاتوچودا بوون، هەروەها تەماشای ئەو ژنانەی کە شتیان دەچنی و چۆلەکەکان و کوترەشینەکانیش، کە بەسەربەستی بەناو سەوزاییەکاندا خنچکەخنچ بە ڕێگەدا دەڕۆیشتن. هەندێک جاریش بە لاساییکردنەوەی خەڵکانی تر پارچەنانێکی لەگەڵ خۆی دەبرد و وردی دەکرد و دەیپرشتە بەردەم چۆلەکەکان، یان بۆ سەر گردێکی ڕوو لە فارها سەر دەکەوت و لەوێ لە شەپۆلەکانی دەریا و دیمەنە دوورەکانی شاری دەڕوانی. چونکە بیستبووی لامارتینیش لەقەراخ دەریای بورژێدا هەمان کاری کردووە. ئەگەریش هەوا سازگار نەبووایە لە کافییەک دادەنیشت و بە وانەکانیدا دەچووەوە. ئەوەندەش ئیسکقورس بوو نە هاوڕێی هەبوو نە هاودەمێک و هیچ ئێرانییەکی دیکەیشی نەدەناسی هەڵسونیشتی لەگەڵدا بکات.

میهرداد لەو کوڕە چاو و گوێداخراوانە بوو کە لە ئێرانیشدا لەناو بنەماڵەکەیدا بووبووە وێردی سەر زاران و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێشتایش، کە ناوی ژنی دەبیست هەر لە تەویلیەوە هەتا بناگوێی سوور هەڵدەگەڕا. خوێندکارە فەرەنسییەکان گاڵتەیان پێ دەکرد و هەرکاتێک ئەوان باسی ژن و سەما و ڕابواردن و وەرزش و ڕابواردنە سێکسییەکانیان دەکرد، ئەو تەنیا لەبەر ڕێزلێگرتنیان قسەکانیانی پشتڕاست دەکردەوە، بەبێ ئەوەی کە بتوانێت تاقە وشەیەک لە پەیوەندیی بە ژیانی خۆی بخاتە سەر سەربوردە سوزدارییەکانی ئەوان. چونکە بەنازپەروەردە و ترسنۆک و خەمبار و خەمۆکبار هاتبوو. هەرگیز قسەی لەگەڵ ژنی نامەحرەمدا نەکردبوو و دایک و باوکی تا توانیبوویان مێشکیان لە پەند و ئامۆژگاریی هەزاران ساڵ لەوەبەر ئاخنیبوو. ئینجا بۆ ئەوەیش کوڕەکەیان بە لاڕێدا نەڕوات درەخشەندەی کچی مامیان بۆ نیشان کردبوو و شیرینیشیان خواردبوو، ئەوەشیان بە دواپلەی فیداکاریی دەزانی و منەتیشیان بەسەر کوڕەکەیاندا دەکرد و بە وتەی خۆیان، کوڕێکی چاوپاک و دەستپاک و نموونەی ئاکار و ڕەوشتیان پەروەردە کردبوو، کە بەکەڵکی دوو هەزار ساڵ لەوەوپێش دەهات. میهرداد تەمەنی بیستوچوار ساڵ بوو بەڵام هێشتا هێندەی منداڵێکی چواردە ساڵانی ئەورووپی ئازایەتی، ئەزموون، پەروەردە، بوێری و چاونەترسی تێدا نەبوو. هەمیشە خەمناک و داتەپیو بوو، وەک بڵێی چاوەڕێ بوو شتێکری بچێتە سەر مێنبەر و ئەویش بگری. تاقە یادەوەریی سوزدارانەی ئەو ڕۆژە بوو، کە لە تارانەوە بەڕێ دەکەوت و درەخشەندە بە چاوی فرمێسکاوییەوە هاتبوو بۆ ماڵئاواییلێکردنی. بەڵام ئەو هیچ وشەیەکی نەدۆزییەوە دڵی پێ بداتەوە. دیارە شەرم نەیهێشت. هەرچەند لەگەڵ کچە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مامەکەی لە مالیکدا گەورە بووبوون و بەمندالی هەر پیکەوە یارییان کردبوو، بەلام تا ئەو کاتەی کەشتیی کراسین بەندەری جی هیشت و ئاوی دەریای ئەشکاوت و کەناراوی سەوز و شیداری ئیران هیدی هیدی لەپشت تەم و تاریکیدا لە بەرچاوان ون بوو. هیشتایش بیری لە درەخشەندە دەکردەوە. چەند مانگی سەرەتای نیشتەجیبوونیشی لە ئەورووپا زور جار بیری دەکرد بەلام دواتر وردەوردە درەخشەندەی لەبیر کرد.

لە ماوەی خویندنیدا چەندین جار پشوویان هەبوو، بەلام لە هەموو پشووکانیشدا لە خویندنگە دەمایەوە و خوی بە خویندنی وانەکانیەوە سەرقال دەکرد و هەمیشە بەلینی بە خوی دەدا لە سی مانگی پشووی هاوینەدا قەرەبووی بکاتەوە. ئیستا کە بە بروانامەی پلەبەرز لە خویندنگە هاتە دەرەوە، لە شەقامی ئاناتول فرانسدا بو دواجار لە بینادووکەلاوییەکەی خویندنگەی روانی و لەبەر خویەوە مالئاوایی لی کرد و یەکسەر چوو بو ئەو پانسیونەی کە پیشتر بینیبووی. ژووریکی بەکری گرت و هیندە سەربوردەی سوزدارانە و چیژ و خوشییەکانی هاوپولەکانی گوی لی بووبوو و هیندە وەسفی گراند تاڤەر و گازینو و دانسینگ رویالیان[1] بو کردبوو، کە هەمان شەوی یەکەم. هەزار و هەشت سەد فرانک پارەی مانگانەکەی خستە گیرفان و بریاری دا بو یەکەم جار بروات بو گازینو. سەری شەو ردینەکەی تاشی و شیوی خوارد و پیش ئەوەی بروات بو گازینو، لەبەر ئەوەی، کە هیشتا کاتی زوری بەدەستەوە بوو بە مەبەستی پیاسەکردن بەرەو کولانی پاریس بەری کەوت، کە قەرەبالغترین کولانی لوهاڤەر بوو

1 - Grand Tavern, Casino, Dancing Royal



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و بەرەو بەندەرەکە کۆتایی دەهات. بەئارامی ڕێگەی دەبڕی و هەر بۆ خۆشی و کاتبەسەربردن چاوی بە چواردەوریدا دەگێڕا و تەماشای جامخانەی دوکانەکانی دەکرد. پارەی هەبوو، سەربەست بوو، سێ مانگیش کاتی لە بەردەستدا بوو و ئەمشەویش دەیویست کەڵک لەم سەربەستییەی وەر بگرێت و بچێت بۆ گازینۆ. واتە ئەو بینا جوانە کە دەیان جار بە بەردەمیدا تێپەڕیبوو بەڵام هەرگیز نەیویرابوو خۆی بکات بە ژووردا، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەمشەو دەڕوات و کێ دەزانێت لەوانەیە چەند کچێکیش حەزیان لە چاو و برۆ ڕەشەکانی بکات. لەپڕێکدا لە جامخانەی دوکانێکدا چاوی بە پەیکەری ژنێکی قژبۆر کەوت، کە سەری تۆزێک خوار کردبووەوە و بزەی دەکرد. برژانگگەلی درێژ، چاوی درشت و ژێرملی سپی و دەستێکیشی لە کەمەر نابوو. پەیکەرەکە بە جلە کەسکەکانیەوە لەژێر تیشکی شینی گلۆپەکەدا جیلوەیەکی ئێجگار سەرسوڕهێنەری بەخۆوە گرتبوو، بە جۆرێک کە میهرداد بەبێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت وەستا و لە جێی خۆیدا وشک بوو و ڕۆچووە ناو جوانیی پەیکەرەکەوە. پەیکەر نەبوو، ژنێک بوو، تەنانەت لە ژنیش باشتر، فریشتەیەک بوو کە بەبزەوە لێی دەڕوانی. چاوە شینە تۆخەکانی، بزە دڵڕفێنەکەی، بزەیەک، کە هەرگیز نەیدەتوانی لە مێشکیدا بیری لێ بکاتەوە، لەشولاری جوان و ڕێکوپێک، هەموو ئەم تایبەتمەندییانەی تەنانەت لە سەروو نموونەکانی خۆشەویستی و فکر و جوانییەوە بوون. جگە لەوەیش ئەو کچە قسەی لەگەڵ نەدەکرد و ئەمیش ناچار نەبوو بەدرۆ خۆشەویستی بەرامبەر بنوێنێت، ناچار نەبوو ڕاکەڕاکەی بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکات، ئیرەیی بەریت. هەمیشە بێدەنگ دەبوو، بێدەنگییەکی جوان و دڵبزوێن. ئەوپەڕی فکر و ئایدیالەکانی ئەوی بەرجەستە دەکردەوە. نە خواردنی دەویست، نە جلوبەرگ. نە بروبیانووی پێ دەگرت و نەخۆش دەکەوت و نە خەرجی هەبوو. هەمیشە دڵخۆش و ڕەزامەند، هەمیشە دەمبەپێکەنین. لە هەموو ئەمانەیش گرینگتر ئەوە بوو کە قسەی نەدەکرد، بیروڕای خۆی دەر نەدەبڕی و لەوەیش نەدەترسا کە ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکدیدا نەگونجێت. نەدەگۆڕرا، لەشولاری تێک نەدەچوو. دیارە لەو ساتەوەختەدا هەوا سارد بوو. هەموو ئەم بیر و ئەندیشانە بە مێشکیدا ختووڕەیان کرد. ئاخۆ دەکرا؟ ئاخۆ دەیتوانی بەدەستی بهێنێت؟ بۆنی بکات؟ بیلیسێتەوە؟ ئەو بۆنەی لێ بدات کە خۆی حەزی لێ بوو؟ جگە لەوە شەرمیشی لێ نەدەکرد، چونکە هەرگیز لە قاوی نەدەدا و هیچی لێ نەدەشاردەوە و ئەویش بۆ هەتایە هەمان ئەو میهرەدادە چاوپاک و دڵپاک و میهرەبانە دەمێنێتەوە، بەڵام ئەی پەیکەرەکە لەکوێ دابنێت؟

نەخێر، هیچکام لەو ژنانەی کە پێشتر بینیبوونی، هێندەی ئەم جوان و دەلال نەبوون. تۆ بڵێی هێندەی ئەم جوان بن؟ بزە و شێوەی چاوەکانی، ڕوحێکی وایان پێ بەخشیبوو، کە ڕێک وەک بڵێی گیانی تێدا بێت. هەموو هێڵ و ڕەنگ و جوانییەک، کە ئەو بیری لێ دەکردەوە لەم پەیکەرەدا بە باشترین شێوە بەرجەستە دەبوودوە. شتێکیش کە زیاتر ببووە مایەی سەرسوورمانی، ئەوە بوو کە دەموچاوی بەگشتی بە جۆرێک لە جۆرەکان لە دەموچاوی درەخشەندە دەچوو. بەڵام درەخشەندە هەمیشە ژاکاو و خەمبار بوو،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەچی بزەی ئەم پەیکەرە شادمانی لێ دەباری و هەزار جۆر هەستی لەلای میهرداد دەوروژاند.

پارچەمەقەبایەکیان لە خوارەوەی پەیکەرەکەوە دانابوو و لیی نووسرابوو ۲۵۰ فرانک. تۆ بلیی ئەو پەیکەرەیان بە ۲۵۰ فرانک پی بفرۆشتایە؟ ئەو ئامادە بوو هەرچییەکی هەیە بیدات و تەنانەت جلەکانیشی بداتەوە بە خاوەندوکانەکە و پەیکەرەکە ببیت بە هیی ئەو. ماوەیەک چاوی تی بری. لەپریکدا ئەمەی بە میشکدا هات، کە لەوانەیە ببیتە جیی گالتەی دیتران، بەلام نەیدەتوانی وازی لی بهینیت و ئەودیش بەدەست خوی نەبوو. بەتەواوەتی وازی لە گازینو هینابوو و پیی وا بوو بەبی ئەم پەیکەرە ناتوانیت بژی و بەتەنیا هەر ئەو پەیکەرە دەیتوانی ژیانی لا شیرین بکات. چەند خوش دەبوو ئەگەر ئەم پەیکەرە هیی ئەو بووایە، ئەگەر هەمیشە بیتوانیبایە تەماشای بکات! لەپریکدا بەوەی زانی، کە لەناو جامخانەی دوکانەکەدا جلی ژنانەیان داناوە و وەستانیش لەوی هیندە جوان نەبوو. پیی وا بوو خەلک ئیستا هەمووی لەو دەروانن بەلام نەیدەویرا بچیتە ناو دوکانەکە و مامەلەکە ببریتەوە. باش دەبوو ئەگەر کەسیک بەنهینی بهاتایە و ئەو پەیکەرەی پی بفرۆشتایە تا ناچار نەبووایە بە بەرچاوی خەلکەوە ئەوە بکات. ئینجا دەستەکانی ئەو کەسەی ماچ دەکرد و هەتا لە ژیاندا دەبوو، خوی بە قەرزاری دەزانی. لەپشت شووشەی جامخانەکەوە ورد بوودوە. دوو ژن لەناو دوکانەکەدا پیکەوە قسەیان دەکرد و یەکیکیان بە دەست ئاماژەی بو ئەم دەکرد و نیشانی ئەوی تریانی دەدا. دەموچاوی میهرداد وەک بلیسەی ئاگر سوور هەلگەرا و لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەوەی دەرگای دوکانەکەی روانی کە لیی نووسرابوو، دوکانی سیگران ژمارە ١٠٢. بەئەسپایی کەمیک کشایە دواوە، چەند هەنگاویک دوورتر کەوتەوە.

بەبی ئیرادە بەری کەوت. دلی توند لیی دەدا. بەردەمی خوی ریک نەدەبینی. پەیکەرەکە بە بزە ئەفسووناوییەکەیەوە وازی لی نەدەهینا و لەوە دەترسا نەبادا کەسیکی تر دەستپیشخەری بکات و زووتر بیکریت. سەری لەوە دەسوورما، کە ئەوە چونە ئەو هەموو خەلکە ئاوا خەمسارد لەو پەیکەرەیان دەروانی. رەنگە بو ئەوە بیت هەلی بخەلەتینن، چونکە خوی ددیزانی کە ئەم مەیلە سروشتی نییە.

هاتەوە بیری کە سەرتاپای ژیانی لە سیبەر و تاریکیدا تیپەریوە. تەنانەت درەخشەندەی دەزگیرانیشی خوش نەدەویست. بەناچاریی و لەبەر رووپامانی دایکی خوشی ویستبوو. دەیشیزانی کە ناتوانیت بەئاسانی پەیوەندیی سوزداری لەگەل ژنانی ئەورووپیدا دابمەزرینیت، چونکە لە سەما و دەمەتەقی و کور و دانیشتن و راکەراکە و لەبەرکردنی جلی جوان و پەرداخ و ماستاو و مەرایی و هەموو ئەو شتانەی کە لەو پەیوەندییەدا پیویست بوون بیزار بوو. جگە لەوەیش شەرم ریگەی لی دەگرت و باوەربەخوبوونی ئەوتوی لە خویدا بەدی نەدەکرد. بەلام ئەم پەیکەرە وەک چرایەک بوو کە سەرلەبەری ژیانی روونـاک دەکـردەوە. ریک وەک ئەو چرایەی کەناردەریا وا بوو کە هەمیشە لەتەنیشتیەوە دادەنیشت و شەوان رووناکییەکی کەوانەیی دەخستە سەر ئاوی دەریاکە. ئایا ئەو هیندە ساویلکە بوو، کە نەزانیت ئەم مەیلە لەگەل مەیلی گشتیدا نایەتەوە و دەبیتە گالتەجاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەڵک؟ ئایا نەیدەزانی ئەم پەیکەرە لە بڕێک مقەبا و بەرد و ڕەنگ و قژی دەستکرد دروست کراوە؟ ڕێک هاوشێوەی بووکەشووشەیەک، کە دەیدەنە دەست منداڵێک؟ نە دەتوانێت قسە بکات و نە جەستەی گەرمە و نە دەموچاوی دەگۆڕێت؟ بەڵام هەر ئەم خەسڵەتانە بوو، کە میهردادی دڵدۆڕاوی پەیکەرەکە دەکرد. ئەو لە مرۆڤی زیندوو کە قسە بکات و جەستەی گەرم دابێت و لە دژی ئەو، یان بە ویستی ئەو بجووڵێتەوە و ئیرەیی تێدا بوروژێنێت دەترسا. دیارە پێویستی بەو پەیکەرە هەبوو و لەوەبەدوا چیتر نەیدەتوانی بەبێ ئەو بژی. ئاخۆ دەکرا هەموو ئەمانە بە ٢٥٠ فرانک بکڕێت؟

میهرداد بەدەم داڵغە و دڵەڕاوکێوە لەناو ئەو خەڵکە پەشۆکاوەی، کە لە هاتوچۆدا بوون ڕادەبورد، بەبێ ئەوەی کەسێک ببینێت یان سەرنجی هیچ شتێک بدات. وەک مقەبایەک کە ئەهریمەن ڕۆحی داگیر کردبێت وا بوو. لە ڕێگەدا ژنێکی بینی لەچکێکی کەسکی بە شانیدا دابوو و دەموچاوی بە سووروسپیاوێکی ئێجگار تۆخ ڕازاندبوووەوە. بەبێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت وەدوای ژنەکە کەوت. بەتەنیشت کلیسەوە کردی بەناو کۆلانی ژاکدا کە کۆلانێکی تەنگەبەر و ترسناک بوو، بە خانووگەلی دووکەڵاوی و تاریکەوە. ژنەکە خۆی بە ماڵێکدا کرد، کە گرامافۆنی تێدا هەڵکرابوو و لە یەکێک لە پەنجەرە کراوەکانیدا دەنگی سەمای فیکس ترۆت دەهاتە گوێ و ناوەناوە بە ئاوازێکی پرسۆزی ئینگلیزی هەمان میلۆدی دووپات دەکردەوە. ماوەیەک وەستا تا دیسکەکە تەواو بوو بەڵام هیچ لە ناواخنی گۆرانییەکە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تێنەگەیشت. ئەو ژنە کێ بوو و بۆچی ڕۆیشتە ئەو ماڵەوە؟ ئەم بۆچی وەدوای کەوتبوو؟ دیسانەوە بەڕێ کەوتەوە. چرا سوورەکانی مەیخانە قیزەونەکان، پیاوە قاچاخچییەکان، دەموچاوگەلی نامۆ و سەیروسەمەرە، چایخانەگەلی بچووک و پرنهێنی، کە ڕێک بەگوێرەی کەسایەتیی ئەم جۆرە مرۆڤانە دروست کرابوون، یەک لەدوای یەک بە بەرچاویەوە تێپەڕ دەبوون. لەنزیک بەندەرەکە شنەبایەکی فێنک و شێدار دەشنا، کە تێکەڵ بە بۆنی کەڕوو و بۆنی قەتران و ڕۆنی ماسی بوو. گلۆپگەلی ڕەنگامە بەسەر دارتەلەکانەوە تروسکەیان دەهات. بەڵام و پاپۆری چارۆکەدار، چەند کرێکارێک و چەند دز و بێشەرم و هەرچییپەرچییەک، لە هەموو جۆرێکی نەژادی حەزرەتی ئادەم لەو ناوە بەرچاو دەکەوت. لەو دزە لێهاتووانەی کە منداڵیان بە کۆشی دایکەوە دەڕفاند. قوپچەکانی کوتەکەی هەڵپێکا و سینگی ساف کرد. پاشان بە هەنگاوگەلی گورجتر بەرەو شوستەی ئەتازۆنی بەڕێ کەوت، کە بەربەستێکی چیمەنتۆی لە بەردەمدا دروست کرابوو. کەشتییەکی گەورە لە کەناراوەکەدا لەنگەری خستبوو و گلۆپەکانی ئەو ڕیزە لە دوورەوە ڕووناکییان دیار بوو. یەکێک بوو لەو کەشتییانەی کە وەک دنیا بچووکەکان، وەک شارێکی گەڕۆک، ئاوی دەریای ئەشکاوت و بڕێک خەڵکی جوراوجوری بە شێوە و زمان و سەروسیمای نامۆ و سەیروسەمەرەوە لە وڵاتانی دوورەوە لەگەڵ خۆی دەهێنا و پاشان وردەوردە تێکەڵ بە خەڵکی ئێرە دەبوون و تیایاندا دەتوانەوە. ئەم خەڵکە سەیروسەمەرەیە، ئەم ژیانە نامۆیانەی یەکبەیەک لەپێش چاویەوە تێدەپەڕاند و بەوردی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە دەموچاوی ئارایشتکراوی ژنانی دەڕوانی. ئایا هەر ئەمانە بوون کە پیاوانیان هەڵدەخەڵەتاند و شێتوشەیدای خۆیانیان دەکردن؟ ئایا ئەمانە هەر هەموویان بێنرختر لە پەیکەری ناو جامخانەکەی دوکانەکە نەبوون؟ سەرلەبەری ژیان لای ئەو دەستکرد و وەهمی و گوترە دەهاتە بەرچاو. وەک ئەوە وا بوو لەو ساتەوەختەدا لەناو مەتریالێکی خەست و لینجدا پەلەقاژەی بکات و نەتوانێت خۆی لێ ڕزگار بکات. هەموو شتێک بەلایەوە گاڵتەجاڕی بوو، هەروەها ئەو کوڕ و کچە لاوانەیش کە دەست لە ملی یەکدی لە بەردەم بەربەستەکەدا دانیشتبوون، زۆر بەلایەوە گاڵتەجاڕ بوون. هەموو ئەو وانانەی کە خوێندبوونی، بینا دووکەلاوییەکەی خوێندنگە، هەموو ئەمانە بەلایەوە گاڵتەجاڕ و دەستکرد و بێنرخ بوون. میهرداد تەنیا باوەڕی بە یەک حەقیقەت هەبوو، ئەویش پەیکەری ناو جامخانەی دوکانەکە بوو. لەپڕێکدا ئاوڕی دایەوە و بە هەنگاوی لەسەرخۆ بەناو خەڵکەکەدا تێپەڕی و کە گەیشتە بەردەم دوکانی سێگران، وەستا. دیسانەوە لە پەیکەرەکەی ڕوانییەوە، هەر لە جێی خۆی بوو. وەک بڵێی بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا بڕیاری دا بچێتە ناو دوکانەکەوە. کچێکی جوان و شۆخ و شەنگ بە جلی ڕەش و بەروانکەی سپییەوە بزەیەکی دەستکردی ئاراستە کرد. لێی هاتە پێشێ و وتی، "بەڕێز گیان فەرموون چ کارێکتان هەیە؟"

میهرداد بە دەست ئاماژەی بۆ جامخانەکە کرد و وتی، "ئەو پەیکەرە."

"ئەوەتان دەوێت کە جلی کەسکی لەبەرە؟ ڕەنگی تریشمان هەیە. ئەگەر ڕێگەم بدەن، تکایە دوو خولەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوەستن. بفەرموون هەر ئێستا شاگردەکەمان لەبەری دەکات ببینن. ڕەنگە بۆ دەزگیرانەکەتان بوێت. هەر ئەم کەسکەتان دەویست، وا نییە؟"

"داوای لێبوردن دەکەم، پەیکەرەکە خۆیم دەوێت."

"پەیکەرەکە! چۆن؟ کوا؟ تێناگەم لە مەبەستتان."

میهرداد درکی بەوە کرد، کە پرسیارێکی نەشیاوی کردووە، بەلام هیچ خۆی نەشلەژاند و وەک بلێی ئیلهامی بۆ هاتبێت، دەمودەست وتی، "بەڵێ، پەیکەرەکەم دەوێت بە جلەکانیشیەوە. من خەلکی ئەم ولاتە نیم و دوکانی بەرگدووریم هەیە و ئەم پەیکەرەم دەوێت بە جلەکانیشیەوە."

"ئاخ! ئەمە زۆر ئەستەمە. دەبێت پرسیار لە خاوەندوکانەکە بکەم. ڕووی لە ژنێکی دیکە کرد و وتی، "سووزان! بەڕێز لیۆنم بۆ بانگ بکە؟"

میهرداد چووە نزیک پەیکەرەکە. بەڕێز لیۆن بە ڕدینی بۆر و بالای کورت و قەلەو و جلێکی ڕەش و زنجیری کاتژمێری زێڕەوە دوای قسەکردن لەگەل کچەفرۆشیارەکەدا بەرەو لای میهرداد هات و وتی، "بەڕێز گیان ئێوە داوای پەیکەرەکەتان کردبوو؟ لەبەر ئەوەی کە هاوکاری ئێمەن، بە دوو هەزار و دووسەد فرانک پێتانی دەفرۆشین، دیارە بە نۆسەد فرانک داشکاندنەوە چونکە بۆ خۆمان دوو هەزار و حەفت سەد و پەنجا فرانکی تێ چووە. نرخی جلەکانیشی سێ سەد و پەنجا فرانکە. ئەمە جوانترین پەیکەرە و لە بەردی مەرمەڕ دروست کراوە. پیرۆزباییتان لێ دەکەم چونکە دیارە زۆر شارەزایت. ئەمە دەستکاریی هونەرمەندی بەناوبانگ دی کرویە. لەبەر ئەوەیش، کە هەر بەتەما بووین



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەیکەری نویتر بکڕین، ئامادەین بەزەرەر بیفرۆشین، بەڵام ئەوەیش بزانن ئەم پەیکەرە شتیکی زۆر ناوازە و شازە. ئینجا ئیمە بەدەگمەن کەلوپەلی ناو دوکانەکەمان دەفرۆشین و هەروەها دەشتوانین بیخەینە سندوقیکەوە و جوان جوان بۆتانی بپیچینەوە.

میهرداد سوور هەلگەڕابوو و نەیدەزانی لەهەمبەر لیدوانە تەسەل و میهرەبانانەکەی خاوەنی دوکانەکەدا چی بلیت. لەجیاتیی وەلامدانەوەیش دەستی بە گیرفانیدا کرد و جزدانەکەی دەر هینا و دوو گەلای هەزار فرانکی و گەلایەکی پینج سەد فرانکی دایە دەست خاوەنی دوکانەکە و سی سەد فرانکی باقییەکەیشی لی وەر گرتەوە. ئاخۆ دەیتوانی مانگیک بە سی سەد فرانک بژی؟ هیچ بەلایەوە گرینگ نەبوو، چونکە بە لووتکەی هیوا و ئاواتەکانی گەیشتبوو.

***

پینج ساڵ دوای ئەم پیشهاتە میهرداد بە سی جانتاوە، کە یەکیکیان زۆر گەورە بوو و لە دارەمەیت دەچوو، گەڕایەوە بۆ تاران. شتیک کە بەلای ئەندامانی خیزانەکەیەوە جیی سەرسووڕمان بوو ئەوە بوو، کە میهرداد زۆر ڕەقوتەق هەڵسوکەوتی لەگەل درەخشەندەی دەزگیرانیدا کرد و تەنانەت دیارییشی بۆ نەهینابوو. دوای سی ڕۆژ دایکی بانگی کرد و بەدەم لۆمەکردنەوە پیی وت، کە درەخشەندە لە ماوەی ئەم شەش ساڵەدا بە هیوای تۆوە لەم ماڵەدا ماوەتەوە ئەگینا چەندین خوازبینیکەری هەبووە و هەموویانی جواب کردووە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆیە تۆیش ناچاریت و هەر دەبێت درەخشەندە بخوازیت.
بەڵام میهرداد بە خەمسارییەکی تەواوە گوێی لە قسەکانی گرت و جوابی ڕەتی بە قسەکانی دایکی دایەوە. وتیشی من بڕیارم گۆڕیوە و بڕیارم داوە هەرگیز ژن ناهێنم. دایکی زوێر بوو و زانی کوڕەکەی ئیدی هەمان ئەو میهردادە گوێڕایەڵ و ملکەچەی جاران نییە. هۆکاری ئەم گۆڕانی ئەدگار و هەڵسوکەوتەی میهردادیشی بە هەڵسونیشت لەگەڵ کافراندا زانی، کە وا بیروباوەڕی گۆڕاوە. بەڵام دواتریش چەند لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتیدا ورد بوونەوە، شتێکی وایان تێدا بەدی نەکرد کە پێچەوانەی دەربڕینەکانی میهرداد بسەلمێنێت و نەیانزانی دواجار سەر بە چ فکرێک و چ ئایدۆلۆژیایەکە. هەر میهردادە ترسنۆک و خاکەڕاکەی جاران بوو، تەنیا جۆری بیرکردنەوەی گۆڕابوو و تەنانەت چەندین کەس چاودێرییان دەکرد بەڵام هیچی وا لە پەیوەندییە سۆزدارانەکانی تێنەگەیشتن.

بەڵام شتێک کە وای کرد ئەندامانی خێزانەکەی گومانی لێ بکەن ئەوە بوو، کە لە ژوورە تایبەتەکەی خۆیدا پەیکەری ژنێکی لەپشت دەرگاکەوە دانابوو، کە جلی کەسکی لەبەر بوو و دەستێکی لە کەمەر نابوو و بزەی دەکرد، پەردەیەکی قەڵەمکاریکراویشی لەپێشەوە هەڵواسیبوو و شەوان کە دەگەڕایەوە ماڵەوە دەرگاکانی دادەخست، دیسکی گرامافۆنی دادەگیرساند و شەرابی دەخواردەوە و پەردەی بەردەم پەیکەرەکەی لا دەدا و پاشان چەندین کاتژمێر لەسەر کەتەی بەرامبەر پەیکەرەکە دادەنیشت و نوقمی تەماشاکردنی جوانییەکەی دەبوو. بڕێک جاریش کە شەرابەکە سەرخۆشی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکرد، هەڵدەستایەوە و لیی دەچووە پیشی و دەستی بە قژ و سینگیدا دەهینا. هەموو ژیانی سوزدارانەی هەر ئەمە بوو. ئەم پەیکەرە نموونە و ئایدیالی خوشەویستی و شەهودت و هیوا بوو.

دوای ماوەیەک بنەماڵەکەی و بەتایبەت درەخشەندە گومانیان لا دروست بووبوو، کە ئەم پەیکەرە نهینییەکی تیدایە. درەخشەندە بەتوانجەوە ناوی نابوو بووکەشووشەی پشتی پەردە. دایکی میهرداد بو تاقیکردنەوەی میهرداد چەندین جار پیی وت پەیکەرەکە بفروشیت یان جلەکانی وەک دیاری بدات بە درەخشەندە بەلام میهرداد هەمیشە داواکەی رەت دەکردەوە. لەلایەکی دیکەیشەوە درەخشەندە بو ئەوەی دلی میهرداد خوش بکات، زەوق و سەلیقەی لەو پەیکەرەدا دوزییەوە. قژی وەک قژی پەیکەرەکە لوول کرد و جلی کەسکی ریک بە هەمان شیوازی پەیکەرەکە لەبەر کرد و تەنانەت پیلاوی لە جوری پیلاوی پەیکەرەکەی کری و لەپیی کرد، روژانە کە میهرداد دەچووە دەرەوە، هەموو کاری درەخشەندە ئەوە بوو کە دەچووە ژوورەکەی میهرداد و لەبەر ئاوینەدا لاسایی پەیکەرەکەی دەکردەوە. دەستیکی لە کەمەر دەنا و وەک پەیکەرەکە ملی خوار دەکرد و بزەی دەکرد، بەتایبەت دەیویست شیوەی چاوەکانی و حالەتە سەرنجراکیشەکەی بەخووە بگریت و بە گشتی دەیویست لاسایی روحی پەیکەرەکە بکاتەوە. ئەو کەمە ویکچوونەی کە لەگەل پەیکەرەکەدا هەیبوو، کارەکەی تا رادەیەک بو ئاسانتر کرد، درەخشەندە چەندین کاتژمیر هەموو وردەکارییەکانی لەشولاری خوی لەگەل پەیکەرەکەدا بەراورد دەکرد و خوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەک ئەو لی دەکرد و لاسایی دەکردەوە و کاتێک میهرداد دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، بە چەندین شێوەی جۆراوجۆر و زیرەکانە خۆی بە بەرچاوی میهردادەوە دەنواند. سەرەتا هەموو ماندووبوونەکانی بەفیڕۆ دەچوون و میهرداد هیچ ئاوڕی لی نەدەدایەوە. ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی کە زیاتر هان بدریت و تا دەهات خەریک بوو زیاتر ببێتە جێی سەرنجی میهرداد و کاری لە دڵودەروونی میهرداد دەکرد. میهرداد وای لی هاتبوو بیر لەوە بکاتەوە واز لە کامیان بهێنیت؟ چاوەڕوانییەکان و پیداگرییەکانی کچە مامی هاوکات هەستی ستاییش و رق و نەفرەتی تیدا هێنابووە ئاراوە. لە لایەکیشەوە پەیکەرە ساردەکە ئیتر کاڵ بووبووەوە و جلەکانی رەنگیان پێوە نەمابوو؛ جوانییەکەی جارانی نەمابوو. ئەوە پێنج ساڵ دەبوو لەگەڵ ئەم پەیکەرە وەهمییە داماوەدا هەستەکانی خۆی هەڵخەڵەتاندبوو. لە لایەکی دیکەشەوە کچە مامەکەی ئازاری زۆری چەشتبوو و چاوەڕوانیی زۆری کیشابوو و هەموو هەوڵی خۆی دابوو خۆی بەگوێرەی زەوق و سەلیقەی ئەو برازێنیتەوە. ئاخۆ دەیتوانی واز لە کامیان بهێنیت؟ بەلام وای هەست کرد ناتوانیت بەم ئاسانییە واز لەم پەیکەرە - کە لای ئەو نموونەی خۆشەویستی بوو - بهێنیت. ئایا ئەم پەیکەرە شوێن و پێگەیەکی تایبەت و بەرچاوی لەناو دڵیدا نەبوو؟ ئا... چەند یاری لەگەڵ بیر و هزریدا کردبوو! ئا... چەند چێژ و خۆشی بۆ خولقاندبوو! لە مێشکیدا ئەمە بەتەنیا پەیکەرێک نەبوو کە لە گڵ و بەرد و قڕی دەستکرد دروست کرابێت، بەڵکو مرۆڤێکی زیندوو بوو، کە تەنانەت زیاتر لە مرۆڤە زیندووەکانی دیکە لای ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕاستەقینە بوو. ئایا دەیتوانی فڕێی بداتە ناو تەنەکەی زبڵەوە یان بیدات بە کەسێکی دیکە و ئەویش لەناو جامخانەیەکدا دای بنێت و چاوی هەموو نامەحرەمێک پێی بکەوێت و درک بە نهێنییەکانی جوانییەکەی بکەن و بە نیگا بیلاوێننەوە، یان تەنانەت بیشکێنن؟ ئەم لێوانەی، کە هێندە ماچی کردوون و ئەم گەردنەی، کە هێندە ڕای مووسیبوو! هەرگیز! دەبێت لێی بتۆرێت و لێی بکەوێتە قین و بیکوژێت. وەک چۆن مرۆڤێکی زیندوو دەکوژن، دەبێت بە دەستی خۆی بیکوژێت. بۆ ئەم مەبەستەیش دەمانچەیەکی بچووکی کڕی بەلام هەرجارە کە دەیویست بیرۆکەکەی بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، ڕاڕا دەبوو و پەشیمان دەبووەوە.

شەوێکیان، کە میهرداد تەواو سەرخۆش بووبوو و عەقڵی لەسەر خۆی نەمابوو، درەنگتر لە جاران گەڕایەوە بۆ ناو ژوورەکەی و گلۆپەکەی داگیرساند و پاشان وەک هەمیشە پەردەکەی لا دا. بتڵێک شەرابی لە دۆلابەکەوە دەر هێنا و گرامافۆنەکەی هەڵکرد. دیسکێکی خستە سەر و دوو پەرداخ شەرابی خواردەوە و چووە سەر کەتەکەی بەرامبەر بە پەیکەرەکە دانیشت و لێی ڕوانی.

ماوەیەکی درێژ چاوی لە پەیکەرەکە بڕیبوو، بەلام نەیدەبینی، چونکە هەر لەخۆوە لەشولاری و شێوەی دەموچاوی لە مێشکیدا هەڵدەکۆڵرا. دیارە بەعادەت ئەو کارەی دەکرد، چونکە ساڵانێک بوو خووی بەو کارەوە گرتبوو. پاش ئەوەی کە ماوەیەک لێی ڕوانی، بەئەسپایی هەستایەوە و لێی نزیک بووەوە. دەستی بە قژیدا هێنا و دەستی گەیاندە پشتملی و سەرسینگی، بەلام لەپڕێکدا وەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بلێی دەستیان بە ئاسنی داخ سووتاندبێت، دەستی کشاندەوە و بە پشتدا هاتە دواوە. ئایا ئەوە ڕاست بوو؟ ئایا شتی وا دەبوو؟ ئایا ئەو گەرمایە وا هەستی پێ کرد ڕاستەقینە بوو؟ هیچ گومانی لەوەدا نەبوو. تۆ بڵێی خەونی نەبینیبێت؟ ئاخۆ مۆتەکە نەبوو؟ بە هۆی سەرخۆشییەوە نەبوو؟ بە قوڵی کراسەکەی، چاوی سەڕی و لەسەر کەتەکە دانیشت، تا بیر و هزری کۆ بکاتەوە. لەپڕێکدا پەیکەرەکەی بینی، کە بە هەنگاوی لەسەرخۆ و دەستێک بە کەمەریەوە و بە عیشوە و بەدەم بزەکردنەوە لێی نزیک دەکەویتەوە. میهرداد وەک شێت ویستی هەڵبێت بەڵام لەم کاتەدا بیرێک بە مێشکیدا خترووری کرد. بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێت لە گیرفانی پانتۆڵەکەیدا دەمانچەکەی دەر هێنا و سێ گوللەی بۆ تەقاند. لەپڕێکدا دەنگی ناڵەیەک بەرز بووەوە و پەیکەرەکە کەوتە سەر زەوی. میهرداد لە ترسان دانەوی و سەری بەرز کردەوە. بەڵام ئەوە پەیکەرەکە نەبوو، بەڵکو درەخشەندە بوو، کە لە خوێنی خۆیدا دەگەوزا!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئافەرینگان

(٤) هەروەها لە ئایینەدا دەڵێت، "دەبێت ڕێز لە ڕۆحی باوک و دایک و خزم و کەسوکار بگیردرێت. (٥) تا ساڵێک دوای مردنیان دەبێت ئافەرینگانیان[1] بۆ بخوێنرێتەوە. (٦) دوای ئەوەیش ئەگەر لە تواناتاندا نەبوو کە خۆتان پاکژ بکەنەوە، هەر ساڵە و جارێک لەو ڕۆژەدا ئافەرینگانیان بۆ بخوێنرێتەوە. (٧) چونکە ڕۆحی هەرکەسێک هەموو ساڵێک لەو ڕۆژەدا، کە مردبێت دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی. (٨) چونکە کاتێک ئافەرینگانیان بۆ دەخوێنرێتەوە، بە شادمانی و دڵخۆشییەوە لەوێ دەڕۆن و ئافەرینتان لێ دەکەن و نزا دەکەن هەرگیز لەو ماڵەدا مەڕوماڵات و ئەسپ کەم نەبێتەوە و هەمیشە تەندروستی و فراوانی لەم ماڵەدا زیاتر ببێت و ئەهریمەنی نەگریس نەتوانێت هیچ زیانێک بەو ماڵە بگەیێنێت. (٩) ئەگەر کەسێک ئافەرینگان نەخوێنێتەوە و ڕۆحی پاکژ نەکاتەوە،

---

١ - ئافەرینگان: لە ئایینی زەردەشتیدا برێک نوێژن کە بە درێژاییی ساڵ لە هەندێک بۆنەی تایبەتدا دەخوێنرێن و مەبەست لێی ستایش و نیایشە. (و. ک.)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆحەکان دێن و لەو ماڵەدا دەمێننەوە و هیوایان ئەوە دەبێت کە ئافەرینگانیان بۆ بخوێنرێتەوە و تا نوێژی شێوان هەر دەمێننەوە. (١٠) ئەگەر ئافەرینگانیان بۆ نەخوێنرێتەوە وەک تیر لەو ماڵەدا هەڵدێن و سکاڵا دەبەنە لای ئەهورامەزدای دادگەر و دەپاڕێنەوە و دەگرین و دەڵێن، ئەی دادگەر ئیدی نامانەوێت لەم گەردوونەدا بمێنینەوە و دەمانەوێت بچینە دەرەوە و پێویستمان بە نزا و ئافەرینگان دەبێت. (١١) دیارە ئێمە پێویستمان بە ئافەرینگانی ئەوان نییە، بەلام چونکە ڕۆحی ئێمە پاکژ بووەتەوە باشتر لەوان دەتوانین بەلا و نەهامەتییەکانیان لێ دوور بخەینەوە. (١٢) هەر بە هەمان شێوە دەگرین و دەپاڕێنەوە و نەفرەت دەکەن و دەڵێن، ئەی دادگەر مادام ئێمەیان لەبیر نەماوە تۆش ئەوان لەبیر بکە و سووک و ڕیسوایان بکە."

– سەد دەری بۆندهەش، ل ١٢٤ بڕگەی ٥١

***

دەمەوئێوارە بوو. ئازەرەسپی موبەد دوای ئەوەی، کە چەند شیعرێکی گاتاکانی بەسەر تەرمی زەڕبانووەوە خوێندەوە، کتێبەکەی داخستەوە و بە هەنگاوی قورس و گرانەوە بەرەو دەرگای نزمی تەرمخانە[١] ڕۆیشت و بەزەحمەت لە پلیکانەکانیەوە داگەڕایە خوارەوە. کارگوزاری ئەوی، ڕای کرد و دەرگایەکی ئاسنینی، کە هاڕە و جیڕەیەکی تۆقێنەری

---

١ – تەرمخانە یان ئستودان ئەو شوێنانەن، کە زەردەشتییەکان لەناو دەخمەکاندا دروستیان دەکەن و مردووەکانیان تێدا دادەنێن. (و. ک.)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێوە دەهات و لەسەر پاژنە ژەنگگرتووەکەیدا سووڕایەوە، بە ڕووی تەرمی زەربانوودا دای خست و قفڵی کرد. تەرمی زەربانوو لەناو ئێسکوپروسکەکان و گۆشتی داڕزیوی تەرمەکانی تری ناو دەخمەی خامۆشاندا[1] دانرا. ئازەرەسپ ئارەقەی نێوچاوانی سڕی و لەگەڵ سێ کەس لە خزمانی زەربانوو و ئەو کچە گرینۆکەش کە لەگەڵیاندا بوو، گەڕانەوە بۆ ناو شار.

بێدەنگییەکی خەست دەخمەی خامۆشانی داگرت. مانگەشەو بەئەسپایی هەڵدەهات و ڕووناکاییە ساردەکەی، ناوەوەی دەخمەکەی ڕووناک دەکردەوە. ناوەوەی دەخمەکە بە شێوەی چەند کەرتێکی چوارگۆشەی درێژ دابەش کرابوو و لەناو هەر کەرتێکدا تەرمگەلی داڕزیو یان مەیلە و داڕزین دانرابوون. کفنگەلی سپی لەو ناوە دەبینران، کە بە گۆشت و ئێسکەوە نووسابوون. لەتەنیشت زەربانوودا مردوویەک چاوی لە کاسەوە دەر پۆقیبوون، ڕدێنی ماشوبرنجی و زگی هەڵدڕاو و گۆشتی مۆر بوو، کە دیارە لەبەر هەتاودا سووتابوو. سەری لەئاست زەوییەکە بەرزتر بوو. دەستێکی بەسەر سینگیەوە بوو و بە چاوگەلی واقوڕماوەوە لە ئاسمانی دەڕوانی. ڕوخساری شێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێشی هەبوو. سەری تاشرابوو. قاچەکانی لەسەریەک کەوتبوون. ڕێک لە منداڵێک دەچوو، کە لەناو

---

[1] - دەخمە یان ئەشکەوت یان بورجی خامۆشان لە ئایینی زەردەشتیدا و لای پەیڕەوکارانی ئەو ئایینە، شوێنێک بووە بۆ دانان و لەناوبردنی تەرمەکانیان. واتە تەرمەکانیان بەڕووتی لەوێ جێ هێشتووە و دواجار یان قەل و دال خواردوونی یان هەتاو سووتاندوونی و بۆ خۆیان داڕزیون. (و. ک.)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

منداڵدانی دایکیدا بێت. بۆنی گۆشتی گەنیو و بۆچەک، بۆنی تیژ و خنکێنەری تەرمە دارزیوەکان لەو هەوا فێنکەی شەوەدا دامرکابووەوە. ئێسکوپروسکە سپی و بریقەدارەکان لەبەر مانگەشەو دەدرەوشانەوە. کەللەسەر، ئێسکی قاچ و دەست، پەراسووگەلی شکاو، ددانگەلی قفلکراو و پەنجەگەلێک، کە لە کاتی گیانکەنشتدا لێک قفل بووبوون و گوزارشتی لە ئێشوئازاری دواساتەکانی گیانکەنشتیان دەکرد.

زەربانوو، میوانی تازەهاتوو، یەکێک لەو کەرتانەی داگیر کردبوو. دەموچاوی هێمن و ئارام، چاوەکانی داخرابوون، قژی مور و برژانگی درێژی هەبوون و بزەیەکی پڕئازار بەقەراخ لێوەکانییەوە وشک هەڵگەرابوو. دەستێکی بچووک و ناسکی بە پەنجە ناسکەکانییەوە بەسەر سینگیەوە دانابوو. کراسێکی جوانی سپی لەبەر بوو و لە توێی کراسەکەیەوە مەمکە بچکۆلەکانی دیار بوون. چاوی لە ئاسمان بوو و وەک ئەوە وا بوو ئەستێرەکانی بژمێرێت یان خەونێکی چێژبەخشی بە بەرچاوانەوە تێپەڕ دەبوو. ئەم کوڕە بێدەنگە وەک کوڕێکی میوانی وا بوو کە لەو شوێنەدا و دوور لە شار و خەڵک و دوور لە جەنجاڵ بە مەبەستی ڕۆیشتن بەرەو شوێنێکی نادیار و پڕنهێنی لەدەوری یەک گرد بووبوونەوە. بەتەنیا ڕۆژان پۆلێک داڵاشی دەندوکتیژ بە چرنووکە بەهێزەکانیان گۆشتە سووتاوەکانی بەرهەتاویان لێ دەکردەوە و دەندوکیان لە گۆشتەکان ڕۆ دەکرد و باڵیان لێک دەدا. خوێنی خەستی کوڵاو لە دەمیانەوە دادەچۆڕی و گەدەیان لەو گۆشتە مردارانە دەئاخنرا. پاشان لە خۆشییان دەنگێکی ترسناکیان بەو ناوەدا بڵاو دەکردەوە. شەوان لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوورەوە دەنگی تریقانەوەی کەمتیار دەبیسترا، کە دواتر دەگۆڕا بۆ لوورە و زریکە، بە جۆریک کە تەزووی بە لەشی مرۆڤدا دەهینا. پاشان لە دەخمەکە نزیک دەبوونەوە و بە چواردەوریدا دەسوورانەوە، بەلام چونکە ریگەیان نەبوو بچنە ناوەوە دەنگیان وەک دەنگی بیچووەپشیلەیەکی لێ دەهات، کە دەستیان بە خۆراک ڕانەگات. کەچی دالاشەکان بە چاوی سووکەوە سەیری ئەوانیان دەکرد و دەندوکیان بە پەرەکانیان پاک دەکردەوە.

ئەمە هەموو جموجووڵ و ئاوەدانی لەم دادگە خامۆشەدا بوو، کە سەربوردەی هەمیشەیی هەزاران ساڵەی ناو ئەم دەخمەیە بوو کە بە قسل و ساروج دروست کرابوو و لە دوورەوە وەک بازنەیەکی زیو دەهاتە بەرچاو، کە بە قەدپاڵی کێوەکەیاندا کردبیت. هەزاران ساڵیش بوو لە مەنجەلیک دەچوو، کە هەموو ئەو مەتریالانەی، کە جەستەی مرۆڤەکان لە سروشتەوە بەقەرز وەریان گرتبوون، سەرلەنوی لەو مەنجەلەدا دەگوردران و دادەرزین و دیسانەوە دەگەڕینرانەوە بۆ سروشت.

بەلام هەرکاتیک لیی ورد دەبوونەوە، لە بنەوەی دەخمەکەدا پۆلیک سێبەری سپی هاوشێوەی سێبەری مرۆڤ دەبینران، کە لەسەر پلیکانەکانی ناو دەخمەکە دانیشتبوون یان لەناو دەخمەکەدا و بە چواردەوریدا دەسوورانەوە و ئەملاولایان دەکرد. سێ ڕۆژ و سێ شەو دەبوو کە بەسەر سەری زەربانووەوە سێبەریکی سپی دەستی نابووە ژیر چەناگەی و چاوی بڕیبووە ئەو جەستە ساردوسڕ و نەرمەی زەربانوو، کە خەریک بوو دادەرزی. ئەو قژانەی کە بە تەویلیەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نوسابوون و ئەو مەمکانەی، کە هێشتا شۆڕ نەبووبوونەوە. سێبەرەکە لەژێر لێوەوە ورتەی دەهات. بەڵام سێبەرێکی تر لە ڕاسەری تەرمێکی تەنیشت زەڕبانوودا دانیشتبوو و ئۆقرەی نەبوو و هەر دەجوولایەوە و لەبەر خۆیەوە بڕێک قسەی دەکرد، کە زەڕبانوو هیچی وای لێ تێنەدەگەیشت، واتە هۆشی لەلایەکی دیکە بوو. سێبەرەکانی تر لێیان نزیک دەکەوتنەوە و دیسانەوە پاشەکشەیان دەکردەوە. لەپڕێکدا سێبەری زەڕبانوو بۆ یەکەم جار لە قسەکانی دراوسێکەی تێگەیشت کە لەبەر خۆیەوە دەیوت، "ئەی ئەهورامەزدا پەنا بۆ تۆ دێنم. ئاخ چ نەهامەتییەکە! هەموو تاوانەکانی خۆم بە چاوی خۆم دەبینم. هەر ڕۆژێکم بە بەرچاوەوە لێ دەبێت بە نۆ هەزار ساڵ. چ بۆنێکی پیس دێت! لێم دوور بکەوەرەوە، لێم دوور بکەوەرەوە ئەی سۆزانیی ڕەوشتخراپ! ئەی خرەفستەر، بەدکار، برۆ برۆ تۆ کێیت؟ من هەرگیزم کەسم نەبینیوە هێندە ناشیرین و قێزەون بێت! ئەی ئەهریمەنی بەدڕەوشت چیت لە من دەوێت؟ هەرگیز تۆ بیری چاک و وتەی چاک و کردەی چاکی من نیت. ئەوە چۆنە بە هۆی تاوانەکانی منەوە وات لێ هاتووە؟ نەخێر، هەرگیز، بۆچی؟ خۆ من هەمیشە بەتەنگ هەژار و داماوانەوە بووم، نە بتپەرستیم دەکرد و نە تووڕە دەبووم و نە زوڵم و ستەمم لە کەس دەکرد. پارێزەری ئاو و ئاگر بووم و دەرگایماڵەوەم بە ڕووی کەسدا دانەدەخست. خۆ من درۆم نەکردبوو، کەواتە بۆچی هاتوومەتە ئێرە؟ ئاخ... چەند ترسناکە! برۆ، برۆ لێم دوور بکەوەرەوە."

سێبەری زەڕبانوو لە ترسان هەڵدەلەرزی. ڕووی لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دراوسێکەی کرد و وتی، "ئەوە چی دەڵێیت؟"

بەلام بەبی ئەوەی ئاگای لە زەربانوو بێت ترسێکی زۆر دای گرتبوو و دەیوت، "ئاخ... چ پردێک! چ پردێکی ترسناکە! ئەمە سەگی زەرینگوشە. ئاخ سرووش ڕاشنۆش هات. ئێستا تاوانەکان دەژمێرن. دێوەکان! ئاخ... چەند ژمارەیان زۆرە! ئەمانە ئیتر لەکوێ بوون؟ وا هەناسەم خەریکە سوار دەبێت، ئاخۆ کەس نییە فریام بکەوێت؟ بۆنی گۆگرد دێت... چ بایەکی سارد هەڵی کردووە! ئێسقانەکانم هەمووی خەریکە دەقڵێشێن. چەند پیسە، چەند بۆگەن و چڵکنە! چەند تاریکە، چ بەردەلانێکی تۆقێنەرە! ئاخ مارمێلکەکان..."

پاشان بەسەر تەرمەکەی خۆیدا بەر بووەوە. زەربانوو لە ترسان هەستایەوە و بە پێوە وەستا. بەلام لەم کاتەدا یەکێک لە سێبەرەکان کە زیاتر لەوانی دیکە هاروهاجتر بوو، لێی نزیک کەوتەوە و وتی، "بۆچی هەڵدەلەرزییت؟ وەرە... ئێمە لێرەین. ئیتر تەماشاکردن هیچ سوودی نییە. وەرە بۆ لای ئێمە."

زەربانوو وەلامی دایەوە و وتی، "ئەی کچە باشەکە تۆ کێیت؟"

"من نە کچم و نە باشیشم. من نازپەریم."

"نازپەری؟ پێم بڵێ ئاخۆ من تاوانبارم؟ من خۆ بە درێژاییی ژیانم ئازار و نەهامەتیم چەشتووە."

"من چووزانم."

"کەواتە پێم بڵێ، ئایا ئێمە لە دۆزەخین یان لە هەمەستەگانین؟ ئەم پیاوە ئاماژەی بۆ دراوسێکەی کرد، هەر ئێستا باسی ئەشکەنجەی پردی چینوەت و سەگی

زەرینگووش و بۆنی گۆگردی دەکرد و دەیقیژاند. کەواتە ئێمە بە دۆزەخ سزا دراوین؟ بەلام من هەرگیز پێم وا نەبوو دۆزەخی بم. من، کە هێندە ئیشوئازارم لە ژیانمدا چەشتووە! گوایە تۆ فریشتە نیت؟"

نازپەری بزەیەکی کرد و تی، "ئێوە خەلکێکی زۆر ساویلکەن! منیش یەکێکم وەک تۆ. ئەم پیاوە شێتە. ئەوە حەفتەیەکە ئێمە هەموومان بە قسە و جوولە و ڕەفتارەکانی پێدەکەنین و ڕادەبویرین. هەندێک جار پێی وایە لە گروسمان[1]ە، هەندێک جار لە هەمەستەگان[2] و هەندێک جار لە دۆزەخە. گوایە تۆ بەوەت نەزانیبوو؟"

"من هەر ئێستا پێم زانی. تا ئێستا لەبەر خۆمەوە ئافەرینگانم دەوتەوە."

"کەواتە ساتوکاتە خراپەکەیت بینیوە، بەلام ئەم ئامۆژگارییە لە منەوە بۆ تۆ، گوێم لێ بگرە، لەخۆڕا خۆت ماندوو مەکە، چونکە قسەگەلی باشترمان هەن."

زەربانوو تۆزێک بەگومانەوە وتی، "خۆ تۆ لەلایەن ئەهریمەنەوە نەهاتوویت؟ خۆ نەهاتوویت فریوم بدەیت؟"

"هێشتا زۆر منداڵیت. چەند شەو دەبێت کە لێرەدیت؟"

"سێ شەو."

"گوایە ئەمشەو ناچین بۆ سەربانی ماڵەکەتان؟ گوایە کەس ئافەرینگانت بۆ ناخوێنێتەوە؟"

---

١ - عەرشی باڵا، یان بارەگای ستایش و نیایش. پیرۆزترین شوێنە لە باوەڕی زەردەشتیدا. (و. ک.)

٢ - یان بەرزەخ، شوێنێکە بۆ ئەو کەسانەی، کە کاتێک دەمرن نە دەچنە بەهەشت و نە دەچنە دۆزەخ، بەڵکو دەچنە بەرزەخ، چونکە کردەوە چاک و خراپەکانیان لە یەک ئاستدایە. (و. ک.)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"ئەوە هیچ سوودیکی نییە!"

"تەنیا بو رابواردنە و هیچی تر. ئیمە وا راهاتووین هەموو شەویک دەچینە سەربانی مالی مردووەکان و... ئاخ ئەگەر بزانیت لیرە ژیانمان چەند وەرەزکەرە!"

"واتە دەتەویت بلییت ئەمشاسپەندان، ئیزەدان، فریشتەکان، دوزەخ، هەمەستەگان، گروسمان و هەموو ئەمانە درون؟"

"من نامەویت هیچ بلیم... بەداخەوە ئیمەیش سەردەمانیک باوەرمان بەو شتانە هەبوو! بەلام دنیا هیندەی هزری مروڤەکان سنووردار نییە. تو پیت وایە مروڤی بچووک و داماو، بەو ژیانە قیزەونەی لەسەر گوی زەویدا، بە مەرگ و نەمانی، یان بە بوون و نەبوونی هیچ کاریگەرییەکی بەسەر دنیاوە هەیە؟"

"کەواتە ئەو هەموو ئازارەی کە لەسەر زەویدا چەشتوومە، هەمووی بیسوود بووە؟ ئەو هەموو رەنجەی کە داومە؟"

"هەر ئەم هیوایە، هەر ئەم فریوە هیوای بە تو دەبەخشی، ئیتر چیت دەویت؟ خوزگا ئیمەش بمانتوانیبا خومان هەلخەلەتاندایە! ئەی ئیمە چی بلیین، کە سالانیکە لیرەین و هەر تازەگەیشتوویەک کە دیتە ناومانەوە، بیر و بیرکردنەوەکانی دەمانخاتە پیکەنینەوە؟"

"ئاخ... کەواتە هەمووی هەر ئەمە بووە؟"

"من نەمدەویست خەمبارت بکەم، تەنیا لەبەر ئەوە هاتمە لات، کە ئەگەر بتوانم یارمەتییەکت بدەم."

"چ یارمەتییەک؟"

"لە هەلەکانت ئاگادارت بکەمەوە و ئینجا پیکەوە قسە بکەین و توزیک دەردەدل بکەین."



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"من تەنیا دەمەویت ناهیدی زڕکچم ببینم و دلی بدەمەوە و هیوای پی ببەخشم."

"تۆ خەمی خوت بخو. زیندووەکان بەختەوەرن، سەربەستن، بەلام ئیمە چی؟"

"چۆن؟"

"ئەوان بەختەوەرن، سەربەستن بەلام ئیمە چین؟ مشتیک سیبەری سەرگەردانی بیر و هزر شپڕیو و شپرزە کە لیک دەئالیین!"

"ئەی ئیوە بە دریژاییی ئەم هەموو ساتوکاتانە چی دەکەن؟"

"چاوەڕیین... هەزار جور دەنگو هەیە. دەلین دیسان دەگەڕیینەوە بۆ سەر زەوی، بەداخەوە ئەوەش مەحالە. لەسەر زەوی هیوایەکی هەلاتن هەیە ئەویش مەرگە، مەرگ! بەلام لیرە تەنانەت مەرگیش نییە. ئیمە بەندکراوین، گویت لیمە؟ بەند کراوین. بەندکراوی ئیرادەیەکی کویرین. کاتیک ڕوژان و مانگان و سالان لە لەو سووچەدا کزت کرد، ڕوژانی دریژی هاوین، شەوانی تاریکی ساردی زستان، ڕوژانی هەوراوی و تاریکی پاییز، تەرمی خوتت بینی، کە لەژیر ڕەهیلە و هەتاو و بەفر و باراندا وردەوردە لیک هەلدەوەشیتەوە و دالاشەکان شەڕی لەسەر دەکەن، ئەوجا قسەکانی منت بەبیر دینەوە."

"چەندە ژیان یان مەرگیکی پڕئازارە! پیدەچیت ئەم بیرکردنەوانەتان بە هوی بینینی ئەم ئیسکوپروسکە دارزیوانە و ئەم گوشتەگەنیوانەوە لەلاتان هاتبیتنە ئاراوە."

لەم کاتەدا پینج سیبەری دیکەیش هاتنە لایان. نازپەری بە زەربانووی وت، "تۆ ئەمانە ناناسیت. جوانشیر، ئازین،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەندان، مەهیار و نووشافەرینن. پینج کەس بە پینج جۆر بیرکردنەوەی جیاوازەوە، کە هەمیشە پیکەوە دەمەقالەیان هەیە و ئیمەیش بە قسەکانیان رادەبویرین و کەیفخۆش دەبین."

زەربانوو وتی، "گوایە لیرەیش جیاوازیی بیروباوەڕ هەیە؟ من پیم وا بوو لەم جیهانەدا جگە لە ڕاستی و حەقیقەت هیچی دیکە بوونی نییە."

نازپەری وتی، "زۆر بەهەڵەدا چوویت! ناخی مرۆڤەکان هەرگیز ناگۆڕدریت. ئەمانە هەمان مرۆڤەکانی سەر ڕووی زەوین، بە هەمان ئەو بیرکردنەوانەی کە میشکیان پی ئاخنیون. ئەگەر بیر و هزری هەرکەسیک بگۆڕابایە، دەبوو بە بوونەوەریکی نوێ، کە خۆی بە بەرپرسی بیر و کردە و وتەکانی ڕابردووی خۆی دەزانی."

زەربانوو وتی، "دیارە پاداشت و سزایەک هەر هەیە و ئەوەشیان لەخۆرا نەوتووە!"

مەهیار وتی، "هەر لەخۆوە زوو قسە مەکە! نازپەری وتی، هەرکەسیک لەگەڵ ئەو بیروباوەڕانەی دیت بۆ ئەم دنیایە، کە لە دنیای پیشوویدا هەیبووە، واتە نە کەس دەبیت بە فریشتە و نە کەسیش دەبیت بە دیو، بەلام ئەمە نابیتە پاساو بۆ ئەوە کە هیچ پاداشتیک لەگۆڕیدا بیت. گوایە ژیانی ئیمە لەسەر زەویدا بە عەقڵ و ئاوەز و لۆژیکییانە بوو؟"

زەربانوو وتی، "ڕاستییەکەی من هیشتا نازانم ئەم قسانەی، کە ئیوە دەیکەن ڕاستن یاخود گاڵتەم لەگەڵ دەکەن. ئاخۆ ئیوە وەهـ ئافەریدی دایکم ناناسن؟ دەمەویت بیبینم و پرسیاری لی بکەم."



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شارام کە تازەبەتازە هاتبووە ناو کورەکەیانەوە بە مەهیاری وت، "تازە هاتووە، جاریک هیچ نازانیت!"

جوانشیر بە زدربانووی وت، "لیرە چیتر کەس کەس ناناسیت، تو چەندە ساویلکەیت!"

نووشافەرین بە زەربانووی وت، "ترحیو! بەساقەو بم ئازیز گیان! دوانزە سال بەر لە ئیستا منیش لەسەر زەوی بووم و سینام خوش دەویست، ئەویش منی خوش دەویست و دوای مەرگی ئەو منیش خوم کوشت بەو هیوایەی لەم جیهانەدا بیبینمەوە. ئیستا سیبەردکانمان هەمیشە لە یەکتری هەلدین و بومان بکریت یەکدی دەکوژین. لەوی بو شەهوەت بوو، بەلام لیرە ئەم قسانە هیچ نرخیان نییە. ئەمە بو زەمینییەکان و بو خەلکانی بەختەوەر باشە!"

زەربانوو وتی، "کەواتە ئیوە بەبی ترس و هیوا و بەبی هیچ خوشی و شەهوەت و رابواردنیک، چی دەکەن؟"

نووشزاد، کە تازە هاتبووە ناو کورەکەیانەوە وتی، "ئیوەمانان جاریک لە عەزابی کاتکوشتن تیناگەن. هیشتا نازانن سیاچارەیی چییە. کاتیک سالانیکی زور، روژانە لەسەر ئەم بەردانە و بەقەراخ جوگەلەکاندا ویل و سەرگەردان سوورانەوە، ئینجا تامی دەچیژن."

زەربانوو وتی. "هەموو ئەم وتانە بو من ئیجگار تازەن. کەواتە دەتانەویت بلین ئەهورامەزدا یان خودایەک..."

نووشزاد قسەکەی پی بری، "واز لەم قسە قورانە بینە! ئەم تیتالییە پیکەنیناوییانە، کە هەر بەکەلکی خەواندنی مندالان دیت، فری بدە! ئەگەر ئەهورایەک هەبووایە و بکەوتایەتە بەردەستتم..."



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زەربانوو وتی، "کەواتە ئیستا زانیم ئیمە هەموومان تاوانبارین و لە دوزەخداین"

نازپەری وتی، "وردەوردە رادییت. گوایە کاتیک لەسەر زەوی بووین چ هیوا و چاوەروانییەکمان هەبوو؟ تەنیا بە مشتیک ئەفسانە خومان هەلدەخەلەتاند و هیچی تر. هەتا ئیستا کەس لیی نەپرسیوینەتەوە، ئیمە هەمیشە ئەسیر بووین."

شیرزادی بالابەرزی کەلەگەتی چوارشانە و دەمبەپیکەنین هاتە پیشی و وتی، "ئەوە چیتانە؟ دەلیی شین دەگیرن! ئیوەمانان نازانن چون کاتی خوتان بکوژن. بوچی جنیو بە زەوی و ئاسمان دەدەن؟ لە منەوە فیر ببن. من لەسەر زەویدا هەمیشە سەرخوش بووم و ئیستایش شوینیکی زور باشم دەست کەوتووە. روژان دەچمە هەماراوی مالەکەمان و لەبن کوپی شەرابەکەدا دادەنیشم. هەوای شیدار و بونی شەراب ژیانی رابردووم بەبیر دەخاتەوە. ئیوە چاوەروانیتان زور زورە."

هەشدیو کە تازە هاتبوو لایان وتی، "ئەم شیرزادە ژیانیکی خوشی رابواردووە و ئیستایش هەر خوش رای دەبویریت. کیچیک میوانی نییە. منی داماو چی بلیم، کە بە دریژاییی ژیانم رەنجم دا و ئازارم چەشت و بەچەرمەسەریی پارەم کو کردەوە و پارەکانم خستە دەخیلەیەک و لەبنی درەختیکدا شاردمنەوە. ئیستاش روژانە دەچمە بنی هەمان درەخت و نیشکچییەتی دەکەم نەبادا کەس بیدزیت."

میرانگل وتی، "هەموو برینەکانت کولاندمەوە. منیش هەمان ئازاری توم هەیە. هەموو روژیک دەروەمە ناو بازار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و لە دوکانەکەی فەیرۆزی هاوبەش و هاوکارمدا دادەنیشم. ئەو شت دەفرۆشێت و منیش تەماشای دەکەم نەوەکو فێڵ لە منداڵەکانم بکات."

زەڕبانوو وتی، "ئەی بۆچی شەوان دەگەڕێنەوە بۆ ئێرە؟"

میرانگل وتی، "چونکە ناچارین. دەبێت بگەڕێینەوە بۆ لای ئێسکوپروسکەکانی خۆمان جگە لەوە، خوومان بە ئێرەوە گرتووە. لەدەوری یەک کۆ دەبینەوە و ئازارەکانیشیمان وەک یەکن. ئاوا باشترە. بەتەنیایی کاتەکانمان بۆ ناچێتە سەر. با بمێنیتەوە خۆت تێدەگەیت!"

زەڕبانوو وتی، "دواجار چی دەبێت؟ ئەی کەواتە ئەو هەموو قسانەی کە دەیانکردن!"

کۆزاد وتی، "لێرەیش هەرکەسە شتێک دەڵێت، بەڵام دەبێت خۆت بڕۆیت و بە چاوی خۆت ببینیت! ئێمە کە نەمانبینیوە. خاڵێکی ڕەشە. ئایا لە ئاندینا دەمانزانی ئا بەم جۆرە وێڵ و سەرگەردان دەبین؟"

زەڕبانوو وتی، "بەبێ هیچ سەرگەرمییەک، بەبێ هیچ چێژ و خۆشییەک!"

نازپەری وتی، "ئێستایش خۆت خەمبار مەکە، ڕادێیت. ئێمە هەموو کارمان ئەوەیە کە لەدەوری یەکدی کۆ دەبینەوە و باسی ژیانی ڕابردووی خۆمان دەگێڕینەوە. لێرە ئیدی باش و خراپ و شەرم و حەیا و هەموو شتێک لەلامان وەکو یەک وایە. هەرکاتێک تەرمێکی تازە دێتە ناومان، چەند ڕۆژێک پێی ڕادەبوێرین. هەندێک جار دەڕۆین و مردووەکانی ناو گۆڕستانەکانی دیکە دێنین و ئەوانیش باسی ئایین و بیروباوەڕەکانی خۆیانمان بۆ دەکەن. باسی کارە ڕۆژانەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆمان دەکەین لەسەر زەویدا. دوو ڕۆژ بەر لە ئێستا یەکێکیان هاتبووە ئێرە. ناوی زەعفەران باجی بوو. حەزی نەدەکرد لێرە بڕوات. ئەوەندە قسەی خۆشی بۆ دەکردین، بەڵام هەندێکیان ئێسکقورسن، بێدەنگن و نزیکمان ناکەونەوە و هەمیشە لە داڵغەدان و بەتەنیا بەو کێوانەوە دەسووڕێنەوە. بۆ نموونە چاو لە ئازەرنووش بکە. لەو سەرەوە لەسەر پلیکانەکان دانیشتووە و هەرکاتێک مردوویەکی تازە دێنن بۆ ئێرە، دێت و لە نزیکەوە لە جەستەی ورد دەبێتەوە. پاشان دەڕواتە ئەو سەرە و خەمبار و خەمۆک بۆی دادەنیشێت. ئەوە سوهرابیشە هەمیشە لەگەڵ ڕۆحی سەگەکەیدا دەچێت بۆ پیاسەکردن بەدەوری چاڵەکاندا. ئاخ چەندە خۆش دەبوو ئەگەر زیندووەکان مۆسیقایان بۆ بژەندینایە و بهاتنایە ئێرە بۆ لای مردووەکان و چێژیان ببینایە. ئەوە بۆ خۆشیان باشتر دەبوو، چونکە ئەوەیان بیر دەکەوێتەوە، کە ڕۆژێک دادێت وەک ئێمەیان لێ دێت و ئیتر چێژی زیاتریان لە ژیان دەبرد."

زەڕبانوو وتی، "مردووەکانی تر چی دەڵێن؟ ئەوانەی کە لە گۆڕستانەکانی ترەوە دەیانهێنن."

نازپەری وتی، "ئۆف... دیارە دۆخی ئێمە زۆر باشترە. ئێمە لێرە شاهانە دەژین. ئەوان دەخەنە ژێر خاک و گڵەوە. چەند تاریک و ترسناک و ناخۆشە! مار و مۆرانە دەیانخۆن و بەردەوام شەڕیانە لەسەریان. هەندێکیان پەنا دێنن بۆ دەخمەکەی ئێمە. بەڵام ئێمە لێرە سەربەستین؛ وەک کەشتییەک کە بەسەر دەریایەکی شەپۆلاوی و خرۆشاندا بەرەڵڵا کرابێت. هەمیشە پێکەوەین. سەربەستانە ناخی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆمان بۆ یەکتری هەڵدەڕێژین و دوورین لە جەنجاڵی و شێنوشەپۆڕ و دارزینی دوازەرزەی جەستەی خۆمان بە چاوی خۆمان دەبینین. من هەرگیز پێم خۆش نەبوو بەو هەموو پیساییە بمکەنە ژێر گڵەوە."

زەربانوو وتی، "من وا خەریکە شێت دەبم. من ئەو هەموو ئازارەم لە ژیانمدا چەشتووە!"

کوزاد وتی، "ئیتر ئەمە پرسیار و قسەی ناویت. گوایە لەبیرت چووە ئێمە ئەسیرین؟ ئەگەر دەتوانیت بیگۆڕە. بەم عەقڵە شەل و شکاوەی خۆمانەوە دەمانەویت بۆ هەموو شتێک لۆژیکێک وێنا بکەین. گوایە چ شتێک لەسەر بنەمای عەقڵ بوونیاد نراوە؟ لەسەر زەوی زگ و شەهوەت چاوی هەمووانی کوێر کردووە. بەڵام کە لەم بەرزاییەوە دەڕوانین ژیانی سەر ڕووی زەوی وەک ئەفسانەیەک دێتە بەرچاو کە بەگوێرەی عەقڵ و مێشکی کەسێکی شێت دروست کرابێت."

زەربانوو وتی، "زۆر خەمبار بووم. کەواتە تا هەتایە هەر لەم دۆخەدا دەمێنینەوە؟"

ڕەشەن کە لەگەڵ سێبەرەکانی دیکە هاتبووە نزیکیانەوە وتی، "دەبێت ئەوەندە چاوەڕێ بکەین، کە لە فەروهەردا بتوێینەوە و لەناو بچین."

ئازین وتی، "گوێ لە قسەکانی ئەم کابرایە مەگرن. هەمان ئەو بیروباوەڕانە کاوێژ دەکاتەوە، کە لەسەر زەویدا لە مێشکیان ئاخنیوە."

ڕەشەن وتی، "کەواتە تۆ باوەڕت بەوە نییە، کە ئێمە لە جەستەی مرۆڤەکانی دیکە یان گیانەوەرانی دیکەدا دەتوێینەوە تا لە پیسایی و ناپاکی ڕزگارمان ببێت؟"



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئازین وتی، "کە دواتر چی ببێت؟!"

رەشەن وتی، "کە ببینەوە بە روحی رەها."

ئازین وتی، "گوایە کاتێک روح هات رەها نەبوو؟ گریمان بوو بە رەها، کە دواتر چی ببێت؟ یان زەوی کارخانەی رەهاسازییە؟ واز بهێنە بابە لەم قسە قورانە! ئەمە بیر و ئەندیشەی بچووکی زەمینییەکانە. زۆر گاڵتەجارە."

رەشەن وتی، "تۆ هەمیشە گومانت لە شتە ئاشکرا و حاشاهەڵنەگرەکان کردووە."

ئازین وتی، "تۆیش هەمیشە باوەڕت بە شتە وەهمی و خەیاڵییەکان هەیە."

رەشەن وتی، "ئایا ئەم هەموو ئێشوئازار و ناهامەتییەی کە لەسەر زەویدا دەیچێژین، یان لێرە تووشی دەبین، گوترە بووە؟"

ئازین وتی، "تۆ بە پشتبەستن بە هەست و سۆزەکانت قسەی پڕوپووچ دەکەیت. ئەوەیش بۆ فریودانی خۆتە. بەڵام چاوت بکەرەوە. چاو لەم شیرزادە بکە! بە درێژاییی ژیانی شەرابی خواردووەتەوە و سەرخۆش بووە و ئێستایش دەڕوات بەدیار کوپە شەرابەکەیەوە دادەنیشێت و چێژ وەر دەگرێت. بە پێچەوانەوە هەشدیو، کە وەک جوولەکەکان هەر خەریکی پارەکۆکردنەوە بووە، ئێستایش پاسەوانی پارەکانیەتی و شەو و ڕۆژ بیری هەر لای پارەکانیتی. بۆچی ئاوەهایە؟ نە تۆ دەیزانیت و نە من. هیچ لۆژیکێکیش هەڵناگرێت. بۆچی ئێمە لێرە سەرگەردانین؟ بۆچی لەسەر زەوی بووین؟ نە تۆ دەیزانیت و نە من. کەواتە وا باشترە ئەم بابەتە ببڕینەوە و ئیدی قسەی لەسەر نەکەین."



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەشەن وتی، "تۆ پێت وایە هەمووان وەک تۆ بێباوەڕن؟ ئەگەر هەموو مردووەکان بۆ هەتایە بمێننەوە، ئەوە چەند ساڵە کە ئەم دەخمەیە دروست کراوە و چەند هەزار کەسیان لێرە ناشتووە، ئەی کەواتە سێبەرەکانیان کوان؟ هەموویان لە فەروهەردا تواونەتەوە، تەنیا ئەوانەیان دەمێننەوە، کە حەزیان لە ژیانی ماددییە. پاشان ئەوانیش دەڕۆن و لە جەستەی منداڵاندا دەتوێنەوە تا دیسانەوە لەسەر زەویدا لەدایک ببنەوە و ئەم پرۆسەیەیش ئەوەندە دووپات دەبێتەوە، کە تەواو پاک و بێگەرد ببنەوە و ئەوانەیان کە لە حەزەماددییەکانیان پاک بوونەتەوە دەچنەوە ناو سروشتەوە تا بەیەکجاریی لەناو بچن."

ئازین وتی، "کەواتە بە باوەڕی تۆ، دەبێت ڕێژەی خەڵک کەم ببێتەوە، چونکە ژمارەیەک ڕۆح لەناو دەچن."

ڕەشەن وتی، "کە ڕۆحی ئاژەڵان بەرز دەبێتەوە، دەچنە ناو جەستەی مرۆڤەکانەوە و لەوانەیشە ڕۆحی مرۆڤگەلی پڕشەهوەت بچنە ناو جەستەی ئاژەڵانەوە. ڕۆحی شێوەکارێک چووەتە ناو جەستەی چەکچەکیلەیەک و دەیشیناسم. هەمیشە دوور لە چاوی خەڵک بەسەر گوڵە کێوییەکانەوە دەنیشێتەوە."

ئازین وتی، "کێ هەواڵی ئەمەی بۆ هێناویت؟ نەخێر، گیانەکەم بەهەڵەدا دەچیت، ڕۆحیش دەمرێت. ئەمانە هەمووی گریمانەن. ئەوانەی کە هێز و توانای ماددییان زیاترە زیاتر دەمێننەوە بەڵام دواجار هێندی هێندی دەمرن. ڕۆح بەبێ جەستە چۆن دەتوانێت بژی؟ هەموو شتێکی سەر ئەم زەوی و ئاسمانانە کاتی و زووتێپەڕ و بمرە. بۆچی خۆمان بە فریوی ژیانی هەتایی هەڵخەڵەتێنین؟"



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەشـەن وتـی، "ئـەی ئیمـە؟ واتـە تۆ حاشـا لـەم بوونـەی ئیمەیـش دەکەیـت؟"

ئازیـن وتـی، "حاشـا لـە بوونـی زیندەوەرانـی سـەر ڕووی زەویـش دەکـەم. ئایا پێت وایـە لەسـەر زەویدا تەنانـەت زیندەوەریش هەیە؟ ئایا لە وەهمێک زیاتر هیچ نین؟ مشتێک سێبەر، کـە بـە هـۆی مۆتەکەیەکـی ترسـناک یـان خەوێکـی تۆقێنـەرەوە، کـە مرۆڤـی تلیاکـی دەیبینێـت هاتوونەتـە ئـاراوە؛ هـەر لە سەرەتاشـەوە لە وەهمێک و لـە فریوێک زیاتر هیچی دیکە نەبووین و ئێستایش جگە لـە مشتێک بیر و ئەندێشـەی پەرێشـان و شڵەژاو زیاتـر هیچـی تـر نیـن!"

نازپەری هاتە ناو قسـەکانیان و وتی، "دیسـانەوە ڕەشـەن و ئازیـن بـەر بوونـەوە گیانـی یەکتری! سـەرمان هاتـە ژان هێندە ڕەشبینن. لێ بگەڕێن با لـە زەڕبانـوو بپرسـین، بزانین لەسەر زەویـدا چ کەیـف و خۆشـییەکی کـردووە. قسـەکانی ئێـوە هیـچ بەلامانـەوە تـازە نیـن."

زەڕبانـوو کـە دیسـانەوە چاوی بڕیبووە تەرمەکـەی خـۆی، سـەری هەڵبـڕی و وتـی، "دیسـانەوە باسـی زەوی؟"

نازپـەری وتـی، "بەڵـی، دیسـانەوە زەوی. لەسـەر زەوی مۆسـیقا هەیـە، پـارە هەیـە، شـەراب هەیـە، خـەو هەیـە، لەبیرچوونـەوە هەیـە، خۆشەویسـتی هەیـە، گەرمـا، سـەرما، ڕاکەڕاکـە، برسـێتی، گـەڕان و پیاسـەکردن و تەنانـەت خۆکوشـتنیش هەیـە، بـەڵام ئیمـە هیـچ دڵخۆشـییەکمان نییـە. ئیمـە دڵمـان بـە ژیانـی زیندووەکانـەوە خۆشـە و بـە باسـکردنی، خۆمـان سـەرقاڵ دەکەیـن."

زەڕبانـوو وتـی، "کەچـی هیـچ پەیوەندییەکمـان بـە ژیانـی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکترییەوە نییە!"

نازپەری وتی، "بۆچی نا! بە پێچەوانەوە کاتێک زیندووەکان بیری ئێمە دەکەن هێندە بەختەوەر دەبین، کە لە خۆشییان نازانین چی بکەین. هەر بۆ ئەوەشە کە ئافەرینگان دەڵێن و نزامان بۆ دەکەن، چونکە بیری ژیانی خۆمان لەسەر زەوی دەکەویتەوە. هەموو ڕابواردن و چێژ و خۆشیمان ئەوەیە کە لەگەڵ پۆلێک لە هاوڕێکانمان دەچینە سەربانی خانووەکان و ئافەرینگانمان بۆ بڵێن. ئەگەریش نەیانوت، لە ڕێگەی سرووشەوە سکاڵا دەبەینە لای ئەهورامەزدا. حەفتەیەکی دیکە سەری ساڵی منە. کچەکەم ئافەرینگانم بۆ دەڵێت، تۆش لەگەڵ خۆم دەبەم. ئەری بەڕاست تۆ کەست نییە ئافەرینگانت بۆ بڵێت؟"

زەربانوو وتی، "من زرکچێکم هەیە بە ناوی ناهید، کە لە کۆلانان دۆزیومەتەوە. ئەو بۆم دەڵێت."

نازپەری وتی، "کە لەسەر زەوی بوویت چۆنت ڕابواردووە و چۆن ژیاویت؟"

زەربانوو وتی، "تاکە چێژی من ئەوە بوو کە بمرم. هەمیشە هیوایەتی ئەم دنیایەم هەبوو کە فەرهاد ببینمەوە."

نازپەری وتی، "ئەی داماو! کەواتە بۆیە هەر دەڵێیت ئێشوئازاری زۆرم چەشتووە!"

زەربانوو وتی، "من و خوشکەکەم نووشابە هەردووکمان حەزمان لە فەرهادی کوڕە مامەمان هەبوو. فەرهاد منی زۆر خۆش دەویست. بەڵام چونکە نووشابە باسی خۆشەویستیی خۆی بەرامبەر بە فەرهاد بۆ کردبووم منیش وازم لە فەرهاد هێنا و چەند فەرهاد پێشنیاری هاوسەرگیری دەخستە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرددمم پەسەندم نەددکرد. تا دواجار فەرهاد نەخۆش کەوت و دوای دوو مانگ بە بەرچاوی ئێمەوە گیانی سپارد. من و خوشکەکەم بەسەر تەرمەکەیەوە سویندمان خوارد هەتا ماوین میرد نەکەین. جلی شینمان لەبەر کرد و هەموو بیر و دالغەمان لای فەرهاد بوو. نووشابەیش پاردکە مرد و من بەتەنیا مامەوە. لەبەر ئازاری تەنیایی، چووم و کچێکم لە کۆلاناندا هەلگرت و بەخێوم کرد و ئێستا تەمەنی سیازدە سالە."

نازپەری وتی، "جا خۆ ئەمانە کەیفخۆشی و رابواردن نەبوون!"

زەربانوو وتی، "بۆچی نا! من تەنیا یەک شەو رام بواردووە و چێژم لە ژیان بینیوە و ئیتر هەموو ژیانیشم بەددوری هەمان یەک شەودا دەسووڕێتەوە و بەو هیوایەیش زیندوو بووم. ئەویش شەوێک بوو، کە بەتەنیا لە مالەوە بووم و فەرهاد بەبێ ئاگادارکردنەوە هات بۆ لام. چەند ویستی بگەرێتەوە من نەمهێشت. حەوشەکەمان زۆر گەورەیە. سێ ژووری لە سەرەوەیە و هەیوانێک و بەردەمیشی باخە. چەند رەزێکیشیان تێدا چاندووە. دیارە ئەو شەوە هەوا زۆر خۆش و فێنک بوو. مانگەشەو دەر کەوتبوو و شنەبایەکی فێنک دەشنا. من و فەرهاد چووینە بن رەزەکان و لەسەر کوتەدارێک دانیشتین. فەرهاد باسی خۆشەویستییەکەی خۆی بۆ دەکردم و قوول و باسکی دەگوشیم. من هەرگیز ئەو شەوەم بیر ناچێتەوە."

نازپەری وتی، "کەوانە تۆ کەست نییە ئافەرینکانت بۆ بلێت."



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

زەڕبانوو وتی، "بۆچی نا! مەگەر نەموت ناهیدی زڕکچم هەیە؟ بەدڵنیاییەوە ئەو ئافەرینگانم بۆ دەڵێت. ئەگەر بزانی چەند منی خۆش دەویست!"

نازپەری وتی، "کەواتە با بڕۆین بۆ سەربانی خانووەکەت و تەماشا بکەین. ئێمەش لەگەڵ خۆت دەبەیت؟"

زەڕبانوو وتی، "با بڕۆین."

هەموو دراوسێکان پێکەوە هەستان و دەستی یەکیان گرت. نازپەری دەستی زەڕبانووی گرت. بەسەر قاچەکانیانەوە هەڵدەخلیسکان و هێندی هێندی بەرز بوونەوە و وەک با یان تیرێک کە لە کەوانەوە دەر بچێت بەڕێ کەوتن. زەڕبانوو خانووەکەی پێ نیشان دان و ئەوانیش هەموویان گەیشتنە سەربانی خانووەکە و نیشتنەوە. لە هەیوانی خانووەکەدا چرایەک دەستووتا. قاڵیچەیەک لەوێ ڕاخرابوو و کوپێک شەراب و سەوەتەیەک گێلاس و باڵۆکیشیان دانابوو. باخچەی بەرهەیوانەکە پاکوخاوێن کرابووەوە و ئاوپرژێن کرابوو. چیمەنێکی سەوزی تۆخ لەبەر ڕووناکیی مانگەشەودا وەک مەخمەڵ شەپۆلانی دەدا. هەوایەکی فێنک و شێداری تێکەڵ بە بۆنی گوڵی یاس و شەوبۆ و گوڵی سوور و زەرد. درەختەکان سێبەریان خستبووە سەر چیمەنەکە و بێدەنگییەکی تەواوەتی هەموو ئەو ناوەی گرتبووەوە.

نازپەری وتی، "پێدەچێت کەس لە ماڵەوە نەبێت."

هەشدیو وتی، "زیندووەکان هەرگیز بیری مردووەکان ناکەن."

شارام وتی، "لەبریی ئافەرینگان، شەراب و سەوەتەی میوە، ترحیو!"



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نازپەری بە زەربانووی وت، "ئەمە هەمان ئەو کچەیە، کە تۆ پێت وا بوو خۆشی دەوێیت. تەنانەت سێ شەو دوای مردنیشت لە مالەوە نییە."

ئازین وتی، "چ رێگایەکی دووریشمان بڕی!"

نووشزاد وتی، "کچی دۆزراوەی ناو کۆلانان لەوە باشتر نابێت ئیتر!"

ئازین وتی، "کێ دەلێت هەر لە بنەڕەتدا کەسێکی باوەڕدار بێت؟"

میرانگل بە زەربانووی وت، "دەزگیرانیشی هەیە؟"

زەربانوو وتی، "مەبەستتان لە ناهیدە؟ نەخێر، نییەتی. لەخورا تاوانی مەخەنە پال. کچێکی دەست و داوێنپاکە."

میرانگل وتی، "ئەی کەواتە بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟"

زەربانوو وتی، "کچێکی تەنیا... لەوانەیە چووبێت شتێک بکڕێت و بگەڕێتەوە."

میرانگل وتی، "زیندووەکان! خۆزگەم بە خۆیان. کورە ئاخر کێ بیری ئێمە دەکات؟"

زەربانوو بە دەست ئاماژەی بۆ نازپەری کرد و وتی، "ئەو شەوە مانگەشەوەی کە بۆم باس کردن ڕێک ئاوەها بوو. ئەو بنچکەڕەزانە دەبینی؟ من و فەرهادیش لەژێر هەر ئەم بنچکەڕەزانە دانیشتبووین. فەرهاد دەستی منی گرتبوو و دەیوت، "بۆچی ئەوەندە خەمباریت؟ تۆ پێشتر وا نەبوویت. دەزانی ئەگەر پەسەندم نەکەیت چیم بەسەر دێت؟ نەخێر، من بەرگەی ئەوە ناگرم. زەری گیان، دلت بە کەسێکی ترەوەیە؟ پێم بلێ، من خۆشی و بەختەوەریی تۆم دەوێت و هیچی تر. ئەگەر کەسێکی دیکەت خۆش دەوێت و دەتەوێت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میردی پی بکەیت، پیم بلی.' منیش سەرم داخستبوو و گویم لە قسەکانی دەگرت بەلام هیچ ئاگام لە حالی خوم نەبوو.''

ئازیەری وتی، "ئیمە هەرکامەمان هەزار چیروکی وامان هەیە. ئەمەی تو هەر هیچ نییە. ئەی ئافەرینگانەکەت چی لی هات؟"

هەشدیو وتی، "هەر لەخورا هاتین و کاتمان بەفیرو دا."

شارام وتی، "با ببیتە پەند بومان، جاریکی دیکە بەم ئاسانییە هەلنەخەلەتیین."

ڕەشەن وتی، "سکالای دەبەینە لای ئەهورامەزدا."

ئازین وتی، "سکالا لای کی دەبەیت؟"

ڕەشەن وتی، "ئەو دەبیت بزانیت کە ئیمە پیویستمان بە ئافەرینگانی ئەو نییە، بەلام ئەگەر ئەو نزای بو ڕوحی ئیمە کردبایە، ئیمەیش باشتر دەمانتوانی بەلا و نەهامەتی و ئازارەکانی ڕوحی لی دوور بخەینەوە.

ئازین وتی، "واز لەم قسە پڕوپووچانە بهینە. ئەگەر ئیمە پیویستمان نەبوو، کەواتە بوچی هاتین؟ ئیستاش بوچی دەمانەویت سکالای لە دژ بکەین؟ ئەگەریش بەلاگەردان بین دەبیت سەرەتا بەلا لە گیانی خومان دوور بخەینەوە. ئەویش ئەگەر بمانتوانیبا!"

هەشدیو وتی، "لەخورا کات دەکوژین، با بگەرێینەوە."

هەموویان خویان ئامادە دەکرد بگەرینەوە. زەربانوو بەو هەموو دلخوشییەوە کە هینابوونیە ئەوی، شەرمەزار و سەرشور هەستایەوە. لەپریکدا دەرگای مالەکە کرایەوە و دوو تارماییی سپیپوش وەک سیبەر کردیان بە ژووردا. ناهید بوو لەگەل کوریکی لاودا، کە ئەویش جلی سپی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەبەر بوو و پێکەوە دەتریقانەوە و بە دەنگی نزم قسەیان دەکرد. ناهید دەرگای داخست و پاشان کورەکە دەستی بە ناوقەدی ناهیدەوە گیر کرد و لەسەر خۆیان بەناو چیمەنەکاندا دەخلیسکان و بەرەو بنچکە رەزەکان دەرویشتن. سێبەریان بەسەر چیمەنەکەوە درێژ دەبوودوە و لێک دەئالان و تێکەڵ دەبوون و دیسانەوە لێک جیا دەبوونەوە و دیسانەوە دەبوونەوە بە یەک. ئەوان ئاگایان لێ نەبوو بەڵام سێبەرەکانی سەربان بچووکترین جووڵەی ئەوانیان دەبینی. پاشان چوونە بن بنچکەرەزەکە و لەسەر کوتەدارێک دانیشتن و لەپشت سێبەری لەرزۆکی درەختەکاندا ون بوون. تەنیا گوڵە نەستەرەنەکان و گوڵەبەرۆژە گەورەکان لەو هەوا شێدارەدا و لەژێر رووناکایی مانگدا بە شنەبایەکی نەرم دەلەرینەوە. ئەم پێشهاتە بە رادەیەک کتوپڕ بوو، کە هەموو سێبەرەکانی سەربان بەتەواوەتی حەپەسابوون.

ئازین وتی، "ئاها ئافەرینگانی نەوت!"

ئازپەری پێشنیاری کرد، "با بروینە نزیکتر بزانین چی دەڵێن." بەڵام زەربانوو رێگەی لێ گرت و وتی، "نەخێر، حەیفە. با ئیتر بگەڕێینەوە. تا ئێرە بەسە. ئەمە بەشێکی بچووکی ژیانی منی هێنایەوە بیرم. دەترسم نرخی لەلام کەم بێتەوە. نابێت لێیان نزیک بکەوینەوە چونکە خۆشەویستی وەکو ئاوازێکی دوور و وەکو گۆرانییەکی دڵبزوێن و ئەفسوونگەرە، کە مرۆڤێکی ناشیرین و زەردتاڵ دەیچڕێت. نابێت بەدوایدا بچێت و لەنزیکەوە لێی بروانێت چونکە یادەوەری و چێژی ئاوازەکەت لێ تێک دەدات. کەواتە ناشبێت لەوە زیاتر لە بارەگای خۆشەویستی نزیک بکەویتەوە و هەر تا ئێرە بەسە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر ئەمە باش بوو، لە هەموو ئافەرینگان و نزایەک بۆ من باشتر و چێژبەخشتر بوو، چونکە سەرلەبەری ئەو یەک چرکە چێژ و خۆشییەم و سەرلەبەری لاویتیمی هێنایەوە بەرچاوم. نەخێر، نابێت لەوە نزیکتر ببینەوە. تا ئێرە بەسە."

پاشان هەموویان بەتێکڕا گەڕانەوە. زەڕبانوو دیسانەوە چووەوە سەر تەرمەکەی خۆی و دەستی نایە ژێر چەناکەی و ئیدی قسەی لەگەڵ هیچ کەسێکدا نەکرد.

بێدەنگییەکی تەواو ئەو ناوەی گرتەوە. هەموو سێبەرەکان بەحەپەساوییەوە لەدەوری یەک گرد بووبوونەوە و تەنیا لە دوورەوە دەنگی پێکەنینی کەمتیار و لوورەی چەقەڵ دەهاتە گوێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شەوانی وەرامین

لەمابەینی گەلاکانی گوڵە لاپیتاڵەکاندا چرایەک ئەو شەقامە بەردچنەی ڕووناک دەکردەوە، کە هەتا بەردەرگا درێژەی دەبوو. ئاوی حەوزەکە مەندی مەند بوو. درەختە بەتەمەنە ئامالڕەشەکان لە تاریکاییی سەرەتای ئەو یەکەم شەوە شیدار و فێنکەی بەهاردا لێک ئالابوون و بێدەنگ و ملکەچ دەهاتنە بەرچاو. کەمێک لەولاتر لە هەیوانەکەدا سێ کەس بەدەوری مێزێکدا دانیشتبوون: پیاوێکی لاو، ژنێکی لاو و کچێکی تەمەن هەژدە ساڵ. سەگەکەیشیان واتە ڕەشە، لەژێر مێزەکەدا نووستبوو. فەرەنگیس سازێکی جوانی بەدەستەوە بوو، کە دەستکە سەدەفییەکەی لەبەر چراکەدا دەدرەوشایەوە و سەری داخستبوو و چاوی بڕیبووە زەوییەکەی بەردەمی و وەک ئەوە وا بوو بزە بکات. سازەکەی بە شلوشۆڵی بەدەستتەوە گرتبوو و تەلە ناسکەکانی ئاوازێکی خەمناکیان لێوە دەهات. دەنگی پچڕپچڕی لە هەوادا دەسووڕایەوە و دەلەرییەوە و هێشتا کپ نەبووبوو، کە پەنجەیەکی تری بە تەلەکاندا دەهێنا. بەلام دیار نەبوو بۆچی هەمیشە هومایۆنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەژەند. لەوانەیە یان هەر ئەو ئاوازەی باش دەزانی یان ڕەنگە زیاتر حەزی لێی بوو بێت.

هەندێک جار وەک دەنگدانەوەی سازەکە، کوندەپەپوویەک بەسەر لقی داریکەوە گمەیەکی دەکرد. فەرەیدوون دەستی لە گیرفانی تیشێرتە زبرەکەی نابوو و لە پێچ و لوولی دووکەڵی شینی جگەرە نیوەسووتاوەکەی خۆی دەڕوانی. هەرچەند ئێجگار زوو بەدەست ئاوازە ئاساییەکانەوە شەکەت و وەڕس دەبوو بەڵام بە دڵ و گیان گوێی بۆ ئەم ئاوازە ڕادەگرت، سەرباری ئەوەی کە سەدان جار گوێی لێ ببوو. بەتایبەت کە ژەنیارەکەیشی فەرەنگیس بوو و بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێت یادەوەرییەکانی ڕۆژانی دوور سەرلەنوێ گیانیان بەبەردا دەهاتەوە و وەک سینەما بە بەرچاویەوە تێدەپەڕین.

گوڵناز بە چاوی خومار و خەواڵوو و بەحەسرەتەوە لە دەست و پەنجەی مامۆستاکەی دەڕوانی، چونکە فەرەیدوون پێی باش نەبوو ئەو ساز بژەنێت، بەڵام کە ڕۆژان دەچووە سەر کار، فەرەنگیس بەدزییەوە گوڵنازی فێری ساز دەکرد.

دوو ساڵ دەبوو کە فەرەیدون لە سویسراوە گەڕابووەوە و لەناو موڵک و خانووە بەمیراتبەجێماوەکانیدا ژیانێکی گوندیانە و جووتیارانەی هەڵبژاردبوو. ئەم جۆرە ژیانەی زۆر بەدڵ بوو، چونکە خوێندنیشی لە ئەورووپادا هەر لە بواری کشتوکاڵدا بوو. لەبەر ئەوەی کە وزەی زۆری هەبوو و شێلگیریش بوو لە کارەکانیدا، لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا بەرووبوومی پێنج قات زیادی کردبوو. بە درێژاییی ڕۆژ بە کراسی ئیخەئاوەڵا و تیشێرتی مۆر و پێڵاوگەلی شەقوشڕەوە سەروکاریی کرێکار و هەرمانکەرەکانی دەکرد و ڕێنمایی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکردن و هەوڵی ئاوەدانکردنەوە و خاوێنکردنەوەی ئەو ناوەی دەدا. تاقە دڵخۆشی لە ژیاندا فەرەنگیسی هاوسەری بوو کە وەک گوچانی دەستی یارمەتی دەدا و کاروبارەکانی بۆ رادەپەڕاند. لە بەرەبەیانەوە کە لە خەو هەڵدەستا چرکەیەک ئۆقرە و ئارامی نەدەبوو. لەوانەیە زۆر بەدەگمەن شتی وا روو بدات کە ژن و مێردێک تا ئەو رادەیە پێکەوە بەستراببێتنەوە. تەنانەت بۆ جارێکیش نەبوو نێوانیان تێک بچێت یان دڵیان لەیەک بێشێت. ئەویش بەو ژیانە سنووردارەی کە هەیانبوو، چونکە فەرەیدون جگە لە فەرەنگیس و گوڵنازی زڕخوشکی هیچ خزم و ئاسیاوێکی دیکەی نەبوو و هەرسێکیان لەو خانووەدا ژیانێکی سادە و ئاساییان بەسەر دەبرد.

خانووەکەیان بریتی بوو لە دوو بینا، کە یەکێکیان کۆن و ئەوی دیکەشیان ڤیلایەکی دوو نهۆم کە فەرەیدوون خۆی دروستی کردبوو و فەرەنگیسیش هەردوو خانووەکەی بە شێوەیەکی جوان و رێکوپێک پاکوخاوێن کردبووەوە و رازاندبوونیەوە. لە باخەکەیاندا هەمیشە بۆنی گوڵ دەهات و سەوزە و چیمەنەکانیش تەڕ و تازە بوون. هەموو شوێنێکی ئەو ناوە پاکوخاوێن بوو و گوڵی پاپیتاڵ بە دەر و دیواری باخەکەدا هەڵگەڕابوون.

لە هەمان کاتدا کە هەرسێکیان بە موسیقاوە سەرقاڵ بوون لەپڕێکدا کاتژمێری دیوارەکە زەنگی کاتژمێر نۆی لێ دا. فەرەیدون لە کاتژمێرەکەی دەستی خۆی روانی و لەم کاتەدا دەنگی سازەکەش کپ بووەوە. فەرەنگیس سازەکەی وەلاوە نا و پاشان وەک بڵێی ئیشوئازارێکی لەرادەبەدەر لە هەناویدا بشارێتەوە دەستی خستە سەر دڵی. ددانەکانی جیراند و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دڵۆپە ئارەقەی بە نێوچاوانەوە دەر کەوتن. فەرەیدوون پێی زانی و ترسا، بەڵام فەرەنگیس بەخەمساردییەوە بزەیەکی ناچارەکی کرد. گوڵناز کە خەوی دەهات هەستا و بەهێواشی لە پلیکانەکانی هەیوانەکەوە چووە خوارەوە. لە دوورەوە دەنگی نەستەرەن باجی زردایکی گوڵناز دەهات کە لەگەڵ باخەوانەکەدا قسەی دەکرد.

فەرەیدون بێدەنگییەکەی شکاند و وتی، "فەرەنگیس هیچ دەزانیت ئەوەندە خۆتت هیلاک کردووە، تەندروستی دڵت تێک چووە؟ من ئا بەم شێوەیە ڕازی نیم. تۆ دەبێت ماوەیەک ئیسراحەت بکەیت. ئەری بەڕاست دەرمانەکانت بەرێکوپێکی دەخۆیت؟"

فەرەنگیس کەمێک ماتڵی کرد و خەمساردانە وتی، "چ سوودێکی هەیە؟ ئەوە شەش مانگە دەرمانی جۆراوجۆر دەخۆم. ئەمانە مرۆڤ نەخۆشتر دەکەن."

"مەبەستم ئەوەیە کە تۆزێکیش بیر لە خۆت بکەیتەوە. لەمماڵەدا کەس بە هێندەی تۆ ئیشوکار ناکات ئەویش بەم حاڵە نەخۆشەتەوە!"

فەرەنگیس وەڵامی دایەوە و وتی، "جاری خۆ ئێستا دۆخم باشە. هیچ نییە باشتر دەبم."

"دەتەوێ سبەینێ بڕۆینە لای دکتۆر؟ هەرچەند ئەم دکتۆرانەیش هیچی لێ نازانن. هەر بیر لە گیرفانی خۆیان دەکەنەوە و هیچی تر."

"چارەنووس هەرچی بێت هەر ئەوە دەبێت."

فەرەیدون بێتاقەتانە وتی، "ئەوەندە وتت چارەنووس چارەنووس ئیتر خنکام. بۆچی وەک نەخوێندەواران قسە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکەیت؟"

فەرەنگیس وتی، "باسی پیری شەو دەکەیت کە حاشات لە بوونی ئەودنیا دەکرد؟ تۆیش وا دیارە خووی ئەوروپییەکانت گرتووە و حاشا لە هەموو شتێک دەکەیت؟"

"ئەمە ئیتر هیچ پەیوەندی بە ئەوروپییەکانەوە نییە، بەڵام دەمەویت بڵێم کە ئێمە پەروەردەمان خراپ و هەڵەیە. هەموو نەگبەتییەکانیشمان خەتای ئەم خورافاتەیە، کە هەر بەمنداڵی مێشکمانیان پێ ئاخنیوە و هەموو خەڵکیان گیرۆدەی دنیایەکی دیکە کردووە. ئێمە وازمان لەم دنیایە هیناوە و بە بیری وەهمییەوە نووساوین. نازانم کێ لەودنیاوە گەڕاوەتەوە و هەواڵی بۆمان هیناوە؟ کە لەدایک دەبین بۆ ئاخرەتمان دەگرین هەتا ئەو ڕۆژەی دەمرین. ئاخر ئەمەیش بوو بە ژیان؟"

"من بیر لەوە دەکەمەوەن کە تۆ سەرباری ئەوەی کە هێندە میهرەبان و نەرمونیانیت، ئەوە چۆنە باوەڕت بە هیچ شتێک نییە؟"

لە هەموو ژیانیاندا تاکە جیاوازی، کە هەیانبێت هەر ئەم پرسە بوو کە فەرەیدوون هەر لە بنەڕەتەوە باوەڕی بە هیچ شتێک نەبوو. بە پێچەوانەوە فەرەنگیس دایەگەورە نەخوێندەوارەکەی وەک کەسێکی کۆن و خورافەپەرست باری هێنابوو و بەتایبەت دەیشیویست مێردەکەی قایل بکات بەڵام فەرەیدوون ملی بەو قسانە نەدەدا.

فەرەیدون بەدەم بزەوە وتی، "ئەی هووووو... دیسانەوە گەڕاینەوە سەر خاڵی سفر! من نامەوێت بچینە ناو ئەو باسەوە، بەڵام باشە و خراپەی مرۆڤ کاری بە ئایین و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باوەڕەوە نییە. هەموو شەڕانگێزییەکان لەژێر سەری مرۆڤە ئاینییەکانەوە بووە، هەموو جەنگە ئاینییەکان و جەنگە سەلیبییەکانیش لەژێر سەری قەشەکاندا بووە."

فەرەنگیس کوڵی نەدا و وتی، "خۆ من وەک تۆ قسەزان نیم بەڵام دڵم پێم دەڵێت جگە لەم دنیایە شتێکی دیکەش هەیە. ئەگەر ئەو دنیاکە نەبووایە کەواتە بۆچی مرۆڤ خەونی دەبینی؟ تۆ خۆت دەتوت بە مانییتیزم مرۆڤ دەخەوێنن. مەگەر تۆ لەناو ئەو کتێبە فەرەنسییەتدا وێنەی رۆحت نیشان نەدام؟ خۆ باوەڕت بە ئەورووپییەکان هەیە!"

فەرەیدون وەڵامی دایەوە،

"کێ وتی؟ گوایە هەر قسەیەکی قوڕ، کە ئەورووپییەک بینووسێت راستە؟ ئەمانە باوەڕی پیرەژنەکانی ئەورووپایە."

فەرەیدون دیسانەوە چاوی لە کاتژمێرەکەی دەستی بڕی و باوێشکێکی کرد و وتی، "کاتژمێر نۆ و نیوە."

هەردووکیان هەستانەوە. فەرەنگیس دوای کۆکردنەوەی مێزەکە، بەدوای مێردەکەیدا لە پلیکانەکانەوە چووە خوار. نیوکاتژمێر دواتر گڵۆپەکان کوژابوونەوە و هەموویان خەوتبوون، جگە لە کوندەپەپوویەک کە ناوەناوە دەیگماند.

* * *

دوو مانگ دواتر فەرەنگیس بە قژی شپرزە و پەریشان و جەستەی لەر و لاواز و روخساری سیس و ژاکاو و چاوی بەقووڵداچوودەوە لەسەر جێگە کەوتبوو. نە خەوی هەبوو؛ نە خواردن. جارجارە دڵی دادەخورپا. کۆکەی دەکرد و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەنگ بە لیویەوە نەدەما. هەناسەی سوار دەبوو و لەبەر ئازار دەتلایەوە. نیوەشەو بەدەم بینینی خەوی ترسناکەوە لەخەو رادەچلەکی و دەیقیژاند. هیندە ئازاری چەشتووە، کە جاریکیان ویستوویەتی قوتوویەک دیژیتال بە جاریک هەلبقورینیت و ئەگەر لەو کاتەدا فەرەیدوون نەهاتبایە خوی ژەهراوی کردبوو.

فەرەیدون شەو و روژ بە دەنگی هەلبزرکاو و روخساری پەریشان و چاوی تیرنەخەوتوودوە لەسەر کورسییەکی تەنیشت قەرەویلەکەیدا دانیشتبوو. چرکەیەک ئوقرە و ئارامی نەبوو. یان لیدانی دلی فەرەنگیسی دەگرت یان گەرمای لەشی لەسەر پەرەیەک دەنووسی، یان بەدوای دکتوردا راکەراکەی بوو، یان کەوچکەدەرمانی دەرخوارد دەدا و هەموو جاریک کە دلی دەهاتە ژان، دنیا بە بەرچاویەوە رەش و تاریک دەبوو. روژیکیان دەمەوئیوارە، کە بەدیار قەرەویلەکەی فەرەنگیسەوە دانیشتبوو و چاوی بریبووە جەستە لەر و رەقەلەکەی فەرەنگیس، لەبەر رووناکیی چراکەدا برژانگە دریژەکانی دەبینی، کە تا نیوە کرابوونەوە، وەک بلیی بزە دەکات و بەئارامی هەناسە دەکیشیت. نیوکاتژمیریک دەبوو، کە لەهوش خوی چووبوو. لەپریکدا چاوەکانی فەرەنگیس کرانەوە و شیتانە لەبەر خویەوە وتی، "هەتاو... کوا هەتاو؟ هەمیشە شەوان، شەوانی ترسناک... سیبەری ئەو درەختانە بە دیوارەکەوە ئاها مانگ دەر کەوتووە! کوندەپەپوو دەگمینیت! دەرگاکان بکەنەوە... بیانشکینن... دیوارەکان برووخینن. ئیرە زیندانە، زیندان، لەناو ئەم چواردیوارەدا خنکام ئیتر بەسە، نەخیر من کەسم نییە. با ساز بژەنین... سازەکە بیرە بو ئیرە، بو ناو هەیوانەکە... تف...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تف لەم ژیانە..."

پێکەنینێکی بەرزی کرد، پێکەنینێکی شێتانە، چاوی وەر سووڕاندەوە و لە فەرەیدوونی ڕوانی، کە سەری لێ نزیک کردبووەوە و شانە ڕەقەڵەکانی فەرەنگیسی دەشێلا. فەرەیدوون پێی وت، "ئارام بە... ئارام بە..."

چاوی فەرەنگیس پڕ بوون لە فرمێسک و وەک بڵێی زۆر خۆی هیلاک کردبێت تا بتوانێت شتێک بڵێت، بە دەنگێکی گرەوە وتی، "من دەمرم، بەڵام دنیایەکی دیکەیش هەیە... بۆتی دەسەلمێنم!"

پاشان دڵی گیرا. هەڵلەرزی. فەرەیدوون ڕای کرد و لە پیاڵەیەکدا دەرمانێکی بۆ گرتەوە، بەڵام کە گەڕایەوە دەرمانەی پێ بدات کار لەکار ترازابوو. ددانەکانی قوفڵ بووبوون و جەستەی هێدی هێدی خەریک بوو سارد دەبووەوە.

فەرەیدون لەباوەشی کرد و ماچی دەکرد و فرمێسکی دەڕژاند. نەستەرەن باجی هەراسان کردی بە ژووردا و سەر و سینگی دەکوتا و زمانی گیرابوو. بەڵام کەسێک لەم ناوەدا، کە کیچێک نەبووەتە میوانی، گوڵناز بوو کە بە چاوە خومار و سەرنجڕاکێشەکانی ئاگای لە هەمووان بوو. کە ئیتر وای لێ دەهات بڵێی شەرم دەکات دەستەسڕە ئاوریشمینەکەی دەر دەهێنا و دەیگرتە بەرچاوی.

فەرەیدوون بەو سروشتە میهرەبان و دڵناسکەی کە هەیبوو، ئەم ڕووداوە تەواو لە پەلوپۆی خست. وازی لە هەموو ئیشوکارەکانی هێنا. بە درێژاییی ڕۆژ بەسەر کورسییەکەوە دادەنیشت و لەناو گێژاوی خەمەکانیدا دەتلا و بیری یادەوەرییەکانی ڕابردووی دەکردەوە. دوو حەفتە بەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جۆرە تێپەڕی. بە چاوە وشکەکانیەوە وا دەهاتە بەرچاو کە هەست بە هیچ ناکات و هیچ نابینێت کەچی هەموو جووڵەیەکی چواردەوری دەبینی و دەروونی بەردەوام لەژێر ئەشکەنجەدا بوو. گوڵنازی زرخوشکی و نەستەرەن باجی خواردنیان پێ دەدا. هێدی هێدی وەک کەسێکی ماخولیایی لێ هات. لە ژوورەکەیدا لەگەڵ خۆی قسەی دەکرد و قسەی پڕوپووچی دەکرد، تا دواجار خزمێکی ژنەکەی هات دەستبەجێ بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی بردی بۆ تاران.

***

ئێوارەی هەمان ئەو ڕۆژەی، کە فەرەیدون هەستی بە تۆزێک چاکبوونەوە دەکرد بەرەو وەرامین ئۆتومبێلی بەکری گرت و کاتێک لە بەردەم خانووەکەی دابەزی، هەوا تاریک ببوو و هەندێک پەڵەهەوریش بە ئاسمانەوە بوون. چەند خولەکێک تەقەی لە دەرگا دا، ئینجا لە دوورەوە دەنگی پێیەک هات. کلۆمی دەرگاکە کرەیەکی کرد و دەرگا کرایەوە و نەستەرەن باجی بە باڵای چەماوەوە، کە چرایەکیشی بە دەستەوە بوو دەر کەوت. کە فەرەیدوونی بینی حەپەسا و بۆ دواوە کشا و وتی، "بەڕێز گیان... گەورەم... ئێوەن؟"

فەرەیدون پرسیاری کرد، "ئەی حەسەن لەکوێیە؟"

"گەورەم هەموویان لێرە ڕۆیشتوون!"

فەرەیدوون گێژ و مەنگ بوو، سەری داخست و چووە ناو باخەکە و لەبەر شەقامێکدا کە بەرەو بیناکە دەڕۆیشت، وەستا. بە بینینی خانووەکەی برینەکانی کولانەوە. دوای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەمیک رارایی، بەرەو کوشکەکە بەری کەوت و تەماشای سیبەری خوی دەکرد کە لەبەر رووناکیی چراکە و لەسەر زەوییەکە بەرز و نزم دەبووەوە. گەلای وشکی درەختەکانی پیشیل دەکرد. هەموو شوینیک شپرزە و گسکنەدراو و ترسناک بوو. ئاوی حەوزەکە کەمی کردبوو. کە گەیشتە بەرهەیوانەکە چراکەی لە دەست نەستەرەن باجی گرت و بەپەلە بە پلیکانەکاندا سەر کەوت. وەک بلیی کەسیک دوای کەوتبیت. چووە ناو ژوورەکەی خوی و دەرگاکەی داخست. میزەکەی پر بوو لە تەپوتوز. هەموو شوینیک درابوو بەیەکدا و پربوو لە زبل. سەرەتا دەلاقەکەی کردەوە و هەوایەکی تازە هاتە ناو ژوورەکە. پاشان چرای سەر میزەکەی داگیرساند و لەسەر کورسییەک دانیشت. چاویکی بە چواردەوریدا گیرا، وەک ئەوە وا بوو لە خەویکی دریژدا راچلەکیبیت. بەوردی چاوی لە کەلوپەلەکانی ئەو ناوە دەکرد، وەک بلیی ئەوە یەکەم جاریەتی دەیانبینیت. لەپریکدا دەرگا کرایەوە و نەستەرەن باجی بە پشتی چەماوە و دەموچاوی چرچولوچەوە کردی بە ژووردا و وتی، "هیوام ئەوەیە تەندروست بیت."

فەردیدوون سەری لەقاندەوە

"گەورەم بوچی ئاوا لەناکاو هاتیت؟ بو نانی ئیوارە چی دەخویت؟"

"ناخوم، خواردوومە."

نەستەرەن شیوەیەکی فیلبازانەی بەخووە گرت و وتی، "خوایە کەس بیمالوحال نەکەیت. گەورەم! نازانیت چ زەجریکمان چەشتووە! لە هەموویشیان خراپتر، ئوف خوایە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گیان..."

فەرەیدون بەحەپەساوییەوە وتی، "بۆ، هیچ بووە؟"

"گەورەم هیچ نەبووە. با باسی نەکەم بۆ تەندروستیی بەڕێزت باش نییە."

فەرەیدوون بەتوانجەوە وتی، "دەی... پێم بڵێ، چی بووە؟"

نەستەرەن باجی وەک بڵێی ترسابێت وتی، "گەورەم، ئەوە نزیکەی مانگێک دەبێت، کە ئێوە لێرە نەبوون، کاتێک هەموومان دەخەوین دەنگی موسیقا دێت. پێدەچێت هاوتاکەی فەرەنگیس خانم بێت. گەورەم ڕێک دەڵێی فەرەنگیس خانمە، کە ساز دەژەنێت!"

فەرەیدون وتی. "ئەوە تۆ چی دەڵێیت؟ ئاگات لە خۆتە چی دەڵێیت؟"

فەرەیدوون ئەم ڕستەیەی بەترسەوە دەر بڕی بە جۆرێک، کە ترس و تۆقانی بەئاشکرا پێوە دیار بوو.

نەستەرەن وتی، "دوور لە ڕووی ئێوە گەورەم، خۆ من بەم قژە سپییانەمەوە درۆ ناکەم. خۆ هەر لەخۆوە قسە ناکەم. هەموو دنیا دەزانێت، ئیتر کەس لەم ماڵەدا نامێنێتەوە. باخەوانەکە و حەسەنیش هەردووکیان لێرە هەڵهاتن. منیش چووم نزایەکم بۆ خۆم و کوڵی خانم کرد. لەوە ترسام زیانمان پێ بگەیەنن. گەورەم، سەرەتا ڕەشەی سەگمان مرد، من وتم قەزاوبەلا بووە. پاشانیش هەمان ئەو موسیقایە... کتومت بەو شێوازەی کە خانم دەیژەند. دەڵێن ئەم خانووە جن لێی داوە."

فەرەیدون پرسیاری کرد. "کێ لەناو ماڵەکەدایە؟ شەوان کەس لەوێ دەخەوێت؟"



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"وەکو جاران من و گوڵی خانم."

"کلیلی ئەو دەرگایەی هۆڵەکە، کە بەرەو باخەکە دەکرێتەوە، لای کێیە؟"

"لای گوڵی خانمە. لەسەر سۆبەکە دایناوە. گەورەم ئێمە هەموو ماتەمبارین، کەس لێرە ناوێرێت موسیقا بژەنێت، کەس ناوێرێت بڕواتە ناو هاڵەکە."

فەرەیدوون دەستبەجێ وتی، "ئەی گوڵناز چی دەڵێت؟"

"گەورەم، دەخیلتان بم، من لەوە ترسام گوڵی خانم بترسێت. کچە ئیتر، گەنجیشە، نەمهێشت ئەو بزانێت. ئێستاش خەوتووە. لە خوا بەزیاد بێت خەویشی قورسە و ئەگەر دنیا ئاو بیبات لەو خەوەی خۆی ناکەوێت. ئەگەر بیزانیبایە ئێوە دێنەوە هەرگیز نەدەخەوتست. زۆر گوناحە، ئێستاش دەترسم بەتەنیای بێلم."

پاشان لارەلار ڕۆیشت و چراکەی هەڵگرت و لە بەردەرگاکەدا ئاوری دایەوە و وتی، "گەورەم نانی ئێوارەتان خواردووە؟ جێگەکەتان بۆ ڕابخەم؟"

"پێویست ناکات، تۆ برۆ بەلای ئیشوکاری خۆتەوە و بەتەنیام بهێڵە."

هەزار جۆر بیر و ئەندێشەی جۆربەجۆر و تێکەڵ و پێکەڵ ڕوویان لە فەرەیدوون کرد. بە خۆی دەوت، "شەوان موسیقا دەژەنن. هەمان ئەو ئاوازەی کە فەرەنگیس دەیژەند. خزمەتکار و باخەوان ڕۆیشتوون، سەگەکە مردووە." بەئاستەم هەناسەی بۆ دەدرا. سێبەرە خەیاڵییەکان لە بەردەمیدا سەمایان دەکرد. چاوی بە قالیچەیەک کەوت، کە بە دیوارەوە هەڵواسرابوو و وێنەی حەزرەتی سلێمانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیوە بوو. سێ پیاوی سەروینبەسەر دەست لەسەر سینگ لەتەنیشت تەختەکەیدا بەپیوە وەستابوون. بەستێنی قالیچەکە پر کرابوو لە ئەژدیها و گیانەوەرگەلی خەیاڵی و دیوگەلی پیکەنیناوی، کە هەموو جەستەیان بە خاڵی رەش کوترابوو و پشتێنی سووریان بە ناوقەدیانەوە بەستبوو. ئەم نەخشە کە پێشتر پێی پێدەکەنی، ئێستا وەک ئەوە وا بوو کە گیانی بەبەردا هاتبێت و دەیترساند. بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێت هەستایەوە. چەند هەنگاوێک لە ژوورەکەدا ڕێگەی کرد و لە بەردەرگای ژوورەکەی تەنیشتیدا وەستا. دەسکی دەرگاکەی سووراندەوە. دەرگاکە کرایەوە. لە تاریکیدا دوو چاوی درەوشاوەی بینی کە لێی دەڕوانن. دڵی توند لێی دەدا. بەپسکەپسک ڕۆیشت و چرایەکی هەڵگرت و لە چاوەکان نزیک بووەوە. پشیلەیەکی ڕەقەڵە لە پەنجەرەی شکاوی ژووردکەوە هەڵهات. سووکنایی هات. ئێرە ژووری تایبەتیی فەرەنگیس بوو. گوڵدانێکی پڕ لە گوڵی ژاکاو و وشکەوەبووی لەسەر مێزەکەدا بینی. لێیان نزیک کەوتەوە و بە پەنجەکانی گوڵەکانی گوشی. وردوخاش بوون و ڕژانە سەر مێزدکە. فرمێسک لە چاوانیدا قەتیس مان. بۆنی بنەوشە لە هەوادا پەخش بووبووەوە. هەمان ئەو بۆنە بوو کە فەرەنگیس پێی خۆش بوو. پێڵاوەکانی لەژێر کەتەکەدا بینی. سەرپۆشەکەی بە شریتێکی شینەوە بە بزماری پەردەکەوە هەڵواسرابوو. هەموو ئەو شتانەی بەلاوە جوان بوون، کە وەک خۆیان و لە جێی خۆیاندا مابوونەوە، بەلام خاوەنەکەی لەوێ نەبوو. نەخێر، نەیدەتوانی باوەڕ بەوە بکات کە فەرەنگیس مردووە. هەموو ئانوساتێک ئەگەری ئەوە هەبوو دەرگای ژوورەکە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکاتەوە و بێتە ناو ژوورەکەیەوە. لەپڕێکدا چاوی بە کاتژمێری سەر سوبەکە کەوت. لە ترسان دەیویست بقیژێنێت. چرکەژمێری کاتژمێرەکەی بینی، کە لەسەر کاتژمێر حەفت و دە خولەکدا وەستاوە؛ هەمان ئەو کاتەی، کە فەرەنگیس لەتەنیشتیدا گیانی سپارد. ئارەقەیەکی سارد بە هەموو گیانیدا داچوری. چراکەی هەلگرت و گەرایەوە بو ژوورەکەی خوی بەلام دەترسا ئاور بو دواوە بداتەوە. جگەرەیەکی داگیرساند و لەسەر کورسییەکە دانیشت.

ئەم بیرە تال و ناخوشانە سەریان گیژ کردبوو. هەموو گیانیان لە پەلوپو خستبوو و ورە و ئیرادەیان پی نەهیشتبوو. دیسانەوە کەوتە بیری قسەکانی نەستەردن کە دەیوت، "هاوتاکەی فەرەنگیس شەوان ساز دەژەنیت." دوخی مردنی ژنەکەی هاتەوە یاد کە لەبریی وەسیت وتی، "من دەمرم بەلام ئەودنیاکەیش هەیە. بوتی دەسەلمینم." ئاخو روح هەیە؟ لەوانەیە ئەمە روحی ئەو بیت کە بو سەلماندنی بوونی ئەودنیاکە دیت و دەیەویت پیم بلیت کە هەر بەراستی دنیایەکی دیکەیش هەیە. بەلام روحیک کە ساز دەژەنیت؟ هەستایەوە و لە رەفەی ناو دیوارەکەوە کتیبە فەرەنسییەکەی بانگکردنی روحەکانی دەر هینا. فووی تی کرد و تەپوتوزەکەی لا برد. دانیشت و سەرپیی پەرەکانی هەلدایەوە. چاوی بەم رستەیە کەوت. ئەگەر لە کورەکانی بانگکردنی روحەکاندا موسیقایەکی نەرم بژەنن، روحەکان باشتر و ئاسانتر دەر دەکەون. دیسانەوە پەرەکانی هەلدایەوە و لە شوینیکی تردا نووسرابوو. ئوزا پیاپالادینو ناوبژیکاری بەناوبانگی ئیتالی. کاتیک لەهوش خوی دەچوو. پەردەی پشت سەری فووی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تی دەکرا و دەلەرییەوە و دەهاتە پیشەوە. دەنگی تەقە لە دەرودیوارە دەهاتە گوی. میزەکە دەجوولا. کورسییەکە سەمای دەکرد. ماندلین لە هەوادا بە هەلپەسیردراوی دەمایەوە و روحەکان موسیقایان پی دەژەند. کتیبەکە لە دەستی بەر بووەوە و کەوتە سەر زەوی. ترسیکی شاراوە و نادیار دای گرت.

لەبەر خویەوە دەیوت، "ئاخو روح موسیقا دەژەنیت؟ ئایا ئەمە راستە؟ شەوان دیت و ساز دەژەنیت، لەوانەیە دنیایەکی دیکەیش هەبیت. هومایون، بەلی، ریک هومایون دەژەنیت، نەخیر، شتەکە ئاواهی سادە و سانایش نییە." لە هەمان کاتیشدا وای هەست دەکرد تەنیا نییە و روحی فەردنگیسی لەتەنیشتەوەیە و بە بزەیەکی سەرکەوتووانەوە لیی دەروانیت.

لە پەنجەرەوە چاویکی بە بیناکەی بەرامبەری خشاند. هەمان ئەو شوینەی کە شەوان سازیان تیدا دەژەند. بەلام دیسان لەبەر خویەوە وتی، "ئەوە چییە باوەر بە قسەکانی پیرەژنە گیژ و گەمژەکان دەکەم! هیشتا هیچ دەنگیکم نەبیستووە. هیچ نەقەوماوە. لەوانەیشە نەستەرەن هەر لە خویەوە ئەو قسانە بکات. بیزم لەودنیاکەیش هاتەوە. ئەگەر بریار بیت مردووەکانیش هەمان سستی و سەرگەرمی و شەهوەت و بیر و ئەندیشەی زیندووەکانیان هەبیت، ئەگەر ئەوانیش دیسانەوە درینگ درینگ ساز بژەنن. هەمان چەپەلکارییەکانی سەر رووی زەوی دووپات بکەنەوە... نەخیر ئەمە شتیکی زور مندالانەیە. نەخیر... هەر لە خویانەوە ئەم دلخوشییانەیان بو خەلک دروست کردووە. دیارە نەخوشی لاوازی کردوومە. دەبیت سبەینی ئەم نهینییە بدوزمەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سازەکە دەهێنم و لەم ژوورەدا دای دەنێم بزانم کێ دەیژەنێت."

لەم کاتەدا دەنگی ویزەویزێکی دریژ سەرخەوەکەی لێ شێواند. مێشێکی گەورەی بێنی شیتانە خۆی بە شووشەی چراکەدا دەکێشا. پلیتەی چراکە خەریک بوو نزم دەبووەوە و دووکەڵی دەکرد. هەستایەوە جگەرەیەکی دیکەی داگیرساند. نەوتی چراکەی بێنی تەواو بووە بۆیە فووی تێ کرد و کوژاندیەوە. ژوورەکە تاریک بوو. هەستی بە ئارامییەک کرد.

کورسییەکەی هێنایە بەرپەنجەرە و دەستی خستە سەر تاقی پەنجەرەکە و تەماشای دەرەوەی کرد. بینایەکی تاریک و پڕنهێنیی بە بەرچاویەوە بوو. گیڤەی با دەهات و گەڵا وشکەکانی ئەمسەر و ئەوسەر پێ دەکرد. سێبەری درەختەکان وەک دووکەڵی خەست و ڕەش وا بوون و لقە ڕووتەکانیشان وەک دەستێکی بێهیوا بەرەو ئاسمانی بۆش دریژ بووبوونەوە. بیر و ئەندیشەگەلی ترسناک ڕوویان تێ کرد. لەپڕێکدا تارماییەکی خۆلەمێشی هاتە بەرچاوی، کە لەمابەینی گەڵای درەختەکانەوە بەئەسپایی دەخشا. جارجارە دەوەستا و دیسانەوە بەڕێ دەکەوتەوە، تا دواجار لەپشت بینا کۆنەکەوە ون بوو. فەرەیدوون بە چاوی ئەبڵەقەوە دەیڕوانی و لە جێی خۆیدا وشک بووبوو، بەڵام سەری دەئێشا و هەموو گیانی هیلاک و ماندوو بوو، بیری هێدی هێدی تاریک بوو و چاوەکنی لێک نا.

خەوی بینی لە بەندەری مارسەی لە دیسکۆیەکی پیس و ناخۆشدا بوو. تاقمێک کەشتیوان و چەتە و جەردە و عەرەبی ناجسن و ناشرینی ئەلجەزایر بەدەوری مێزەکاندا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دانیشتبوون و شەرابیان دەخواردەوە و قسەیان دەکرد. دوو کەسیان بە ملپیچی سوور و کراسی لوکەی چلکنەوە یەکێکیان بانجۆی دەژەند و ئەوی تریان سازی دەستی. ژنانی پیسوپۆخل بە دەمولیوی پرسووراوەوە لەگەل خوێرییەکاندا سەمایان دەکرد. لەپڕێکدا دەرگا کرایەوە و فەرەنگیس لەگەل عەرەبێکی خوێریدا کە دەموچاوی لە چەتە و جەردەکان دەچوو، دەستلەملی یەکدی، کردیان بە ژووردا. هەردووکیان دەتریقانەوە و ئاماژەیان بۆ ئەم دەکرد. فەرەیدوون لە جێی خۆی هەستا بەلام ڕێک لەو کاتەدا هەموو ئامادەبووانیش هەستانەوە و کورسییەکانیان بۆ یەکتری فڕێ دەدا و پەرداخە شەرابەکانیان دەشکاند. ئەو عەرەبە کە لەگەل فەرەنگیس هاتبووە ژوورەوە، چەقۆیەکی لەژێر عاباکەیەوە دەر هێنا و ئیخەی کابرایەکی گرت و بەرەو خۆی ڕای کێشا و سەری بڕی. بەلام سەری بڕاوی کابرا، کە لەناو دەستی عەرەبەکەدا بوو و خوێنی لێ دادەچۆڕا بە دەنگێکی توقێنەرەوە پێدەکەنی. لەم کاتەدا سێ پۆلیسی دەمانچەبەدەست کردیان بە ژووردا و هەموویانیان پێش خۆیان خستن و بردنیانە دەرەوە. ئەویش مات و مەنگ لە جێی خۆی وشک بووبوو. چاوی گێرا و فەرەنگیسی بینی هێشتا لەوی ماوەتەوە. قژە ڕەشە لوولەکانی پەریشان کردبوو و لەڕولاوازتر لە هەمیشە، ڕۆیشت و سازەکەی لەسەر مێزەکەوە هەلگرت و هەر بەو هیلاکییە و لە کاتێکدا هومایونی دەژەند پەنجەی بە تەلی سازەکەدا دەهێنا و فرمێسک لە چاوەکانیەوە دەباری.

فەرەیدوون بەحەپەساوی لە خەو ڕاچلەکا. ئارەقەیەکی سارد بە هەموو گیانیدا دادەچۆڕی. سەرەتا پێی وا بوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

موتەکەیە. چاوی هەڵگلۆفی بەڵام دەنگی موسیقاکەی بیست. دەنگی سازەکە وەک دەنگی پچڕپچڕی پشیلەیەک لە هەوادا دەلەرییەوە. گوێی لە هەر بەرزی و نزمییەکی موسیقاکە دەبوو، تانوپۆی هەموو گیانی لێک هەڵدەوەشایەوە. دەنگێکی کپ و ناڵەباری وەک کرووزانەوەی دەهاتە گوێ. ئەمە هەمان هومایون بوو کە فەرەنگیس خۆشی دەویست!

گەواڵەهەوری رەشی مەیلەوخۆڵەمێشی، هەواڵی هاتنی بەرەبەیانیان دەدا. شنەیەکی فێنک دەشنا. سێبەری کێوە شینە توخەکان بەقەراخی ئاسمانەوە دیار بوون و دەنگی سمی ئەسپێک کە سمەکانی بە زەویی گەورەکەدا دەکێشا، دەبیسترا.

هەستایەوە و هێواش هێواش لە پلیکانەکانی هۆڵەکەوە چووە خوارەوە، چونکە چاویشی بە تاریکییەکە راهاتبوو، بەئەسپایی و لەسەرخۆ لە پلیکانەکانی هەیوانەکەیشەوە چووە خوارەوە و بەرەو بینا کۆنەکە بەری کەوت. باش گوێی لە دەنگی سازەکە دەبوو. دڵی توند لێی دەدا بە جۆرێک کە هەستی بە ترپەی دڵی خۆی دەکرد.

دەرگای ژووری نەستەرەن باجی کردەوە و لە دەرگایەکی ترەوە، کە بەرەو هۆڵەکە دەچوو، رۆیشتە دەرەوە. ورد بووەوە، دەنگی سازەکە کپ بووبووەوە. دە هەنگاو لێوەی دوور بوو؛ هەمان ئەو شوێنەی کە سازەکەی تێدا دەژەنرا. نزیکتر بووەوە و لە کونی قفڵی دەرگاکەوە روانیی. سەرسوورمانەکەی تا دەهات زیاتر دەبوو. چونکە مۆمێکی داگیرساوی بینیی، کە هێشتایش دەسووتا و قفڵی دەرگاکەیش لە دەرەوە کرابووەوە. هەروەها دەنگی قسەکردنی دوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەسیشی بیست. بەبێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت خۆی بە دەرگاکەدا کێشا. دەنگی شکانی تەختە و شتی وای بیست، کە بەر بووبێتەوە سەر زەوی و هەروەها قیژەیەکی ترسناکی بیست. بە مشتەکۆلەی ئامادەکراو خۆی هاویشتە ناو ژوورەکە، بەڵام دیمەنێکی بینی کە لە جێی خۆی وشکی کرد.

پیاوێک بە جلی خۆلەمێشی و دەموچاوی سوور و ملی پان و جەستەی ناریکوپێکەوە لەسەر کەتەیەک بۆی پاڵ کەوتبوو. گولنازیش جوانتر و شوخوشەنگتر و قەلەوتر لە جاران، بە کراسی خەو و قژی پەریشان و حەپەساو بە پێوە وەستابوو و سازەکەی فەرەنگیسیش بە دەسکە سەدەفییەکەیەوە کە شکابوو، لە بەرپێیدا بوو. پیاوەکە بە چاوی بچووکی زاقەوە تەماشایەکی سەرتاپای فەرەیدوونی کرد، پاشان بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت هەستا و سەری داخست و بە پشتی چەماوە و هەنگاوی گرانەوە لە دەرگایەکی ترەوە، کە بەرەو باخەکە دەچوو، چووە دەرەوە.

فەرەیدوون دەستی لە کەمەر نابوو و قاقا پێدەکەنی و لوولی دەخواردەوە: پێکەنینێکی ترسناک. هەموو ئەوانەی لە ماڵەوە بوون، هاتن و لە بەردەرگای ژوورەکەدا کۆ بوونەوە، بەڵام کەس نەیدەوێرا نزیک بکەوێتەوە. فەرەیدوون هێندە پێکەنی، کە دەمی کەفی کرد و بەتوندی کەوتە سەر زەوی، بە جۆرێک، کە ماوەی چەند خولەکێک چلچرای بنمیچەکە دەلەرییەوە.

هەموویان پێیان وا بوو فەرەیدوون جن پێکاویەتی، بەڵام دیارە شێت بووبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دواپین بزە

"لەسەر زەویدا هیچ شتێک بۆ هەتایە نامێنێتەوە. ژیان وەک برووسکەیەک وایە، کە بە هۆی بەریەککەوتنی تەختەوە دروست بووە. هەندێک جار دادەگیرسێت و هەندێک جاریش دەکوژێتەوە. بەڵام ئێمە نازانین لەکوێوە هاتووین و بەرەو کوێ دەڕۆین."

– بوودا

لە ژووریکی شکومەندا کە بە چەندین مومی بونخوش رووناک بووبووەوە و فەرشی بیوینەی گرانبەهای تیدا راخرابوو و دیوارەکانی بە قوماشی ئاوریشمینی گرانبایی داپوشرابوون، روزبەهان بەرمەکی، ئازادبەخت بەرمەکی، گەشواد بەرمەکیی فرماندەی لەشکری خوراسان و بەرزان بەرمەکیی سەروکی باج، لەدەوری یەک کو بووبوونەوە، تا سەبارەت بە پیشهاتەکانی کوشکی خەلیفە پیکەوە راویژ بکەن. کلاویکی پیستیی دریژیان لەسەر نابوو و عابای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پانوپۆریان لەبەر بوو. پەرداخەشەرابیان لە بەردەمدا بوو و میوە و شیرینییان لە دەفرگەلی گرانبەهادا دانابوو. هەموو جووڵە و جلوبەرگ و دۆخەکەیان بە ڕادەیەک لێک دەهاتنەوە و دانیشتنەکەیان بە ڕادەیەک شکۆدار و گەورە بوو، کە وا دەهاتە بەرچاو پارچەیەکی ژیانی شاهانەی سەردەمی ساسانییەکان سەرلەنوێ گیانی بەبەردا هاتووەتەوە.

ئازادبەخت بە گوروتینێکی تەواوەوە دەستی ڕادەوەشاند و دەیوت، "ئەم خەلیفەیە هەموو شتێکی لێ دەوەشێتەوە. من هەر لە سەرەتایشەوە گومانم لە ڕاستگۆیی ئەو هەبوو. ئێستایش، کە ئیتر پێویستی پێمان نییە، وا خەریکە دژایەتیی خۆی ئاشکرا دەکات."

گەشواد وتی، "شتێک کە بە زیانی ئێمە شکایەوە، کەوتنەوەی ناکۆکییە لەنێوان جەعفەر و باوکی و براکانیدا. جەعفەر بەو سەرشێتییەی خۆیەوە هەموو پلانەکانی لێ تێک دایەن. حیکایەتی خۆشەویستییەکەی لەگەڵ عەباسەدا. کورە خۆ ژنەکە چل ساڵیەتی! ئینجا دەستتێکەڵکردنیشی لەگەڵ عەبدولمەلیک ساڵح کە لە دژی خەلیفە ڕاسابوو و ئەو برە پارە زۆرەی، کە لە خەزێنەوە هەڵی گرتبوو و پێی دابوو و دواجار پێیان زانی. هەموو ئەم نەزانکارییانەی جەعفەر بوون، کە هارونی وا لێ کرد دڵ لە بەرمەکییەکان پیس بکات. کەچی کار و کردەوەکانی یەحیا و فەزل زۆر ڕێکوپێک و بیرمەندانەن."

بەرزان وتی، "ئێستایش وا ماوەیەکە جەعفەر سارد بووەتەوە و زەرای کوری محەمەدی کردووە بە هاوڕێی ڕابواردن و کەیف و خۆشییەکانی. وەک مووسا لە نامەکەیدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆی نووسیبووم، هاروونی کوڕی عەبدوڵلا کە دەستی لەگەڵ جەعفەر تێکەڵ کردبوو دەخاتە زیندان و فرمان بە جەعفەر دەدات بیکوژێت، بەڵام جەعفەر بەرەڵلای دەکات و فەزڵی کوڕی ڕەبیع هەواڵەکە دەگەیێنێتە هاروون و هەر ئەمەش بووەتە هۆی ناکۆکیی نێوان خەلیفە و بەرمەکییەکان."

ئازادبەخت وتی، "بەڵام خۆ ئەمە نابێت وا لە هاروون بکات، کە ڕق هەڵبگرێت بەرامبەر هەموو بەرمەکییەکان. چونکە هەر خۆی لە سەرەتاوە پشتیوانی جەعفەر بووە و دەیشزانی نێوانی ئەو و براکانی هێندە باش نییە."

بەرزان وتی، "ئەمە یەکێک لە هۆکارەکانیەتی، بەڵام نابێت دژایەتیی عیسای کوڕی ماهانیش لەبیر بکەین. هەر ئەم پیاوە کە بە پشتگیریی یەحیا حکومەتی خوراسانی بەدەستەوە گرت، هەواڵی بە خەلیفە داوە کە بەرمەکییەکان ئایینی باوباپیرانیان خۆش دەوێت و پەرە بە بێباوەری و ئایینی زەردەشتی دەدەن. بۆیە ماوەیەکە هاروون چەند کەسێکی ڕاسپاردووە چاودێریی کار و کردەوەکانی ئێمە بکەن. لەلایەکی تریشەوە تۆمەتی یاخیبوونیان داوەتە پاڵ مووسا. خزمێکی خەلیفە بۆی نووسیوە، زۆربەی خەڵک مووسا وەک ئیمامی ڕاستەقینە چاو لێ دەکەن و خومسی داراییەکانیان دەدەنە دەست ئەو. ئەبوو ڕەبیعە بۆ هاروونی نووسیوە، لە ڕۆژی پەسلاندا خەلیفە چیی جواب دەداتەوە، کە وا وڵاتی موسڵمانانی داوەتە دەست بەرمەکییە بێباوەڕ و زەردەشتییەکان."

ئازادبەخت وتی، "من ئەمڕۆ سەرلەبەیانی لە بامیانەوە نامەم بۆ هاتووە. دەڵێن لە بەلخ پەتای کۆلێرا هاتووە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دانیشتووانی ئەویش، کە تازە چوونەتە سەر ئایینی ئیسلام، لەبەر ئەوە کە نەخۆشییەکەیان بە غەزەبی خوا زانیوە، دیسانەوە گەڕاونەتەوە سەر ئایینی بوودا. دیارە ئەگەر ئەم هەواڵە بگاتە لای خەلیفە، پێی وا دەبێت بە هاندانی بەرمەکییەکان بووە."

بەرزان وتی، "جگە لەوەیش، ئاخۆ زانیوتانە هاروون هەر لەخووە بڕوبیانووی بە ئەنەس کوڕی ئەبی شێخ مونشیی جەعفەر گرتووە و سەری بڕیوە؟ فەزل پێی وایە ئەمە بیانوویەکی باش دەداتە دەست خەلیفە بۆ بەگژداچوونەوەی بەرمەکییەکان."

گەشواد وتی، "ئەمە خەتای خۆمان بوو کە شێوازی بەڕێوەبردنی وڵاتمان فێری عەرەبەکان کرد. یاساوڕێسامان بۆ زمانەکەیان دروست کرد و فەلسەفەمان بۆ ئایینەکەیان داهێنا و شمشێرمان بۆ وەشاندن و لاوەکانی خۆمانمان بۆ بەکوشت دان. فکر، ڕۆح، پیشەسازی، مۆسیقا، زانست و ئەدەبیاتی خۆمانمان پێشکەش کردن بۆ ئەوەی لەوانەیە بتوانین ئەو ڕۆحە یاخی و وەحشییەیان دەستەمۆ بکەین و فێری شارستانیەتیان بکەین. بەڵام مەخابن! هەر لە بنەڕەتدا نەژاد و فکریان ئەرز و ئاسمان لەگەڵ ئێمەدا جیاوازیی هەیە و دەشبێت هەر ئاوا بێت. ئەم دەموچاوە دڕندانە و ئەم پێستە ڕەشانە و ئەم دەستە زبر و ڕوشانە هەر بۆ جەردەیی و چەتەیی دروست کراون. فکر و ئاوەزێک کە لەناو مێز و پشکەڵی حوشتردا گەشەونەشەی کردبێت، لەوە باشتر نابێت. سەرلەبەری پێکهاتەی جەستەیان گەواهی ئەوە دەدات بۆ دزی و خیانەت دروست کراوە. ئەم عەرەبانە، کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەتا دوێنێ بەپێخاوسی بەدوای مارمیلکدا رایان دەکرد و لەژێر رەشماڵدا دەژیان، ئیتر لەوە زیاتریان لێ چاوەڕێ ناکرێت. ئەگەریش هاروون بەرواڵەت بە دەممانداا پیدەکەنی و میهرەبانی دەنواند، بەنهێنی رقی بەرامبەر ئێمە هەڵدەگرت و تینوو بووە بە خوێنی ئێرانییەکان. ئێستاش کە بە مەبەست و ئامانجەکانیان گەیشتوونە و فکری عەرەب، کە وەک دومەڵێکی هەڵتۆقیو هەموو دنیای پیس کردووە، بەدڵنیاییەوە ئیتر هیچ پێویستیان بە ئێمە نەماوە."

ئازادبەخت وتی، "خالید، یەحیا، فەزل و جەعفەر هەموو ئەو زێر و زیوە گرانبەهایانەی کە سەدان ساڵە لە پەرستگەی نەوبەهار کۆ کرابووەوە، وەک تەرەتوڵەکە پێشکەشی ئەم عەرەبە مشکخۆرانەیان کرد و سەروەتوسامانێکی زۆریشیان بە شاعیرە گەمژە و بێمێشکەکان دا. لە ئەنجامی ئەمەشدا رقوکینەی تاقمێک حوشترەوانیان بەرامبەر بە خۆیان وروژاند. هەر لە بنەڕەتدا هاروون ئیرەیی دەبرد بە پارە و فکر و شکۆمەندیی و تەنانەت شێوازی ژیانی ئێمە. ئیرەیی بە بەرمەکییەکان دەبرد. ئیرەیی دەبرد بە کارامەیی و لیهاتووییان. نەک هەر ئەو، بەڵکو هەموو ئەو عەرەبانەی کە بە چواردەورمانەوە کار دەکەن و ماستاومان بۆ دەکەن، ئەمانە هەموویان دوژمنی براکوشتەی ئێمەن و چاوەڕێی ئاماژەیەک دەکەن تا تۆڵەی نەژادەکەیان بکەنەوە."

رۆزبەهان وتی، "نەخێر وا نییە! بەرمەک و کوڕەکانی، لەگەڵ خەلیفەدا دەستیان تێکەڵ کرد و چوونە سەر ئایینەکەی ئەو، بۆ ئەوەی بتوانن کاریگەریی بەسەر بیر و مێشک و کردەوەکانیان دابنێن و ئایینەکەیان لاواز بکەن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و وردەوردە خەڵک بهێننە سەر ئایینی بوودا و سەرلەنوێ پەرستگەی نەوبەهار نوژەن بکەنەوە و داوا لە خەڵک بکەن بێنە سەر ئایینی بوودا و لە دژی خەلیفە شۆڕش بکەن. هەر بۆ ئەوەیش بوو، کە ئەوان هەوڵیان دا متمانەی عەرەبەکان دەستەبەر بکەن و دیارە بە مەبەستەکەشیان گەیشتن. هەموو خەلیفەکانی عەرەب وەک بووکەشووشەی شانۆ، ئامێری دەستی بەرمەکییەکان بوون و لە ڕاستیدا ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەر ئەوانن کە حوکمڕانی دەکەن. بەڵام ئەوەندەی پەیوەندیی بە سیستمی حوکمڕانییەوە هەبێت، ئەگەر عەرەبەکان خۆیان پێیان وا بێت پێویستیان بە یارمەتیی بەرمەکییەکان نییە زۆر بەهەڵەدا دەچن. چونکە ئەگەر ئەوان تەنانەت بۆ چرکەیەک خۆیان لە حوکمڕانی بکێشنەوە، وڵات هەمووی لێک هەڵدەوەشێتەوە. ئەگەریش ئێمە یارمەتیی ماددی و مەعنەوی عەرەبەکانمان داوە، لەپێناوی ئامانجەکانی خۆماندا بووە. عەرەب چیی دەوێت؟ بڕێک زێڕ و زیو و حەرەمسەرایەکی پڕ لە ژن. ئەمە ترۆپکی ئامانج و هیوایەتەکانیانە. هەر لە بنەڕەتیشەوە عەرەبەکان بۆ ئەمە کۆشاون و بۆیە ئەم بەهەشتە بەڵێندراوەشیان بۆ مسۆگەر بوو. کەواتە پلانەکانی ئێمە تا ئەمڕۆ سەرکەوتوو بوونە و ئێستایش درەنگ نەبووە. ئێمە دەبێت درێژە بە دەرەنجامی زەحمەتەکانی ئەوان بدەین، ئەویش کوشتوبڕی عەرەبەکان و سەربەخۆییی ئێرانە."

بەرزان وتی، "فەزل لە دوانامەکەیدا نووسیبووی ئاگاتان لە خۆتان بێت. تا دەتوانن کەمتر تێکەڵی عەرەبەکان بن و ڕێگەیان مەدەن زۆر تێکەڵتان بن و بەتایبەتیش وتبووی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموو هیوام بە خوراسانە، چونکە دەستەلاتمان لەوی زیاترە و لە بنکەی خەلیفەشەوە دوورە. دەبیت کاریکی وا بکەین لە خوراسانەوە هەتا دەقەری بەلخ لە دژی خەلیفە شورش بکەن و ناچاری بکەن یەکیک لە ئیمە بنیریت بو سەرکوتکردنی خەلکی خوراسان. لەو کاتەدا ئیمەیش لەشکری خەلیفە لە دژی خوی یاخی دەکەین و هەموو عەرەبەکان لەناو دەبەین و خوراسان سەربەخو دەکەین. ئەگەر بچووکترین کەمتەرخەمییەک لەم کارەدا بکەین، بە جاریک لەناو دەچین. هەموو شتیکیش بو ئەم کارە ئامادەیە. بەلام ئەوەیشی نووسیبوو، کە چاوەریی نامەی من بکەن چونکە ئیستا دوخەکە دیار نییە چوناوچونە و منیش ناتوانم بریاری لیبراوانە بدەم."

ئازادبەخت بە گەشوادی وت، "ئایا ئیوە متمانەی تەواوتان بە لەشکرەکەی خوتان هەیە و لە کاتی خویدا فرمان و راسپاردەکانتان جیبەجی دەکەن؟"

گەشواد وتی، "لەم رووەوە دلنیا بن. بە ئاماژەیەکی من هەموو سەرکردەکانی سوپا لە دژی خەلیفە شورش دەکەن و کوشتاری عەرەبەکان لە خوراساندا جیبەجی دەکریت. تەنیا چاوەریی فەیروز دەکەم، نامەبەرەکەی فەزل."

ئازادبەخت وتی، "کەوایە دەبیت پیش ئەوەی کە عیسای کوری ماهان بگەریتەوە ئەم کارە بکەین."

روزبەهان وتی، "پیش ئەوەی، کە خەلیفە حوکمی کوشتوبری هەموو بەرمەکییەکان بدات!"

ئازادبەخت وتی، "ئەی ئەگەر حوکمی خەلیفە پیش نامەکەی فەزل بکەویت چی؟"



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرزان وتی، "مەحاڵە! هەواڵەکانی ئێمە هەمیشە دوو ڕۆژ بەر لە نامەبەرەکەی خەلیفە دەگاتە تووس، چونکە باشترین نامەبەر، نامەبەری بەرمەکییەکانە."

لەم کاتەدا ڕۆزبەهان لە سندوقێکی زێڕینی بچووکەوە حەبێکی دەر هێنا و نایە دەمی و پەرداخێک شەرابی بەدوایدا خواردەوە و لە جێی خۆی هەستایەوە. ئازادبەخت و گەشواد و بەرزان هەرچەند پێویستیان بە ئامادەبوونی ئەو لە کۆڕەکەدا هەبوو، بەڵام بەم ڕۆیشتنە کتوپڕ و پڕنهێنییانەی ڕۆزبەهان ڕاهاتبوون و کەسیان نەیوێرا ڕێگەی لێ بگرن. دیارە هەم باس و بابەتی کۆبوونەوەکەیان لەرادەبەدەر گرینگ بوو و هەمیش باوەڕی تەواویان بە بۆچوونەکانی ڕۆزبەهان هەبوو و پێویست بوو لەوی بمێنێتەوە. ڕۆزبەهان لەسەرخۆ چووە دەرەوە. لە بەردەرگادا دوو غوڵامی مێرمندال چرابەدەست پێشی کەوتن."

شاری تووس بە هەموو مزگەوت و باخ و کۆشک و تەلارەکانییەوە بەناو تاریکی و بێدەنگیدا ڕۆ چووبوو. تاقە دەنگێک کە لە دوورەوە دەبیسترا زرەی زەنگوڵەی حوشترێک و دەنگی نزمی گۆرانیبێژێک بوو کە ناوەناوە بێدەنگییەکەیان دەشکاند. شنەیەکی فێنکیش دەشنا و بۆنی گوڵی ئەقاقیا[1] لە هەوادا پەخش بووبووەوە.

ڕۆزبەهان وەک بڵێی لە دۆخێکی ئاساییدا نەبێت، بەناو چەند کۆڵانێکی تەنگەبەر و تاریکدا تێپەڕی و چاوی لە ڕووناکیی لەرزۆک و بێتینی چرافانۆسەکە بڕیبوو، بەبێ

---

١ - acacia: جۆرە گوڵێکە سەرچاوەکەی باشووری کیشوەری ئەمەریکایە و دواتر بەرەو وڵاتانی تر پەلی کیشاوە. (و. ک.)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەی هیچ ئاگای لە چواردەوری خۆی بێت. کە گەیشتە بەردەرگای ماڵی خۆی، غولامەکان کڕنووشیان بۆ برد و ئەویش چووە ناو باخێکەوە. دەنگی تاڤگە و هەوای شێدار ئەو ناوەی تەنیبووەوە. زەرین کەمەر، نۆکەری تایبەتیی ڕۆزبەهان لێی نزیک کەوتەوە و بەبێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات کاغەزێکی پێچراوی دا بە دەستیەوە. ڕۆزبەهان کاغەزەکەی گرت و وەک بڵێی بێروهۆشی لە لایەکی دیکەدا بێت درێژەی بە ڕێگەکەی دا و زەرین کەمەریش وەدوای کەوت. بەناو دالانە پێچاوپێچەکاندا ڕۆیشت و گەیشتە بەردەم دەرگایەکی ئاسنین. زەرین کەمەر دەرگاکەی کردەوە. دەرگا قورسە ئاسنینەکە نەخشونیگار و هەڵکۆڵینی دەستکاری هیندستانی پێوە بوو. ڕۆزبەهان چووە ناو هۆلێکەوە و زەرین کەمەریش دوای ئەو چووە ناوەوە و دەرگاکەی لەسەر پشت داخست.

ژوورێکی گەورەی هاوشێوەی حەوزخانەیەک دەر کەوت، کە بە هۆی چەند قەندیلێکی لەعاجدروستکراو کە شووشەی ڕەنگامەیان پێوە بوو، ڕووناک بووبووەوە. قەندیلگەلی گەورە و بچووک بە ڕووناکییەکی کز و ڕەنگگەلی جۆراوجۆرەوە شکۆیەکی ئێجگار زۆری بە شوێنەکە بەخشیبوو. لای سەرەوەی ژوورەکە پەیکەرێکی گەورەی مەفرەغ بە بەرزیی دوو مەتر دانرابوو، کە بوودای بەدانیشتوویی نیشان دەدا و چاوەکانی کە لە یاقووت دروست کرابوون، وەک ئاگر دەدرەوشانەوە. دەموچاوی نتم و نیان و لە هەڵکۆڵراوە هیندییەکان دەچوو، کە چوارمشقی دانیشتبوو. زگی شۆڕەوە بووبوو و دەستی لەسەر ئەژنۆکانی دانابوو. برۆکانی باریک و لووتی بچووک و چاوەکانیشی وەک ئەوە وا بوو چاوی لە بۆشاییيەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بریبیت. بزەیەکی گاڵتەجاڕانەشی لەسەر لێو بوو. بزەیەکی فەلسەفی بە لێوەکانیەوە وشک ببوو. وەک بڵێی چرکەساتە خۆشەکانی ژیان رابردووی خۆی بەبیر دەهێنایەوە. دوو چالیش کەوتبوونە سەر گوناکانی. سەرلەبەری روخساری ئارامی و متمانە و گاڵتە و سووکایەتی پێوە دیار بوو. پەردەیەکی ئاوریشمی ناسکیان لە بەردەمدا هەڵواسیبوو و دوو دەفری بخوور لە هەردوو لایدا دانرابوون. کە ئاگریان تیدا هەڵگیرسابوو و دووکەڵیکی بۆنخۆشیان بە هەوادا بڵاو دەکردەوە.

دیواری ژوورەکە وێنەی بوودا و فریشتەکان و خزمەتکاران و پەردەگەلی تایبەت بە ژیانی بوودای پێوە بوو. لەگەڵ کوپای دەزگیرانی وێنەی چاوپێکەوتنیشی لەگەڵ دەروزەکەریک و مورتاز و مردووان و هەندیک کەسی دیکەیشی پێوە بوو. رەنگی بنەوەی دیوارەکەیش سووری وەک جگەر و بە رەنگی پووک بوو. لەم شوێنەدا کانیاویکی بچووک هەڵدەقوڵی و بەناو جوگەلەیەکی لاکیشەیی لە بەردی رەنگامە دروستکراودا هاژەی دەهات و دەرویشت. لەقەراغ جوگەلەکەدا دۆشەکێکی گەورەی لە پەری قوو کەوتبوو و هەندیک سەرینگەی بچووکی رەنگاورەنگ و لەئاوریشمچنراویشی لی بوو.

روزبەهان هەر کە چووە ژوورەوە لەسەر دۆشەکەکە چوارمشقی دانیشت و چاوی بڕییە چاوانی بوودا. وەک بڵیی دەیویست بیروهۆشی کۆ بکاتەوە. گەرووی وشک ببوو و دەمی تامی شیلەی کاجی دەدا. بیروهۆشی پەریشان بوو و هەستیکی لەناکاوی شادمانی دای گرت. بە جۆریک، کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە چالە گەورەکانی قەراخ لێوەکانیەوە دیار بوو. لەم کاتەدا کیژۆلەیەکی جوانکیلە بە جلی درێژی سپییەوە، بە چاوی درشت و قژی رەش و قول و باسکی رووت و بالای بەرز و گوارەیەکی گەورە لە گوێی و پێلاوی نەرم و قاچی بچووکەوە وەک سێبەر یان پەرییەک گۆزەیەکی شەرابی بە دەستەوە بوو و هاتە سەر دۆشەکەکە و لە تەنیشتیەوە دانیشت. پاشان پەرداخێک شەرابی تێ کرد و دایە دەست رۆزبەهان. زەرین کەمەر پەردەی ناسکی بەر پەیکەرەکەی بوودای لا دایەوە و پاشان سازێکی جوانی هاوشێوەی سیتاری هێنا و لە خوارەوەی دۆشەکەکە دانیشت.

گولچیهر و زەرین کەمەر هەردووکیان خەلکی سوغد بوون و لە دوو بوونەوەری وا دەچوون، کە وەک بلێی لەناو هەور و دووکەلەوە هەلتوقیبێتن. لەبەر رووناکیی قەندیلەکان و لەو دوخە پرنهێنییەدا زیاتر وەک ئەفسوون دەهاتنە بەرچاو. دەموچاویان جوان و ناسک و نتم و نیان و بەوێقار بوون. بەروالەت ئارام و بێهەست و جوولە و جەنجال بوون. وەک دوو فریشتە، وەک ئەو فریشتانەی کە بە دیوارەکەوە کێشرابوون.

زەرین کەمەر دەستی کرد بە ژەنینی ساز، بزەیەکی تێژتیپەری بە لێوانەوە بوو، وەک بلێی بیر لە یادەوەرییەکەلی دوور و خۆش دەکاتەوە. ئاوازێکی سوغدی بوو کە سەرەتا ئارام و نەرم و پچرپچر بوو، بەلام هێدی هێدی بەرزتر و خێراتر و وروژێنەرتر دەبوو و لەپرێکدا دادەمرکایەوە. ئاوازێک بوو کە نوتە سەرەکییەکانیان دەستچن کردبوو و بۆ گوێی ئاسایی هیچ واتایەکی نەبوو. بەلام هەر پەنجەیەکی بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەلەکانیدا دەهێنا بۆ ڕۆزبەهان تەژی بوو لە هەست و سۆز و واتا. دیارە مەقامێکی دوورودرێژیان لەم ئاوازەدا کورت کردبووەوە و تەنیا ئاماژە بە خاڵە سەرەکییەکانی دەکرا و بیسەر خۆی لە مێشکیدا بەشەکانی تری تەواو دەکرد. گوڵچێهریش پەیتاپەیتا پەرداخە شەرابی تێ دەکرد و دەیدایە دەست ڕۆزبەهان و ئەویش بە قومێک هەڵی دەقوڕاندن. ئاوازەکە تا دەهات نەرمتر و پڕنهێنیتر دەبوو وەک بڵێی ئەم ئاوازە بۆ گوێچکەگەلی نائاسایی و بۆ گوێچکەگەلی ئاسمانی دروست کرابێت.

ڕۆزبەهان هەر وا چاوی بڕیبووە ڕوخساری بوودا و هەندێک جار ئاوڕی دەدایەوە بۆ دواوە و تەماشایەکی هاژەی ئاوەکەی دەکرد. نەخشەکانی سەر دیوارەکە بە بەرچاویەوە گیانیان بەبەردا هاتبوو، چونکە ئەم ئاوازە ڕۆحێکی تایبەتی پێ بەخشیبوون. لەرەی تەلەکانی سازەکە لە هەوادا دەسووڕایەوە و وەک بڵێی هەموو زەڕڕەکانی ناو هەوا پێی کاریگەر دەبوون و تەنانەت ئاوی کانیاوەکە و پەیکەرەکەی بوودا و نەخشونیگارەکانی سەر دیوارەکەیش لەگەڵ ڕیتمی ئاوازەکەدا بزەیان دەکرد.

ئاوازی ئاسمانیی سازەکە هەموو زەڕڕەکانی جەستەی ڕۆزبەهانی تێکەڵ بە هاژەی ئاوەکە دەکرد و لێکی دەئالاندن. وەک ئەوە وا بوو، کە لەم چرکەساتانەدا ژیانی ئەویان لەگەڵ ئەم شەپۆلانەدا تەبا کردبێت. لە ناخیدا هەستی بە ژیانێکی نوێ و پڕڕەمزوراز دەکرد و نهێنییەکانی گەردوونی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵدەسەنگاند. لە هاژەی ئاوەکەی دەروانی، کە لەسەر ڕیتمی سازەکە پیچیان دەخوارد و بەسەر زەوییەکەوە بزر دەبوون. لەم کاتەدا بە رادەیەک دالغە بردبوویەوە، کە وەک بڵێی لەنێوان نەبوون و بووندایە و ڕێک لە هەمان ساتەوەختدا دەژیا، بەبێ ئەودی ئاگای لە رابردوو و داهاتوو و کات و شوێنی خۆی هەبێت. جۆرە لەهۆشچوونێک کە گرینگی بە هیچ نەدەدا، تەنانەت بە ژیان و مەرگی خۆی.

گوڵچیهر کە بەردەوام خەریک بوو پەرداخە شەرابی بۆ تێ دەکرد ئاگای لە جووڵەکانی دەبوو بۆ ئەوەی بزانێت کەنگێ بە عادەتی هەموو شەوان تێر دەبێت و ئەوانیش مەرەخەس دەکات، بەڵام بەسەرسوورمانەوە دەیبینی کە ڕوزبەهان لەچاو شەوانی پێشووتر زیاتر دەخواتەوە و ئەویش بە ناز و عیشوەیەکی تایبەتەوە پەرداخەکانی بۆ تێ دەکرد و دەیدایە دەستی و خۆیشی پێوە دەنووساند. لەپڕێکدا قاییشی سەرشانی گوڵچیهر برا و جلەکانی بەر بوونەوە و سینگ و مەمکێکی کەوتنە دەرەوە. هەرچەند پێدەچوو ڕوزبەهان ئاگای لە هیچ نەبێت، بەڵام ئەم جارەیان لەبریی ئەوەی کە پەرداخە شەرابەکەی لەدەست بگرێت دەستی بە ناوقەدی گوڵچیهر گیر کرد و بۆ لای خۆی ڕای کێشا و لێوی لە لێوی نزیک کردەوە، بەڵام وەک بڵێی تەنانەت هێزی ئەوەی تێدا نەبێت بۆ دواوە پاڵی پێوە نا و پەرداخە شەرابەکەی لێ وەر گرت و بە ئاماژەی دەست بە گوڵچیهر و زەڕینکەمەری وت بڕۆن. کە چوونە دەرەوە، ڕوزبەهان پۆدرەیەکی لە گیرفان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەر هێنا و کردیە ناو شەرابەکە و هەڵی قوراند و چاوی بریبیەوە لە چاوی بوودا.

***

ڕوزبەهان بەرمەکی و بنەماڵەکەی هەموویان بوودایی بوون. باوەگەورەی واتە بەرمەک کوڕی جاماسپ لەو بنەماڵە ئێرانییانە بوون کە پشتاوپشت هەر لە سەردەمی ئەشکانییەکانەوە پاسەوانی پەرستگەی بوودایی نەوبەهار لە شاری بەلخ بوون. ڕوزبەهان نەوەی حەسەن برای خالید بەرمەکی و دایکی کچی موغی پاشای چەغانییەکان بوو. پەرستگەی نەوبەهار بە ناوی نووە و هارە کە بە زمانی سانسکریت بە واتای پەرستگەی نوێ بووە، بەفارسی پێیان دەوت نەوبەهار، بە یەکێک لە گەورەترین پەرستگە بوودایییەکان هاتووەتە ئەژمار کە لە چین و هیندستان و تەنانەت پاشاکانی خوراسانیش لە سەردەمی ساسانییەکاندا سەردانیان دەکرد و کرنووشیان بۆ بتی گەورەی بوودا دەبرد و دەستی پاسەوانی ئەوییان ماچ دەکرد. ساڵی ٤٢ی کوچی، عەبدوڵلا کوڕی عومەر کوڕی قورەیش کوڕی قەیس کوڕی حەیتانی ئەسلەمی حوکمی کرد و ئەوی نارد تا شاری بەلخ داگیر بکات و پەرستگەی نەوبەهاریشی ویران کرد. سەروەت و سامانی پەرستگەکەیان بەتالان برد و سێ دەرگای ئاسن و دەرگایەکی زێویان برد. بەرمەکییەکان بەرواڵەت ئیسلامیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هینا، بەلام لە ناخەوە وازیان لە ئایینی دێرینی خۆیان نەهینا. لە سەردەمی دەسەلاتدارییاندا دیسانەوە پەرستگەی بوودایان نوژەن کردەوە، کە دواتر بە ناوی ئاتەشگە ناوی دەر کرد، هەرچەند بەرمەکییەکان بەروالەت لەگەل عەرەبەکان یەکیان گرت بەلام بەنهێنی لە دژی خەلیفەکانی عەرەب هەول و تەقەللایان دەدا و چاوەڕێی کاتی گونجاویان دەکرد، تا سەرلەنوێ خۆیان لە چنگی عەرەبەکان ڕزگار بکەن و هیدی هیدی دەسەلاتیکی وایان بەدەست هینا، کە هەموویان ئەرکە گرینگەکانی سوپا و ولاتیان بەدەستەوە گرتبوو. هەرچەند هاروون چەند جۆریک ئەرک و کاری گرینگی خستە سەرشانی ڕوزبەهان، بەلام ملی نەدا. بە درێژاییی ڕۆژ لە هەول و تەقەللادا بوو، بەلام هەموو شەویک ڕیک لە سات و وەختیکی دیاریکراودا درەنگانی شەو وازی لە هەموو کار و ئەرکە وەرزکەرەکانی دەهینا و دەچووە کوشکە ژێرزەمینییەکەی خۆی. بەیانییانیش کە لێیەوە دەهاتە دەرەوە ژیانیکی پڕجەنجال و پڕئەرک و ماندووبوونی لەئەستۆ بوو. چونکە جیی متمانەی یەحیا و فەزل و مووسا و محەمەد بەرمەکی بوو و دەبووایە پلانی سەربەخۆییی خوراسان هەتا بەلخ و بامیان و تا نزیک عیراقی، کە لەئەستۆ گرتبوو جیبەجی بکات. ڕوزبەهان پیاویکی کارزان و بیرمەند بوو و هەمیشە لەگەل پیاوانی ئایینی و شاعیران و بیرمەندانی برەهمایی و بوودایی و زەردەشتی و مانەوی و مەزدەکی و کریستیان و ئەو پزیشکانەیش، کە لە گوندی شاپوورەوە دەهاتن کۆر و کۆبوونەوەی باس و مشتومڕی ڕیک دەخست. بەلام شەوان دوای ئەوەی کە لەو حەبە تایبەتەی دەخوارد،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە پاسەوانی پەرستگەی نووە سەنغا رامە لە بەڵخەوە بوی دەنارد، تووشی حاڵیکی وا دەبوو، کە پیویستی بە کوشکە ژیرزەمینییەکەی خوی دەبوو. بە جوریک کە ژیانی دوو شیوازی دژبەیەک و جیاوازی هەبوو. ڕوژان شیلگیرانە کاری دەکرد و شەوانیش ئاسوودەیی و ئیسراحەت ئەویش بەو شیوە تایبەتە، کە پەنای دەبرد بو کوشکی خاموشی. ئەو ناوەیشی بویە لەسەر دانابوو، کە قسەکردن لەوی ڕیگەپینەدراو بوو.

کاتیک شەوان ڕیک لە ساتەوەختیکی دیاریکراودا کەسیکی دیکە لەوانە سیبەریک یان ڕوحیک دەچووە ناو ڕوحیەوە دونادون، لەناو بیر و هزرە فەلسەفییەکانی خویدا نغرو دەبوو. بەلام لە هەمووی زیاتر حەزی لە ئایینی بوودا بوو و تەنانەت بو خوی هەندیک گوڕانکاری لە بنەماکانی ئایینی بوودا کردبوو و ڕەنگ و بونیکی ئیرانییانەی پی دا بوو. واتە بڕیک لە وشکایەتی و سەختییەکانی ئایینی بوودای کەم کردبووەوە. بو نموونە خواردنەوەی شەرابی بە ڕەوا دەزانی و سەبارەت بە بابەتی لیخوشبوون و خوبواردن لە هەندیک شت باوەڕیکی تایبەتی داهینابوو. چونکە خوبواردنی لە هەندیک شتی لەوەدا نەدەبینی، کە مروڤ خوی لە چیژەکان بیبەش بکات، بەڵکو بە پیچەوانەوە دەیویست بە هەبوونی هەموو کەرەستە و پیداویستییەکی چیژوەرگرتن خوی لە چیژ بیبەش بکات. بویە لە کوشکی خاموشیدا هەموو جورە کەرەستە و کەلوپەلیکی چیژ و خوشی دابین کردبوو. کچان و کوڕانی جوانکیلە، شەرابی بەتام، موسیقای خوش، تیکەڵبوونی جوانیی و گرمەی ساز و نەشئەی شەراب و بونی عەتر. بەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شتانەوە دنیای ڕاستەقینە و بیر و ئەندیشە ڕۆژانەکانی خۆی لەبیر دەکرد و بەناو کۆمەڵێک خەو و خەیاڵی فەلسەفیدا ڕۆ دەچوو. ئەمەی بە ڕیازەت و خۆبواردنی ڕاستەقینە دەزانی و بەم جۆرە دەیویست مەیل و حەزەکانی ناخی خۆی بکوژێت و چاوپۆشیی لە هەموو پێویستی و چێژەکانی دنیا بکات، تا بگاتە پلەی بەختەوەرایەتیی بوودا؛ ئەم کلیلی بەختەوەرییە، کە خەڵکی ئاسایی لێی بێئاگا بوون! بەڵام شتێکی ناو ئایینی بوودا، کە لە هەموو شت زیاتر بەلایەوە سەرنجڕاکێش بوو، پەیکەری بوودا بوو، بەتایبەت بزە تاڵ و پڕ لە توانجەکەی، کە وەک شەپۆلی تەلەکانی ساز، وەک شەپۆلی ئاو، ئەو ئاوە درەوشاوەیەی، کە تیشکی شووشە ڕەنگامەکانی قەندیلەکان تیایدا ڕەنگیان دابووەوە و لەناو جۆگەلەی ناو کۆشکەکەدا هاژەی دەهات و دەڕۆیشت. فەلسەفەی ڕۆزبەهان تا ڕادەیەک لەم شەپۆلە ئاوانە و لە بزەی بووداوە پێی ئیلهام کرابوو؛ فەلسەفەی ئەو، فەلسەفەی شەپۆل بوو، چونکە لە هەموو شتێکدا، لە هەموو بیچم و شێوەیەکدا و لە هەموو بیر و هزرێکدا لە شەپۆلێکی زووتێپەڕ زیاتر هیچی نەدەبینی.

بە باوەڕی ئەو سەرلەبەری خیلقەت ئاوێکی ئارام بوو، ڕێک هاوشێوەی ئاوی ناو جۆگەلەی کۆشکەکەی خۆی کە بایەکی ناوەخت هەڵی کردبوو و دەیلەراندەوە. کاتێکیش ئەم بایە دادەمرکایەوە هەموو بوونەکان لە بوونی ڕاستەقینەی خۆیاندا، لە نیروانەدا نوقم دەبوونەوە. ژیان و مەرگ و خۆشی و ناخۆشی، هەموو ئەمانە شەپۆلێکی زووتێپەڕ و وەهمێکی زووتێپەڕ و پردێک بوون، کە تێکەڵ بە نابوونایەتی نیروانە دەبوون. شنەبایەک بوو کە هەر بەهەوەس بەسەر

ناوەکەدا هەڵی کردبوو. ژیان بە باوەڕی ئەو، گاڵتەیەکی خەمناک بوو و نەک تەنیا کوشتنی مەیل و حەزەکانی بە چارەسەری ئەم خەمە دەزانی، بەڵکو لە پەرداخە شەرابەکاندا ئەم خەمەی دادەمرکاندەوە. چونکە بەگوێرەی یاساکانی بوودا هەر ئەم مەیل و حەزە بوو، کە دوناودونی لەسەر زەویدا درێژە پێ دەدا و هەرکەسێک بیتوانیبایە ئەم مەیلەی بکوژێت، دەچووە ناو نەبوون و مەرگەوە و ئەوەیش خۆی بەختەوەریی هەتاهەتاییە.

بە باوەڕی ڕوزبەهان بزەی بووداش فەلسەفەی شەپۆلی ئەوی پشتراست دەکردەوە، چونکە بزەی ئەو وەک شەپۆلێکی زووتێپەڕ بوو، کە بە دەموچاویەوە دەر دەکەوت. لەمێژ بوو ڕوزبەهان هەوڵی دەدا ئەو شێوە و حاڵەتەی بوودا بەخۆوە بگرێت و هەموو شەوێک کاری ئەوە بوو، کە لاسایی بزەی بوودا بکاتەوە؛ بزەی نتم و نیان، شادمان و خەمناک و شکۆمەند. دەیویست لاسایی ئەو بزەیە بکاتەوە و ئەو بەختەوەرییەی بوودا لە ناخی خۆیدا هەست پێ بکات، بەڵام چونکە ئەمشەو مەیلێکی شەهوەتی لەهەمبەر گوڵچیهر لە ناخیدا هەست پێ کرد، بۆیە پۆدرەکەی کردە ناو پەرداخە شەرابەکە و خواردیەوە و لە چاوی بوودای ڕوانی. ئایا ئەوە دەرمانی مەرگ یان خەو بوو؟

***

پێش ئەوەی کە پلانەکەی ڕوزبەهان جێبەجێ بکرێت، هەمان شەو کە ١٣ی مانگی سەفەری ساڵی ١٨٧ بوو، نامەبەری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەلیفە گەیشت و حوکمی کوشتاری هەموو بەرمەکییەکانی دەر کرد. لەو شەوەدا هەزار و دووسەد ژن و منداڵ و خزم و غولام و لایەنگرانی بەرمەکییەکان قەتلوعام کران.

بو روژی دواتری، چەند عەرەبیک دەرگای ئاسنی کوشکی خاموشییان شکاند و چوونە ناو کوشکەوە. قەندیلەکان کوژابوونەوە. تەنیا ئاگریک لە دەفری بخوردەکەوە بلیسەی دەستەند و بە شیوەیەکی توقینەر پەیکەری بوودای بەو بزە گاڵتەپیکەرانەوە رووناک کردبووەوە. روزبەهان لەسەر دوشەکەکەی چوارمشقی دانیشتبوو و لە جیی خویدا وشک بووبوو. سازیکی هاوشیوەی تار و کووپیک شەرابی لەتەنیشتەوە بوو و بە دەستی چەپیشیەوە کاغەزیک گرمولە کرابوو. یەکیک لە عەرەبەکان لیی چووە پیشی و کاغەزەکەی لە دەستی دەر هینا. موری فەزل کوری یەحیا بەرمەکی پیوە بوو و حوکمی کوشتنی عەرەبەکان و سەربەخویی خوراسانی تیدا نووسرابوو. دەموچاوی روزبەهان نەویبووەوە و وینەی کەوتبووە ناو ئاوەکە و بزەیەکی گاڵتەپیکەرانە، بزەی فەلسەفییانەی بوودا بە لیوەکانییەوە هەڵکولرابوو. ئەم بزەیە کە لەناو جوگەلە ئاوەکەدا رەنگی دابووەوە، ترسناک دەهاتە بەرچاو. وەک بلیی ئەمە دەڵیت، ئەمەیش لە شەپولیک زیاتر هیچ نییە، ئەمەیش شەپولیکی گاڵتەجار و زووتیپەرە. وەک شەپولی ئاو، وەک بزەی بوودا. ئەم پیشهاتانەیشی بەلاوە کاتی و زووتیپەر بوون و مەرگیش بە دوایین پلەی گاڵتەجاریەت و دوایین شەپولی دیتە ئەژمار!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# باوکانی ئادەم

**"من لە کانگەی خەڵووزی بەردی شمشەک، پارچە خەڵووزێکم بینی ڕێک لە دەستی مەیموون دەچوو."**

- کرێکارێکی کانگەی شمشەک

ملیۆنان سەدە لە تەمەنی زەوی تێدەپەڕی و زەوی لە تووڵەڕێیەکدا کە بەدەوری هەتاودا بوخۆی دۆزیبوویەوە دەسووڕایەوە، بەڵام سروشت هێشتا لە جووڵە نەکەوتبوو. ڕەهێڵەی توند و هەورەبرووسکە و ڕەشەبا و گەردەلوول و بوومەلەرزەگەلی دوابەدوای یەک، بەسەرهاتی نەبڕاوەی سەر ڕووی زەوی بوو. لە لووتکەی کێوی دەماوەندەوە بەبەردەوامی دووکەڵ و هەڵمێکی خۆڵەمێشیی دەهاتە دەرەوە، کە شەوان ڕەنگەکەی دەگۆڕا بۆ پرتەقاڵی و وێنەکەی دەکەوتە سەر ئاوە هێمن و مەنگەکەی دەریاچەکەی ئەو نزیکە. شاخەکان و خەرەندەکانی چواردەوری دەریاچەکە بە دارستانی چڕ و درەختگەلی ئەستووری گەورە داپۆشرابوون



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و لەژێر لقوپۆی ئەم درەختانەوە گیانەوەرگەلی درندە و بلەوەڕ و مەیموونگەلی گەورە دەژیان، کە تازە کۆچیان کردبوو بۆ ئەو شوێنە. گەلێک بنەماڵەی جۆراوجۆر و نامۆ. مەیموونگەلی گەورەی هاوشێوەی مرۆڤ یان مرۆڤ-مەیموون بازنەیەکیان دروست دەکرد کە نەژادی مرۆڤی بە مەیموونەوە دەبەستەوە. بەلام ترس لە گیانەوەرە درندەکان لەیەکی نزیک خستبوونەوە و یەکی خستبوون.

لەناو ئەم خێزانە مەیموونانەدا دوو بنەماڵەیان لەوانی دیکە ناودارتر بوون و پەیوەندییەکانیشیان پێکەوە چڕتر و گەرموگوڕتر بوو. یەکێکیان بنەماڵەی داهاکی بوو، کە ژنێکی بەساڵاچووی هەبوو بە ناوی ڕیتیکی، کە کچێک بە ناوی تاکا و کوڕێکی لاو بە ناوی زیزییان بۆ مابووەوە. منداڵەکانی تری چووبوون بۆ دارستانەکانە دوورەکان و هیچ هەواڵیان لێیان نەبوو. بنەماڵەکەی تر کیسا کیکی بوو، کە لە دارستانە دوورەکانی وڵاتی ئوتوهاوە هاتبوونە ئەو شوێنە. کیسا کیکی پێی نابووە تەمەنەوە و سەروسیمای لە مەیموونەکانی تر جیاواز بوو. قژی بۆر و دەموچاوی گەورە و ددانی پێشەوەی درێژ و پووکی گەورە و دەمی پان و دوو گوێی خڕتی گەورە بەسەریەوە نووسابوون، چاوی سووری بە ڕەنگی شەراب بە کەللەسەریدا ڕۆ چووبوون. لووتی پان و ڕدێنی درێژ. ڕدێنی پیروز درێژتر لە ئاستی ئاسایی بەژێر چەناکەیەوە شۆڕ بووبووەوە و لێوی خوارەوەی لەرادەبەدەر جوولەی هەبوو. ملی پان و کورتی بەناو سینگیدا ڕۆ چووبوو. دەستی درێژ و باسکی بەهێزی تووکن، سینگی پان، زگی گەورەی شۆڕەوەبوو، سمتی دەرپۆقیو، ئەژنۆکانی چەمیبوونەوە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە گوچان ڕێگەی دەکرد. توپەڵێک قژی سووری بەسەرەوە بوو. بەڵام کچەڵاوەکەی ویستسیت تەنیا چاوەکانی زاق بوون ئەگینا وەک جەستە زۆر جوانتر و ڕێکوپێکتر لە باوکی و مەیموون-مرۆڤەکانی دیکە بوو.

پێش هاتنی کیسا مەیموونەکان بەئاسوودەیی دەژیان و دەیانخوارد و خۆشەویستییان دەکرد. ترووپکی چێژەکانیان خواردن و شەهوەترانی و ڕاکەڕاک و نەهامەتی و برسیتی و ئازارچەشتن و پیری و نەخۆشی و بەگژداچوونەوەی گیانەوەرە درندەکان بوو. بەڵام کیسا کە هاتە ئەوی، فێری ڕقوکینەی کردن و لەبەر هەستی خۆپەرستییەکەی هەوڵی دەدا ببێتە سەرکردەی هۆزی داهاکی. شتێک کە کارەکەی بۆ ئاسانتر کرد دەموچاوی فێڵبازانە و توانای ئاخافتن و لێدوانی بەهێز بوو. لە هەموویشی گرینگتر ڕدێنە درێژەکەی سەرنجی مەیموونەکانی ڕادەکێشا. بەتایبەت دوای ڕووداوێکی ناخۆش کە داهاکی توانیی دوو پڵینگ بکوژێت کیسا بە ئامانجەکەی خۆی گەیشت. چونکە لەو شەڕ و تێهەڵچوونەدا پووکی داهاکی شکا و زەمینگیر بوو و ئیتر بەئەستەم دەژیا و لەوەدبەدوایش کیسا بووبووە سەرۆکی هۆزی داهاکی.

زستانی ساڵی پار بوو کە دوو پڵینگ لە دۆڵی داهاکیدا دەر کەوتن و دوازدە مەیموون-مرۆڤیان هەڵدڕاند و خواردنیان. داهاکی، کە سەرۆک و پێشەوای هۆزی مەیموونەکان بوو، هەمیشە لە وەرزی کۆچدا پێشەنگیان بوو و لە هەموو مەیموونەکانی تر گەورەتر و بەهێزتر بوو. بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی پڵینگەکان بکوژێت. ڕۆژێکیان بەردەبیان لە خەو هەستا و گورزێکی گەورەی بە دەستەوە

گرت و کیساشی لەگەڵ خۆی برد بۆ کوشتنی پلینگەکان. بە قەدپاڵی کێوەکەدا پڵینگەکانیان بینی، کە بە قەڵافەتی گەورەی زەردی میلمیل و دەست و پەنجەگەلی بەهێزەوە لە دۆڵێکدا خەوتبوون. کیسا تا پڵینگەکانی بینی بە درەختێکدا هەڵگەڕا. داهاکی لە بەرزاییی کێوەکەوە تاشەبەردێکی گەورەی خلۆر کردەوە و بەر سەری پلینگە مێیینەکە کەوت و دەستێکی پڵینگە نێرەکەشی بریندار کرد. پڵینگی نێر سەرەڕای ئەوەی کە دەستێکی شکابوو، پەلاماری داهاکی دا و داهاکیش بە چالاکییەکی بێوێنەوە خۆی لێ دوور خستەوە. پلینگەکە دیسانەوە بەر بووەوە سەر زەوییەکە و داهاکی دوای شەڕوپێکدادانێکی زۆر هەردووکیانی کوشت. بەڵام لەمیانەی شەڕ و تێهەڵچوونەکەیاندا یەکێک لە پلینگەکان پەنجەی بە دەموچاوی داهاکیدا کێشا و پۆکی شکاند. کاتێکیش مەیموونەکانی تر بە هەلهەلە و شادمانی گەیشتنە شوێنەکە، هەردوو دوژمنە خوێنمژەکانیان بینی، کە یەکێکیان سەری پلتوپان بووبووەوە و ئەوەی دیکەشیان پشتی شکابوو، بە جۆرێک کە لەبەر ئازاری زۆری و لە کاتی گیانکەنشتدا بە چرنووکەکانی درەختێکی لە ڕەگەوە دەر هێنابوو و لە خوێنی خویاندا دەگەوزان. کیسا کە تاقمی مەیموونەکانی بینی لەو درەختەوە کە لە ترسان پیایدا هەڵزنابوو، هاتە خوار و لە جەماوەرەکە نزیک بووەوە و بە هەردوو دەستی بە سینگی خۆیدا دەکوتا و بە دەنگێکی گڕ دەینەڕاند. وەک دەنگێک کە لە سندوقێکی شکاوەوە دەر بێت. پاشان نەعرەتەیەکی هەورەبروسکەئاسای کرد و دەنگی بە هەموو دارستانەکەدا دەنگی دایەوە و بەمنگەمنگ وتی، "خا... ئاهـ... خا... ئاهـ...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یاهـ... ئووو... ئووووو... وە... وە."

کە تەواو لێیان نزیک کەوتەوە دیسانەوە نەڕاندی و بە سینگیدا دەیکوتا. مەیموونەکان سەرنجیان کەوتە سەری. زیاتر لێیان نزیک کەوتەوە و بە ڕوخسارێکی ترسناکی فێڵبازانەوە چاوێکی لە داهاکی کرد کە بە دەمی پڕخوێنەوە لەو ناوە کەوتبوو. ئینجا چەند جارێک قیڕاندی، "یائوو کیکی... یائوو کیکی! واتە، "من پڵینگەکانم کوشت...پڵینگەکان من کوشتوومن!".

چاوەکانی سووڕاندەوە و هەموو مەیموونەکان بە چاوی ڕێزەوە لێی ڕوانین و لەو ڕۆژەوە ئەم دۆڵە بە دۆڵی کیسا کیکی ناوی دەر کرد، واتە دۆڵی کیسای پڵینگکوژ. ئیتر کیسا بەفەرمی بوو بە سەروکی هۆزی مەیموونەکان. زیزی هات و باوکە برینداره‌کەی لەکۆڵ نا و بردی لەسەر درەختێکدا بەسەر گەڵاوشکەکانەوە خەواندی و کیسایش ویستسیتی نایە سەرشان و پەنجەی لە دەستی ئەو نا و بە بەر نیگا پڕ لە ئافەرینەکانی مەیموونەکانەوە بە هەنگاوی قورس و شکۆمەندانەوە بەرەو هێلانەکەی گەڕایەوە.

دۆڵی کیسا کیکی پڕبەرهەمترین دۆڵ بوو لە هەموو چواردەوری کێوی دەماوەنددا. گوێز و میوەیەکی هاوشێوەی نارگیل، شەکری سوور، فندوقی کێوی، بادەمی کێوی و میوەگەلی مزر و گەزەک، چرۆی درەخت و گوڵ بۆ خواردنی سرۆڤ-مەیموونەکان لەو ناوەدا هەبوو و هەوایەکی ئێجگار سازگاریشی هەبوو، بەڵام مەترسییەکی نامۆ هەڕەشەی لێ دەکردن و درک و تێگەیشتنێکی ئاژەڵانە، بەئاگای هێنابوونەوە. ئەم مەترسییە گرکانی کێوی دەماوەند بوو، کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماوەیەک دەبوو لە هەڵچوون و ئاگر و دووکەڵ کەوتبوو. سەوزەلانییەکانی چواردەوری کێوی دەماوەند وشک بووبوون و هەوریکی رەش بەبەردەوامی بە راسەریەوە بوو و بوومەلەرزەگەلی بەهێز روویان دەدا. بەلام مەیموونەکان چاوەڕیی بریاری سەرۆکهۆزەکەیان بوون واتە کیسا کیکی تا لەگەڵیدا کوچ بکەن.

❊❊❊

زستانیک بەسەر کوشتنی پلینگەکاندا تێپەری. بەلام برینەکەی داهاکی چاک نەبوودوە و دواجاریش نەیتوانی بیسەلمێنیت، کە ئەو پلینگەکانی کوشتووە و کیسا مافی ئەوی خواردووە. دوخی داهاکی زور خراپ بوو و برینەکەیشی تا دەهات خراپتر دەبوو. هەرچەند لایەکی چەناگەی خوی گرتبوودوە، بەلام ژیری چەناگەی ناسور بووبوو و کچە بچووکەکەی چاودیری دەکرد. لەژیر هەتاودا سەری بو دەپشکنی و لەو میوانەی کە زیزی دەیهینان، دەیجوون و لە دەمی باوکی دەنان. میش و میشوولەی سەر برینەکەی لی دوور دەخستەوە و هەندیک جاریش زیزی باوکی لەکول دەکرد و دەیبردە لای کانیاوەکە و ئاویکی بە دەموچاویدا دەدا و ئیتر هەمووان چاوەڕیی مردنیان دەکرد. لەو ماوەیەدا کیسا روژ لەدوای روژ زیاتر دەسەلاتی خوی پەرە پی دەدا و پشووەکانیشی لەگەل کچەکەی ویستسیت تیپەر دەکرد. ویستسیت چاوگەلی زاقی هەبوون، پووزی بەهیز، زگی گەورە و قول و باسکی بەهیز، بەلای مەیموونەکانی دیکەشەوە زور جوان بوو. کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناویان دەهێنا مەیموونە نێرەکان زاریان پڕ دەبوو لە ئاو بەلام کەس نەیدەویرا تەنانەت چاوی لێ بکات، چونکە لە هێز و دەسەلاتی باوکی دەترسان. بەلام تاقە کەسێک کە بە پێچەوانەی یاساکانی دارستان دەجوولایەوە زیزی بوو، کە بەئاشکرا خۆشەویستیی خۆی بەرامبەر ویستسیت دەر بڕی و هیچ گوێی بە دەسەلاتی کیسا نەدا. زیزی ویستسیتی خۆش دەویست و ویستسیتیش چیتر بەدەست باوکیەوە وەڕەز بووبوو و دیارە دلیشی لای زیزی بوو کە ملی پان و قۆل و باسکی بەهێزی هەبوون. کە ئێوارە دادەهات و هەموو گیانەوەران و مەیموون-مرۆڤەکان دەچوونەوە ناو هێلانەکانیان لەسەر لقە دارەکاندا، ویستسیت و زیزی لەناو دارستانەکەدا دەستەملان و ڕاموسانیان دەست پێ دەکرد و ویستسیت سەرەرای نەعرەتەکانی باوکی، کاتێک بانگی دەکرد، هیچ گوێی نەدەدایە. کاتێکیش درەنگانێک دەگەڕایەوە بۆ مالەوە باوکی بۆنی دەکرد و بۆ ماوەیەک دەنگی بۆلەبۆلی دەهاتە گوێ. ویستسیت بە شێوەیەکی خەمبارانە لە بەردەمی باوکیدا دادەنیشت و چاوی لە چاوە تەڕەکانی دەبڕی و بە خەمناکییەکی تەواو و بەبێدەنگی دادەنیشت. جارجارە تووڕە دەبوو و دەیقیراند و هاواری دەکرد بە جۆرێک، کە گیانەوەرانی دیکە لە دەنگەکەی دەترسان و هەلدەهاتن. پاشانیش ماوەیەکی درێژ لەنێوان گەلاکانەوە چاوی لە ئەستێرەکان دەکرد کە دەدرەوشانەوە، چونکە خەوی لێ نەدەکەوت و بیری لای زیزی بوو و هەولی دەدا بە ئەستێرەکان وێنەی ڕووەک و گیانەوەران دروست بکات، یان لە نهێنییەکانیان تێ بگات و چارەنووسی خۆیانی پێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بخوێنێتەوە.

چەند مانگ دواتر ویستسیت دووگیان بوو و شەڕ و ئاژاوەی باوکی لەگەڵیدا بە درێژایی شەو بەردەوام دەبوو. کیسا دژی هاوڕێیەتی و پەیوەندیی نێوان کچەکەی و زیزی بوو. ویستسیت منداڵەکەی دەدایە پاڵ باوکی، بەلام کیسا زیرەکتر لەوە بوو پێی هەڵبخەڵەتێت و هەموو شەوێک بۆنی زیزی پێوە کردبوو. وای لێ هات ویستسیت تەنگی پێ هەڵچنرا و زیزی بڕیاری دا پێکەوە هەڵبێن بەرەو دارستانێکی دوور.

***

شەوێکیان کاتێک مانگەشەو لەنێوان گەلای دارەکانەوە ڕووناکی خستبووە سەر زەوی، ڕەنگی ئاسمان وەک ئاسنی تواوە و هەورە تۆخ و تاریکەکان بەقەراخی ئاسمانەوە تێکەڵ بە یەکتری بووبوون و لقی ئەستوری دارەکان لە تاریکیدا شێوەگەلی سەرسوڕهێنەریان بەخۆوە گرتبوو، ژیانی شەوانەی دارستان دەستی پێ کرد. لە دوورەوە سێبەرگەلی سەیروسەمەرە دەبینران، کە بەسەر لقی دارەکان و گژوگیاکانەوە دەلەرینەوە و جیکوڕکییان دەکرد و بەرەو هێلانە گەرم و نەرمەکانی خۆیان دەچوونەوە. بنچکەگیاکان دەجوولانەوە و دارەکان دەنگی خشەخشیان لێوە دەهات. بنچکەگیاکان بە هەڵکردنی با دەلەرینەوە و لوورەی چەقەڵ و تریقانەوەی کەمتیار ناوەناوە بەرگوێ دەکەوت و ددانە سپییەکانیان لە تاریکیدا دەدرەوشانەوە. وەک بڵێن دەم لە کەسێک پان دەکەنەوە، سەرەتا پێکەنینێکی قێزەونیان دەکرد،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە تەزووی بە جەستەی گیانەوەراندا دەهێنا و پاشان دەگۆڕا بۆ لوورەیەکی خەمناک و تێکەڵ بە قیژە و زریکەی ناخۆش و دووری گیانەوەرانی دیکە دەبوو. شەمشەلەکوێرە گەورەکانیش باڵە ئێسقانییەکانیان لێک دەدا و دەیانزریکاند، پڵینگەکان دەیانگرماند. هەموو ئەم دەنگانە ترسیان دەخستە دڵی گیانەوەرانەوە. ترسێکی وا بوو، کە دەنگەکان بە جارێک بێدەنگ دەبوون و هەموو گیانەوەران چوست و چالاک دەبوون. مەیموونەکان کە توقیبوون زەغ زەیغیان دەکرد و لەپڕێکدا بێدەنگ دەبوون. گیانەوە ڕاوچییەکان بە چاوە وریجەدارەکانیان و هەناسەی بۆگەن و گەدەی برسی و لووتی بۆزنەوە بەئەسپایی و بەپارێزەوە دەسووڕانەوە و بەدوای خۆراکدا دەگەڕان.

لەم شەوەدا زیزی میوەیەکی وەک نارگیل و مشتێک میوەگەلی جوراوجۆری کێوی هێنابوو و سەد هەنگاوێک لەولاتری هێلانەکەی کیساوە چاوەڕێی ویستسیتی دەکرد. خەریک بوو بەنابەدڵی میوە سوورەکانی دەخوارد و بە پشتەوەی دەستی دەمی پاک دەکردەوە و ناوکەکانیانی فڕێ دەدا. بەڵام هۆشی لای خۆی نەبوو و دڵی توند لێی دەدا. لەپڕێکدا لقی دارەکان جووڵانەوە و ویستسیتی بینی بە دەموچاوی ڕەشهەڵگەڕاو و ناوچاوی تووڕە و هەراسانەوە بەپێدزکێ بەتەنیشتیدا ڕادەبورد. زیزی دەستی خستە ناوقەدی. ویستسیت سەرەتا ترسا، پێی وا بوو مار یان گیانەوەرێکی ترە. کە زیزی ناسییەوە خۆی پێوە نووساند.

زیزی قیڕاندی، "خا... ئاهـ... یاهـ. یاهـ. ئووووە... وە... وە."
باڵندەیەکی ڕاگوزەر ئەم دەنگەی بیست و چەند جارێک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جریکاندی. ویستسیت بە پشتبەستن بە هەستی ئاژەڵانەی خۆیەوە بەوەی زانیبوو کە دلداری و دەستەملان و خۆشەویستییەکەیان زۆر ناخایەنێت و باوکی بەم زووانە ڕێگە لە چێژ و سەربەستییەکانیان دەگرێت. پاشان زیزی بە دەنگێکی ناسکتر وەڵامی دایەوە، "وائوو... وائووو! واتە منم، منم."

زیزی کە دەستی بە ناوقەدی ویستسیتدا گیر کردبوو، بە هەموو هێزییەوە بە خۆیەوەی نووساند و توند گوشی. ئەم کردەوە نەزانکارانە و نوقسانەی ئەو هەرچەند منداڵانە بوو، بەڵام گوزارشتی لە پێویستییەکی ماددی و نزم دەکرد و لە هەمان کاتیشدا سۆزێکی شاعیرانە و دڵبزوێنیشی تێدا هەبوو. پاشان زیزی وازی لێ هێنا و میوەکەی بە دارێکدا کێشا و شیلەکەی داچۆری. ئایە دەمی ویستسیت و ئەویش بە هەردوو دەستی و بە ئیشتیایەکی زۆرەوە خواردی. لە خۆشییان دوو-سێ جار ناڵاندی. پاشان دەستی کرد بە هەڵمژینی شیلەکەی. چەند دڵۆپێکی تکایە سەر سینگی. زیزی کە ئاگای لە هەموو جووڵەکانی هەبوو بە زمانە نەرمە گەورەکەی شیلەی سەر سینگی لیستەوە و دیسانەوە ویستسیتی بەخۆیەوە نووساند. ویستسیت خۆی کشاندەوە بۆ دواوە و دەستی بە خواردنی میوەکە کرد. زیزی بە چاوی مشتەرییەوە لێی دەڕوانی و پاش ئەوەی کە لە خواردنی میوەکە بووەوە لە خۆشییان چەند جارێک قیراندی، "زیزی واوووو... زیزی واوووو" واتە، "زیزی خۆشم دەوێت. زیزی خۆشم دەوێت."



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەنگی لە شاخەکەدا دەنگی دایەوە و هەر ئەم وتانەی دووبارە دەکردەوە. مانگ لەپشت هەورەکانەوە دەر کەوت. لەو ناوەدا کانیاویک هەبوو کە جوگەلەیەکی باریکی لێ جیا دەبووەوە و بەرەو دەریاچەی خوارەوەی کیوی دەماوەند شۆڕ دەبووەوە. لە دوورەوە دیار بوو، کە ئاوی دەریاچەکە کەمی کردووە و سەوزەلانییەکانی چواردەوری ئاوەکە وشک بوونەتەوە و باڵندەکانیش کۆچیان کردووە. قەدپاڵی کیوەکە دیار بوو، هەوا سامال بوو و ئەوانیش شادی و خۆشییەکی وایان لە دڵدا هاتبووە ئاراوە کە نەیاندەتوانی بۆ یەکتری دەر ببڕن. لەپڕێکدا لقی دارەکان جووڵانەوە و ئۆمبوودیەکی گەورە واتە گامێشێکیان لێ دەر کەوت، کە بەهێمنی بەرەو کانیاوەکە دەڕۆیشت. زیزی و ویستسیت لە جێی خۆیان جمیان نەخوارد و ئەو دیمەنەش بۆ ئەوان وەک ڕابواردن وا بوو. گامێشەکە گەیشتە سەر کانیاوەکە و لمووزە نەرمەکەی بە ئاوەکەدا ڕۆ دەکرد و دەری دەهێنایەوە و ئاو بە لمۆزیەوە دادەچۆڕی. پاشان چاوێکی بە چواردەوری خۆیدا گێڕا و هەر لە هەمان ڕێگەوە کە هاتبوو گەڕایەوە. ویستسیت و زیزی بەئەسپایی لەژێر لقی دارەکانەوە هاتنە دەر. مانگەشەو وریشەی دەهات. ئەستێرەکان ڕووناک بوون، وێنەی دیمەنی کیوی دەماوەند بە ئاگری پرتەقاڵی و دووکەڵی سەر لووتکەکەیەوە کەوتبووە سەر ئاوی مەنگ و لیلی دەریاچەکە. چاوە توقینەرەکانی زیزی لە خۆشییان بریسکەیان دەهات. لمۆزی شۆڕ، دەموچاوی سوور، دەستی درێژ و بەهێز و مەمکە قوتەکانی ویستسیت لەلای زیزی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جۆرێکی دیکە دەهاتنە بەرچاو. لەو کاتەدا گەدەی پڕ و ئیسراحەت، هەموو گیانی گەرم داهاتبوو، خوێنێکی خێرا بە هەموو جەستەیدا دەگەڕا. کەیفخۆش بوو و ئەو بۆنە تایبەتەی، کە لە ویستسیتیەوە دەهات سەرخۆشی کردبوو و وزەیەکی ئێجگار تایبەتی پێ بەخشیبوو، بە جۆرێک کە پێویستی بە ڕاکردن و بازدان و ڕابواردن هەبوو.

زیزی بە چالاکییەکی تایبەتەوە قۆڵی بە قۆڵی ویستسیتدا کرد و لەکۆڵی نا. چەند جارێک قیراندی و وەک داربازێکی لێوەشاوە جرتوفرتی دەکرد و ڕای دەکرد و بەترسەوە ئاوڕی دەدایەوە چاوی بە چواردەوری خۆیدا دەگێڕا. بۆنی هەڵدەکێشا و هەناسەی سوار دەبوو و دیسانەوە بازبازێنی دەکرد. گیانەوەرە بچووکەکانی لەژێر پێیدا دەترسان و هەڵدەهاتن. ئەو باڵندانەی، کە کۆچیان کردبوو بۆ ئەو ناوە، بە قرموقاڵەکانی ئەو هەڵدەهاتن. زیزی ناوەناوە وەک بیهەوێت زۆر و هێزی خۆی نیشانی ویستسیت بدات، ویستسیتی لەسەر زەوی دادەنا و خۆی بە لقی دارەکانەوە هەڵدەواسی و دەسووڕایەوە و دیسانەوە خۆی بەر دەدایەوە و هەموو کرژوکۆڵیی خۆی بە چاوی ویستسیتدا دەدایەوە. پاشان دەستی ویستسیتی دەگرت و پێکەوە ڕایان دەکرد و بەدەم تەپاوتلەوە دوور دەکەوتنەوە. جووڵەکانیان هێندە جوان و دڵڕفێن بوون وەک بڵێی هەموو دارستانەکە گیانی بەبەردا هاتبێتەوە وا بوو. گیانیان بە بەری درەختە ئارامەکان و مانگەشەوی کز و بێتیندا کردبووەوە. سەرلەبەری جەستە چەماوەکەی، دەستە درێژەکانی، قاچەکانی کە بە درەختەکاندا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵدەگەڕا، تەواو گونجاو بوون بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی لە دارستاندا. هەردووکیان بەبێ ئەوەی کە بۆ یەکتری دەر ببڕن دەیانزانی لەم دارستانەوە دەڕۆن و کە بەدەم ڕابواردن و جرتوفرتەوە زانییان مەودایەکی زۆر لە کیسا کیکی دوور کەوتوونەتەوە، وەستانێکیان کرد. چونکە دیمەنی کێوی دەماوەند و بڵێسەی گڕکانەکەی لەبەر مانگەشەودا لە دوورەوە هێندە جوان و دڵڕفێن بوو، کە نەیاندەتوانی چاوپۆشی لە تەماشاکردنی بکەن. بۆیە دەستلەملی یەکدی بەدیار تەماشاکردنیەوە دانیشتن. وەک ئەوە وا بوو لەو ساتەوەختەدا بروسکەیەکی هۆش و ئاوەز، بروسکەیەکی هەست و سۆز لە چاویاندا دەدرەوشایەوە. ویستسیت دڵی بەو دیمەنە دوورانە گیرا و خەمناک بوو. دۆڵی کیسا کیکی پلێنگکوژ، گوندەکەی باوکی لەو خوارەوە هەڵکەوتبوو. دەیزانی باوکی لەوێ خەوتووە. درەختەکان، ئەو هێلانە گەرم و نەرمەی کە هەیبوو، ئەو میوانەی کە خواردبوونی، یارییەکانی لەناو دارستاندا؛ هەموو ئەمانە بە بەرچاویەوە تێپەڕین و لەژێر لێوەوە وتی، "کیسا کیکی!"

زیزی بەرەو لای خۆی ڕای کێشا، بەڵام کارتێکەرییەکەی زۆر کاتیی بوو، چونکە هەموو هەستەکانیان بە جارێک هێرشیان دەهێنا و ماوەکەیشی ئێجگار کورت بوو و هەر زوو دەڕەوییەوە. هەموو هەستەکانیان لە چاویاندا هەڵدەکۆڵرا و لەو ڕێگەیەوە هەست و سۆزیان پێکەوە دەگۆڕییەوە. بەڵام دیسانەوە بە دڵێکی خۆش و شادمانەوە بازیان دەدا و بەرەو شوێنێکی نادیار و ژیانی داهاتوویان ڕۆیشتن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چونکە ویستسیت متمانەی تەواوی بە قۆڵ و باسکە درێژ و بەهێزەکانی زیزی هەبوو، کە میوەی بۆ دەهێنا.

❊❊❊

بەرەبەیان هێشتا ئەستێرەیەکی کز بە ئاسمانەوە دەدرەوشایەوە. کەنارەکانی ئاسمان وەک ڕەنگی شیری لێ هاتبوو. وێنەی درەختەکان و کێوی دەماوەند کەوتبووە سەر ئاوی دەریاچەکە، کە دیارە ئاوەکەیشی کەمی کردبوو. شنەیەکی بۆنخۆش، بۆنی گوڵە دوورەکان و بۆنی گەڵا هەڵوەریوەکانی لەگەڵ خۆی دەهێنا. هەتاوی ئاڵتوونی، بەئەسپایی دەر دەکەوت و لە بەیانییەکی ئارام و هێمن و بێکێشە دەچوو. بەڵام کێوی دەماوەند هەردەشەئامێز، تووڕە، پڕدڵەڕاوکێ و تێرنەخەوتوو، بڕێک دووکەڵی لە لووتکەکەیەوە فڕێ دەدایە دەرەوە. هەر کە کیسا کیکی لە خەو هەستا، بە نەعرەتە ترسناکەکەی ویستسیتی بانگ کرد، بەڵام چەند بەدوای کچەکەیدا گەڕا سوودی نەبوو. ئەوەندە بێتاقەتی کرد و قیژاندی، کە مەیموونەکانی تر بەزەییان پێدا هاتەوە، بەڵام کەس نەچوو بەهانایەوە، چونکە هەموو مەیموونەکان لە هێز و بازووی زیزی دەترسان و ئەوەشیان دەزانی، کە ویستسیت لەگەڵ زیزی هەڵهاتووە. بۆیە کەسیان ئامادە نەبوو بەرەورووی زیزی ببنەوە و بەگژیدا بچنەوە. دیارە دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ ڕووداوێکی سەیر قەوما. دوو بوومەلەرزەی بەهێز روویان دا و کێوی دەماوەند چەندین جار گرماندی و دووکەڵ و گۆگرد و خۆڵەمێشێکی ئێجگار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆری لی هاتە دەردەوە. گیانەوەرانی دارستان بەم گۆرانکارییە کتوپرییە توقیبوون و بەرەو دارستانە دوورەکان هەڵهاتبوون. بەلام مەیموونەکان هەموویان لە گوردپانی کیسا کیکی گرد بوونەوە و چاوەریی پیشەوای خۆیان دەکرد واتە کیسا کیکی، کە بیت و پیشیان بکەویت و بەرەو شوینیکی ئەمن و ئارام بیانبات. یان بە پشتبەستن بە ئەزموونەکانی خۆی لە هۆکارەکانی ئەم رووداوە ناخۆشە ئاگاداریان بکاتەوە و وردیان پی ببەخشیت. هەموو مەیموونە نیر و مییینەکان بە منداڵەکانیانەوە بە ترسولەرزەوە لیک دەئالان و بەدەم هەرا و قیژاندنەوە دەسوورانەوە. لەپریکدا کیسا کیکی کە تیلایەکی گەورەی بەدەستەوە بوو، بە زدینی بوردەوە، پشتی چەماوە و دەموچاوی فیلبازانەی پرقوکینە، قژی شپرزە و پەریشان و چاوگەلی سووری تیرنەخەوتووەوە هاتە ناو دولی کیسا کیکی. قەلافەتیکی هیندە توقینەری هەبوو، کە ترسی خستە دلی هەموو مەیموونەکانەوە و هەموویان بیدەنگ بوون. لیوی خواردوەی زیاتر لە جاران شۆر بووبووەوە. پیستی سەری چرچی تی کەوتبوو و بروکانی لەسەرەوە هەلکشابوون و تووکە سیخبووەکانی ئیجگار ترسناک بوون. لە دەموچاویک دەچوو کە لەوانەیە شیتیک لە میشک و هزریدا وینای بکات یان لە مروڤ لە موتەکەیەکدا بیبینیت. پاشان کیسا کیکی بە تەقەتەقی گوچانی دەستیەوە چووە سەر گاشەبەردیک کە لەو ناوە بوو و وەستا. چەند جاریک بە مشتەکولە کیشای بە سینگی خۆیدا و قیراندی، "خا... ئاهـ... خا... نووووە... نووووە... وەدە... وەدە"

چاوەکانی خوینیان تی زابوو. هیندە تووڕە بوو لقیکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داربەڕووی بەدەستەوە گرت و شکاندی و لیدوانەکەی بەم شێوەیە دەست پێ کرد، "هی هی، یائو کیسا کیکی... داهاکی یائو یی یی، خا، ئاە، ئاە. زیزی ویستسیت رو کو، کیسا کیکی، ڕاتا، پووهی ویگ لوتیک وە، وە..."

لە کاتی لیدوانەکەیدا بە هۆی لەبەردەستنەبوونی وشەکاندا، بە یارمەتیی جووڵەی دەست و ئاماژە بابەتەکەی خۆی لە جەماوەرەکە دەگەیاند و چەندین جاریش دووپاتی دەکردنەوە. قیژەگەلی تۆقینەری دەکرد و ئاوی دەمی دادەچۆڕی و دواجار ئەمە پوختەی قسەکانی بوو، "من کیسای پڵینگکوژم و ئێوەم لە گێچەڵی پڵینگەکان ڕزگار کرد. ڕدێنی من لە ڕدێنی ئێوە درێژترە. من زیاتر لە ئێوە زستانم بینیوە و مەیموونم بینیوە. من لە زمانی کانیاوەکان تێدەگەم. من لە زمانی ئەستێرەکان تێدەگەم. داهاکی کەسێکی سەرکێش بوو. زیزی کوڕی، ویستی سیتی کچی منی دزی و هۆکاری بوومەلەرزەکەیش ڕێک ئەمە بوو. زەوی هەمووان دەکوژێت، چونکە ناحەقی بەرامبەر بە من کراوە، منێک کە ڕدێنم لە هیی هەمووتان درێژترە. چارەسەر ئەوەیە کە داهاکی بکوژن و کچەکەیشی واتا تاکا بهێنن بۆ من. میوەکانی ئەو هیی منن. هەرچی کچ هەیە هیی منە. ئاوەکان بوونەتە هەڵم. هۆکاری ئەمەیش داهاکییە. مانگ خەرمانەیەکی سووری بەدەورەوەیە و هۆکاری ئەمەیش داهاکییە. کێوی دونا دونبا دەنگ دەداتەوە و هۆکاری ئەمەیش داهاکییە. بوومەلەرزە دێت و هۆکاری ئەمەیش داهاکییە. زەوی هەمووان دەکوژێت."

سەرلەبەری لیدوانەکەی لە قازانجی خۆی و بە زیانی داهاکی دەشکایەوە. کە لیدوانە تیروتەسەلەکەی تەواو بوو،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەیموونەکان بوومەلەرزە و گرماندنەکانی زەوییان لەبیر کرد و خوێنیان هاتە کوڵ. کیسا کیکی لەسەر هەمان تاشەبەرد دانیشت و پاڵی بە گۆچانەکەیەوە دا. هەموو مەیموونەکان بە گەورە و بچووکەوە بەرەو هێلانەی داهاکی بەڕێ کەوتن و بە زەبری تیلا داهاکی و ژن و کچەکەیان دایە پێش خۆیان. داهاکی بە دەموچاوی بریندار و خویناوی و چاوی کوێرەوە هاواری دەکرد و خوێناو لە دەمیەوە دادەچۆڕی. کچەکەی داهاکی لە ترسان پەنای بردبووە باوەشی دایکی و سەری لەنێوان مەمکەکانیدا شاردبووەوە.

کیسا کیکی لەسەر تاشەبەردەکەدا سەرخەوی دەشکاند و چاوەڕێی دەرەنجامی تۆڵەکەی خۆی دەکرد. لەپڕێکدا دەنگی غەڵبەغەڵب و قرموقاڵ لە دوورەوە بەرز بووەوە. چوار مەیموونی ناشیرین دەست و قاچی داهاکییان گرتبوو و لە دۆڵەکەوە سەر دەکەوتن. داهاکی بە ناڵە و کرۆزانەوە و خۆپێچدانەوە دەیویست خۆی لەدەست دوژمنەکانی ڕزگار بکات. دەنگی کرۆزانەوە و ئاهـ و ناڵە و نەعرەتەی پڕ لە توورەیی و گریان و قیژە و شادی و قریوە تێکەڵ بە یەکتری بووبوون. لەدواوەی داهاکی ژنەکەیشی ڕیتیکی و کچەکەیشی تاکایان بەڕاکێشراکیش هێنا. کە گەیشتنە گۆڕەپانی کیسا کیکی، کە داهاکی بە چاوێکەوە دوژمنی خۆی واتە کیسای بینی، کەسێک کە هەموو شتێکی لێ دزیبوو، لە ناخی دڵەوە قیژاندی و پەلاماری دا، بەڵام بەزۆر لەسەر زەوی دایان نیشاند. داهاکیٔ کەوتە زەوی و پیشی دەخواردەوە و دەموچاوە تۆقینەر و گەورەکەی پڕ بووبوو لە ئارەقە و چڵک و خوێن. مەیموونە گەورە و کەلەگەتەکان بە دار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و بەرد بەربوونە گیانی داهاکی و دەیانکێشا بە سەر و سینگ و دەموچاویدا. مەیموونەکانی دیکەیش لە دوورەوە بەردیان تی دەگرت. قیژە و نەعرەتەکانی داهاکی تا دەهات کەمتر دەبوونەوە و هەر جارە کە دەیقیژاند لافاوی خوێن بە سینگیەوە دادەچوری. پووکە گەورەکانی قورس و شور بووبوونەوە و ددانە بەهیزەکانی شکابوون. هەناسەبڕکێی پێ کەوتبوو و هەر هەناسەیەکی هەلدەمژی خوێن لە دەمیەوە فیشقەی دەکرد. مەیموونەکان بە بینینی دیمەنی خویناوی و ئاهونالەکانی داهاکی و ژنەکەی هەستیکی چیژبەخشی تیکەل بە ترسیان لەلا دروست بووبوو. تاکا کچی داهاکی، کە تەمەنی تەنیا دە سال بوو خوی بە دایکییەوە نووساندبوو و باوەشی دەکرد و ماچی دەکرد. کە بەزور لە باوەشی دایکیان دایان بری هەلزنییە سەر داربەروویەک و پیایدا سەر کەوت. چەند جاریک قیژاندی. رەنگی پیوە نەمابوو و وەک داربی دەلەرزی. قژی زور بوون و رەنگیشیان مور بوون، بەلام تووکەکانی پشتەوەی خولەمیشیی ئامالسپی بوون. لە درەختەکەوە هینایانە خوارەوە و بەدەم گریانەوە خستیانە باوەشی کیسای پیرەوە. ریتیکیش دایکی تاکاشیان لەتەنیشت داهاکییەوە ئازار و ئەشکەنجە ددا. کیسا بە دەستە دریژەکانی تاکای گرت و بە خویەوەی گوشی. لە خوشییان چاوەکانی بریسکەیان دەهات. ردینی دریژ، نیوچاوانی دەرپوقیو، چرچولوچی خوارەوەی چاوەکانی شیوەیەکی پیکەنیناوی و ترسناکیان بە روخساری بەخشیبوو. هەر کە تاکا بیتاقەتی کرد کیسا بە پشتی دەستی شەپازللەکی لە بناگویی سرەواند. تاکا لە حەیوەتان دانیشت و بەدەم بینینی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەشکەنجەی داهاکی و ژنەکەیەوە لە جەستەی پرشەهودت و سەرخۆش و شادمانی کیسای دەروانی.

کیسا ئیدی بە هیوا و ئامانجەکەی گەیشتبوو و رکابەرەکەی خۆی زەلیل و داماو کردبوو. هەموو مولکومالی لی داگیر کردبوو و وا خەریک بوون خۆی و ژنەکەیشیان بە بەرچاویەوە دەکوشت و کچە جوانکیلە و تەروتازەکەی داهاکی کە پیشتریش چەندین جار بینیبووی، کە چەند لیهاتووانە تووکەکانی باوکی دەپشکنیت. وا ئیستا گویرایەل و ملکەچ بە هەمان دەستە بچکۆلانەکانی جەستەی ئەم دەشیلیت و گیانەوەرەکانی لی دەکاتەوە! ئیتر لەوە زیاتر چیی دەویست؟ کیسا بەدلخۆشییەوە زمانی بە لیویدا هینا. نەعرەتەکانی داهاکی تا دەهات کەمتر و نزمتر دەبوونەوە و دەنگی بوو و دواجاریش نووزەی لی برا. لەو کاتەدا خوینی هەلهینایەوە و بەبی ئەوەی کەمترین جوولەیەک بکات لەتەنیشت تەرمی ریتیکییەوە کەوت. لەناو هەلهەلەی شادی و خۆشییدا زگیان هەلدری و ریخۆلەکانی هەر بەگەرمی دەر هینا و هەر پارچەیەکی بە دەستە مەیموونیکەوە بوو. ئەمە بە یەکەم جینایەتی یاسادانەریی ردینسپی دەهاتە ئەژمار. یەکەم جاریش بوو کە مەیموونەکان فریوی ردینریژیان خوارد. بونی خوین سەرخۆش و شیتی کردبوون. بیچووە مەیموونەکان سەری ریخۆلەکانی داهاکییان کردە و بەسەر لقی دارەکانەوە یارییان پی دەکردن و لەدەست یەکتری دەیانرفاندن و دیلانییان پی دەکردن. تەرمی خویناویی تووکن و وردوخاشی داهاکی و ژنەکەی بە پەراسووی شکاوەوە لەو ناوە کەوتبوون. وەک بلیی شیتییەکی گوزارەی بە هۆی بینینی خوینەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرخۆشی کردبێتن هەتا ئێوارە جەژن و ئاهەنگیان گێرا و بە درێژاییی ئەو ساتوکاتانەیش تاکا کچی داهاکی لە ترسان هەلدەلەرزی و سەر و سینگی کیسای دەپشکنی. کیسا سەرخۆش و لووتبەرزانە ئەو میوە وشکانەی دەخوارد، کە لە مالەکەی داهاکی تالانیان کردبوون و لەدوای سەرکەوتنی بەسەر پلینگەکاندا، بەدیار تەماشاکردنی ئەم سەرکەوتنەشیەوە دانیشتبوو. کە غەلبەغەلب و جەنجالەکە دامرکایەوە، کیسا بەئەسپایی و بە ویقاریکی زۆرەوە لە جێی خۆی هەستا و لە کاتێکدا پالی بە تاکای کچی داهاکییەوە دابوو لارەلارە بەرەو هێلانەکەی بەری کەوت. مەیموونەکانیش بلاوەیان لێ کرد و هەرکەسە پەنای بردەوە بۆ هێلانەی خۆی.

بەلام کیسا ئەم سەرکەوتنەی نەگەیاندە سبەینێ. هێشتا نەگەیشتبووە هێلانەکەی خۆی، کە دەنگێکی توقێنەر لە کێوی دەماوەندەوە بەرز بووەوە و زەوی هەلتەکی. وەک ئەوە وا بوو کێوەکان دەمیان کردبێتەوە. دووکەلێکی رەش و تۆخ هەوای تەنییەوە و تامی خۆلەمێشی دەدا. تەمێکی گەرم و خەست بە هەوادا بلاو بووەوە. دووکەلەکان ناودناوە دادەمرکانەوە و دیسانەوە وەک تەقینەوە شلەیەکی لینجی رەشی تێکەل بە گۆگردی تواوە لە لووتکەی کێوەکەوە هەلدەقولا. ئاوی خوارەوەی کێوەکە دەبوو بە هەلم و هەوا تاریک دادەگەرا و تەنیا بلیسەکانی ئاگری لووتکەی کێوەکە دیمەنی خواردوەی کێوەکەی ڕووناک دەکردەوە. درەختەکانی دارستان ئاگریان گرت. دووکەلێکی رەش، بۆنی خنکێنەری گۆگرد وەک کوورەی ئاسنگەران لەناو خۆلەمێشدا، شلەیەکی تواوە، نالە و شیوەنی گیانەوەران و بوومەلەرزە. کیسا کبکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و هەموو مەیموونەکانی دیکە بوونە ژێر خاکەوە.

***

لەم کاتەدا ویستسیت و زیزی لە دارستانێکی دووردەدەست و لەژێر لقی دارەکاندا لەپاڵ یەکدیدا خەوتبوون و دولی کیسا کیکی بەتەواوەتی لە یادەوەرییاندا سرابووەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کتێبە چاپکراوەکانی ئەندێشە

١. بنەڕەتەکانی فەلسەفە-حەمید عەزیز
٢. کورد لە دیدی ڕۆژهەلاتناسەکانەوە (چ٢)-فەرهاد پیربال
٣. ڕێبازە ئەدەبییەکان (چ٢)-فەرهاد پیربال
٤. مۆزەخانەی پاکیزدیی (چ٢)-ئورهان پاموک-و. بەکر شوانی
٥. نەتەوەی زێڕینەکان-جەبار جەمال غەریب
٦. ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کورد(چ٢)-جەعفەر عەلی
٧. سوفیزم و کاریگەریی لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی..-جەعفەر عەلی
٨. مەحوی لەنێوان زاهیریەت و باتینیەت و..-ئەحمەدی مەلا
٩. نهێنییەکانی ژیان (چ٢)-ئۆشۆ-و. ئازاد بەرزنجی
١٠. کورتیلەیەک لە مێژووی کات-ستیڤن هۆوکینگ و لیۆنارد ملودیتو-و. حوسێن حوسێنی و میوا عومەر
١١. کۆشک-فرانتس کافکا-و. عەتا نەهایی
١٢. فەصلول مەقال-ئیبن ڕوشد-و. مەریوان عەبدول
١٣. شۆڕشی ئەیلول لە بەلگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا وریا ڕەحمانی
١٤. دەسەلات و جیاوازی-مەریوان وریا قانع
١٥. لە چ ئێستایەکدا دەژین-مەریوان وریا قانع
١٦. شووناس و ئالۆزی-مەریوان وریا قانع
١٧. سیاسەت و دونیا-مەریوان وریا قانع
١٨. جەمشید خانی مامم-بەختیار عەلی
١٩. کەشتیی فریشتەکان (کتێبی ١)-بەختیار عەلی
٢٠. کەشتیی فریشتەکان (کتێبی ٢)-بەختیار عەلی
٢١. لە دیارەوە بۆ نادیار (چ٢)-بەختیار عەلی
٢٢. ڕەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان-بەختیار عەلی
٢٣. چێژی مەرگدۆستی (چ٢)-بەختیار عەلی
٢٤. مەعریفە و ئیمان-بەختیار عەلی و هیمن ئەرەداغی
٢٥. دۆزی کورد لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و..-گۆران ئیبراهیم سالح
٢٦. سەدەرقەند (چ٢)-ئەمین مەعلوف-و. ئەحمەدی مەلا
٢٧. ویستگەیەک لە کەشتیکی فەلسەفی-فاروق ڕەفیق
٢٨. ئەخلاقناسی-ئەحسین حەمەغەریب
٢٩. گەشەسەندنی ڕامیاری-د. ک. پیسچانی-و. د. ئارام عەلی
٣٠. مێژووی کۆنی کورد (چ٣)-جەمال ڕەشید و فەوزیە ڕەشید-و. ملکو کەلاری
٣١. منداڵانی گەردک-میوا قادر
٣٢. ڕۆحی یاخی (چ٢)-ئەلبیر کامو-و. ئازاد بەرزنجی
٣٣. پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێم و دەوڵەتانی-هێرش جەوهەر مەجید
٣٤. مێژووی گۆرانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی.. (چ٢)-فریشتە نورالی-و. هەورامان فەریق کەریم
٣٥. سلێمانی لەنێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨-توانا ڕەشید کەریم
٣٦. کتێبی پەراوێزنووسان-عەتا محەمەد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣٧. شاری سلیمانی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨-١٧ی تەمموزی ١٩٦٨-هەورامان جەوهەر مەجید
٣٨. فیک و دونیا (بەرگی ١)-مەریوان وریا قانع
٣٩. فیکر و دونیا (بەرگی ٢)-مەریوان وریا قانع
٤٠. دین و دونیا (چ٢)-مەریوان وریا قانع
٤١. کتیب و دونیا (چ٢)-مەریوان وریا قانع
٤٢. کومەلگەی رەش-د. عادل باخەوان
٤٣. رستانیکی دریژ-گونتر تویبین-و. دلاوەر قەرەداغی
٤٤. فرانسیسکوس قەدیسی من (چ٢)-نیکوس کازانتزاکیس-و. دلاوەر قەرەداغی
٤٥. ئاهەنگی تەگەکە-ماریو بارگاس یوسا-و. جەلیل کاکەوەیس
٤٦. شەوی لیشبونە-ئیریش ماریا ریمارک-و. کەریم پەرەنگ
٤٧. من و ئەو-ئەلبیرتو مورافیا-و. کارزان عەلی
٤٨. میرنامە (چ٢)-جان دوست-و. سەباح ئیسماعیل
٤٩. روخسارە بەندکراوەکەم-لەتیفە-و. رووناک شوانی
٥٠. قەپلک-مستەفا خەلیفە-و. هەورامان وریا قانع
٥١. خەونی پیاوە ئیرانییەکان و کەوتنی بورە تەلا (چ٢)-ماردین ئیبراهیم
٥٢. گرگن-پییر لاگەرکڤیست-و. خەبات عارف
٥٣. ١٩٨٤ (چ٢)-جورج ئورویل-و. حەکیم کاکەوەیس
٥٤. سوور و رەش-ستاندال-و. سیامەند شاسواری
٥٥. دەستنووسە دۆزراوەکەی ئەکرا (چ٢)-پاولۆ کویلو-و. سیروان مەحمەد
٥٦. جادەی مێخەک (١)-دلاوەر قەرەداغی
٥٧. جادەی مێخەک (٢)-دلاوەر قەرەداغی
٥٨. ئیوارستان-پییر لاگەرکڤیست-و. خەبات عارف
٥٩. دارستانی نەرویجی-هاروکی موراکامی-و. تارا شیخ عوسمان
٦٠. ئیوارەی پەروانە (چ٧)-بەختیار عەلی
٦١. شاری مۆسیقارە سپییەکان(چ٤)-بەختیار عەلی
٦٢. مەرگی تاقانەی دووەم (چ٥)-بەختیار عەلی
٦٣. کوشکی بالندە غەمگینەکان (چ٤)-بەختیار عەلی
٦٤. تا ماتەمی گول... تا خوینی فریشتە (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٥. سیوی سیهەم (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٦. ئاورەکەی ئورفیوس-بەختیار عەلی
٦٧. غەزەلنووس و باغەکانی خەیال (چ٢)-بەختیار عەلی
٦٨. ئەی بەندەری دوست، ئەی کەشتیی دوژمن (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٩. دواهەمین هەناری دونیا (چ٧)-بەختیار عەلی
٧٠. ئیمەی پەنابەر-کومەڵیک نووسەر
٧١. گرەوی بەختە هەلالە (چ٢)-عەتا نەهایی
٧٢. عیراقییەک لە پاریس-سامویل شەمعون-و. سەباح ئیسماعیل
٧٣. جیهانی سوفیا و فەرهەنگی سوفیا (چ٥)-یوستاین گاردەر و ئوتە بیوهمە-و. بەهروز حەسەن
٧٤. کچەی پرتەقال (چ٧)-یوستاین گاردەر-و. بەهروز حەسەن
٧٥. لە ئاوینەیەکدا، لە نهینییەکدا (چ٣)-یوستاین گاردەر-و. بەهروز حەسەن
٧٦. کچی بەریوەبەری سیرک (چ٣)-یوستاین گاردەر-و. بەهروز حەسەن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٧٧. نهێنیی یاریی کاغەز (چ٣)-یوستاین گاردەر-و. بەهروز حەسەن
٧٨. مایا (چ٢)-یوستاین گاردەر-و. بەهروز حەسەن
٧٩. ئینسایکلوپیدیایەکی مێژوویی وێنەدار-کۆمەڵێ نووسەر-و. هەورامان وریا قانع
٨٠. فەلسەفەی بوون-د. محەمەد کەمال
٨١. وەک رووبارە بەخوڕەکە-پاولو کویلو-و. سیروان مەحمود
٨٢. دیارییە مەزنەکە-پاولو کویلو-و. سیروان مەحمەد
٨٣. سێشەممان لەگەڵ موری (چ٢)-میچ ئەلبوم-و. جوتیار ژاژلەیی
٨٤. دوالیزمی دژیەک لە هونراوە لیریکییەکانی مەولانای رومی و...-لهون قادر عەبدولرەحمان
٨٥. رووناک وەک ئەوین، تاریک وەک مردن-مەمەد ئوزون-و. وریا غەفووری
٨٦. کاندید-ڤۆلتێر-و. بەیان سەلمان
٨٧. باوکە گۆریۆ-بەلزاک-و. ئەحمەدی مەلا
٨٨. زیبرا-جەبار جەمال غەریب
٨٩. منداڵی سووتاو-ستیگ داگەرمان-و. دلاوەر قەرەداغی
٩٠. وڕێنە-ئەنتۆنیۆ تابوکی-و. عەتا محەمەد
٩١. مردن لە روانگەی ئایینەکانەوە (چ٢)-بوساحە ئەحمەد-و. دانا مەلا حەسەن
٩٢. گوێ بگرە، پیاوی بچووک (چ٤) ویلهێلم رایش-و. خەبات عارف
٩٣. رێبەری کتێبسازە کوژراوەکان-عەتا محەمەد
٩٤. کچە فیلم گیرەرەوەکە-هێرنان ریڤێرا لیتیلیێر-و. عەتا محەمەد
٩٥. باوکی ئەو (چ٢) پەرینووش سەنیعی و. رووناک شوانی
٩٦. داوێنپیسی-پاولو کویلو-و. سیروان مەحمود
٩٧. کیمیاگەر (چ٤)-پاولو کویلو-و. سیروان مەحمەد
٩٨. رۆژهەڵاتی عەدەن، رۆژئاوای خودا-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی
٩٩. خۆشی پیشەی من نییە (چ٢)-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی
١٠٠. خیانەت لە نیشتمانەکەم دەکەم-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی
١٠١. رۆژژمێری کیژۆڵەیەک-ئان فرانک-و. عەلی عوسمان یاقووب
١٠٢. جیهانی رۆمان-د. هاشم ئەحمەدزادە
١٠٣. نەفرەت لە دۆستۆیفسکی (چ٢)-عەتیق رەحیمی-و. ئازاد بەرزنجی
١٠٤. فایدۆن (چ٢)-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٠٥. گۆرگیاس (چ٢)-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٠٦. سیاتیتوس-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٠٧. مەسیح لەخاچ دەدەنەوە (چ٢)-نیکۆس کازانتزاکیس-و. دلاوەر قەرەداغی
١٠٨. تۆ مەچۆ بۆ شەڕ (چ٢)-ماردین ئیبراهیم
١٠٩. سەگوەر (چ١٧)-محەمەد موکری
١١٠. چاوەکانی (چ١١)-بوزورگ عەلەوی-و. ئازاد بەرزنجی
١١١. A-6171 من لە ئاوشفیتز دەرباز بووم-فیریک گوێندویر و. عەتا محەمەد
١١٢. باراباس-پییر لاگەرکڤیست-و. خەبات عارف
١١٣. تولە (چ٥)-محەمەد موکری
١١٤. سڵاو؟ کەس لەوێیە؟ (چ٢)-یوستاین گاردەر-و. سیروان مەحمەد
١١٥. هیچ (چ٢) کوچەر ئەبوبەکر
١١٦. هەورەکانی دانیال (چ٢)-بەختیار عەلی
١١٧. ئێمە زەریامان بەزاند-جولی ئوتوسکا-و. دلاوەر قەرەداغی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١١٨. به ناوی ژیانەوە (چ٥)-ئەریک فروم-و. ئازاد بەرزنجی
١١٩. لەودیو هەستەکانەوە-فێمینیست رایان روگێرو-و. هەریم هادی
١٢٠. کوردستان لە رووبەڕووبوونەوەی داعشدا-د. بورهان ئ.یاسین
١٢١. دڵرەقی و بیمانی-مەریوان وریا قانع
١٢٢. دزیکی راستگۆ-فیۆدور دۆستۆیفسکی-و. کاروان مەحمود
١٢٣. تیمساح-فیۆدور دۆستۆیفسکی-و. کاروان مەحمود
١٢٤. سۆفیست-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٢٥. نهێنیی کریسمس (چ٢)-یوستاین گاردەر-و. سیروان مەحمەد
١٢٦. چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی-د. کەساس جەباری
١٢٧. دوایین رۆژەکانی سۆکرات-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٢٨. یەکەمین مەکتووب-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
١٢٩. ئاگرەکەم مەسڕنەوە-ئازاد سوبحی
١٣٠. تامیتامی-ئەنتوان چیخوف-و. دلاوەر قەرەداغی
١٣١. کۆلۆنێل-مەحموود دەولەت ئابادی-و. ئازاد بەرزنجی
١٣٢. کێشەی بوونی مرۆڤ-ئومێد حەمەعەلی
١٣٣. شەوانی ئادەم-بەیان سەلمان
١٣٤. قەمبوورەکەی نۆتردام-ڤیکتۆر هیگۆ-و. جەوهەر مەحمود داراغا
١٣٥. بەدوای عەشقدا (چ٢)-بەهجەت یەحیا
١٣٦. دەربارەی باوکە گۆریۆ-و. حەمەکەریم عارف
١٣٧. دەربارەی برایانی کارامازۆف-و. حەمەکەریم عارف
١٣٨. دەربارەی بینەوایان-و. حەمەکەریم عارف
١٣٩. دەربارەی داستانی ئیلیادە-و. حەمەکەریم عارف
١٤٠. دەربارەی دۆن کیشۆت-و. حەمەکەریم عارف
١٤١. دەربارەی شەڕ و ئاشتی-و. حەمەکەریم عارف
١٤٢. دەربارەی دیکامیرۆن-و. حەمەکەریم عارف
١٤٣. دەربارەی فاوست-و. حەمەکەریم عارف
١٤٤. دەربارەی کاندید-و. حەمەکەریم عارف
١٤٥. دەربارەی کۆمیدیای یەزدانی-و. حەمەکەریم عارف
١٤٦. دەربارەی هاملێت-و. حەمەکەریم عارف
١٤٧. هەتا چاو بڕ بکات... تاریکی-فەرهاد مستەفا
١٤٨. جوانییەکانی تاریکی-بەختیار عەلی
١٤٩. رەخنە لە ئەقڵی فاشیستی-بەختیار عەلی
١٥٠. نەرسیسی کوژراو-بەختیار عەلی
١٥١. یادەوەری و زەمەن-بەختیار عەلی
١٥٢. ئیمان و جەنگاوەرانی (چ٣)-بەختیار عەلی
١٥٣. قەڵەندەر و قەڵا-یەحیا یەسریبی-و. ئازاد بەرزنجی
١٥٤. ئاوریشم (چ٣)-ئەلیساندرو باریکو-و. ئازاد بەرزنجی
١٥٥. ئەفسانەی ١٩٠٠ یان نۆڤیچینتۆی پیانۆژەن (چ٢)-ئەلیساندرو باریکو-و. ئازاد بەرزنجی
١٥٦. کوشتنی باڵندەی لاساییکەرەوە-هارپەر لی-و. لۆنا دلشاد عەریوانی
١٥٧. شەوگەڕەکان-میران ئەبراهام
١٥٨. دەبێت شتێک بگێڕمەوە-باران

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٥٩. نامەکانی فیرناندۆ-ئەژین عەبدولخالق
١٦٠. پرۆتاگۆراس-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سولتان
١٦١. رۆژانێک من ئۆکۆردیۆنم دەژەند-دلاوەر قەرەداغی
١٦٢. لەبارەی ئیسلام و جیهانگیری و خۆرئاواوە-د. شاکر نابلوسی-و. شوان ئەحمەد
١٦٣. مارتن لوتەر-د. هاشم سالح-و. شوان ئەحمەد
١٦٤. هەزار و یەک شەوە (چ٣)-و. جەوهەر مەحمود داراغا
١٦٥. کاتێک ماسییەکان تینوو دەبن-حەلیم یوسف-و. سەلاحەدین بایەزیدی
١٦٦. هانی سالح، ئەوە چاوم و پێی بروانە-باشار کەمال-و. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل
١٦٧. ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە (چ٢)-شێرکۆ بێکەس
١٦٨. دەربەندی پەپوولە (چ٣)-شێرکۆ بێکەس
١٦٩. خێراکە... مردن خەریکە بگات! (چ٢)-شێرکۆ بێکەس
١٧٠. خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیری (چ٣)-شێرکۆ بێکەس
١٧١. یادەوەریی پاسکیلێکی کەرکوکی-شێرکۆ بێکەس
١٧٢. ژیان و ئەزموونی شیعریم-ئەدۆنیس-و. شوان ئەحمەد
١٧٣. پارادۆکسی نووسین (چ٢)-ڕەبیع جابر-و. شوان ئەحمەد
١٧٤. پیاوێکی تێکشکاو (چ٢)-تاهیر بن جەللون-و. ئازاد بەرزنجی
١٧٥. ئامۆ-ئەلبێر کامۆ-و. سەلاحەدین بایەزیدی
١٧٦. لەبارەی ئازادییەوە-جۆن ستیوارت میل-و. ئاوات ئەحمەد سولتان
١٧٧. گوزەرێک بۆ یادکردنەوەی ڕابردوو-نیکۆلاس سپارکس-و. بەرزان عوسمان
١٧٨. دابڕانی ئیپستمۆلۆژی لە فیکر و ژیاندا (چ٢)-د. هاشم سالح-و. شوان ئەحمەد
١٧٩. لە قووڵاییی سیاسەتدا-د. بورهان أ. یاسین
١٨٠. شیعر بۆ ترسنۆکەکان نییە!-نیلس هاو-و. ئالان پەری
١٨١. حەللاج-عەباس ئەرنائوت-و. ئازاد بەرزنجی
١٨٢. پاسە شینەکە-هیوا قادر
١٨٣. وەهمێک-ریچارد داوکینز-و. نوری کەریم
١٨٤. ڕێگە-نەجیب مەحفوز-و. کارزان عەلی
١٨٥. نوختەی نوونەکەی ژیان-فەرهاد شاکەلی
١٨٦. کوشکی بوق (چ٢)-پۆستاین گاردەر-و. سیروان مەحمود
١٨٧. زۆر تایبەت-عەباس مەعروفی-و. ڤیدا قادری
١٨٨. ئافاتەکانی بنەماڵەی میخەک (چ٢)-عەتا محەمەد
١٨٩. گیلاسی خوێن (چ٢)-عەتا محەمەد
١٩٠. گەشتە تیواردکانی میر بە تەنیاییدا (چ٢)-عەتا محەمەد
١٩١. فەهرەست (چ٢)-عەتا محەمەد
١٩٢. خواجە نەسرەدین، کە لەپێناو پیکەنینێکدا دەکوژرێت (چ٢)-عەتا محەمەد
١٩٣. تیۆریی ئەدەبی-تیری ئیگڵتن-و. عەتا قەرەداغی
١٩٤. ماڵی بێدەنگ-ئۆرهان پامووک-و. سامان کەریم
١٩٥. چیرۆکەکانی کریسمس-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
١٩٦. بەکولتوورکردنی خوێندنەوە-محەمەد فەریق حەسەن
١٩٧. کەوتنی ئاسمانەکان-جەبار جەمال غەریب
١٩٨. پەیمانی کۆمەڵایەتی-جان جاک ڕۆسۆ-و. ئاوات ئەحمەد سولتان
١٩٩. سەد ساڵ تەنیایی-گابریل گارسیا مارکیز-و. ئەحمەدی مەلا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٠٠. شەقامی دوکانە تاریکەکان-پاتریک مودیانو-و. بەیان سەلمان
٢٠١. مروڤ و کەرامەت-مەریوان وریا قانع
٢٠٢. ژیان و بەرهەمەکانی سادق هیدایەت-حەسەن قانمیان-و. فەرشید شەریفی
٢٠٣. ئایین و مەعنەوییەت-موستەفا مەلەکیان-و. موسعەب ئەدهەم (ئەندیشەی ئایین)
٢٠٤. کەشتیی فیکر و دەریای مەعنەوییەت-ئەحسین حەمەغەریب (ئەندیشەی ئایین)
٢٠٥. پیپ گواردیولا (چ٢)-گایلوم بالاگی-و. ئەحمەد سەنگاوی (ئەندیشەی وەرزش)
٢٠٦. پەرەسەندنی فیزیا-ئالبیرت ئاینیشتاین و لیوپولد ئینفلد-و. حوسێن حوسێنی (ئەندیشەی زانست)
٢٠٧. تیوریی ڕێژەیی چییە؟-لانداو، ڕومەر-و. حوسێن حوسێنی (ئەندیشەی زانست)
٢٠٨. ئالبێرت ئاینیشتاین-جینیفێر جولیەن ئاندرسن-و. حوسێن حوسێنی (ئەندیشەی زانست)
٢٠٩. عەلائەدین-کارین کرێیدەر-و. شەن شیروان (منداڵانی ئەندیشە)
٢١٠. دەمبۆ-واڵت دیزنی ستودیو-و. شەن شیروان (منداڵانی ئەندیشە)
٢١١. سێ ورچەکە-ڕۆب هێفیران-و. شەن شیروان (منداڵانی ئەندیشە)
٢١٢. سیمبا-جەستین کورمان-و. شەن شیروان (منداڵانی ئەندیشە)
٢١٣. سێ بەرازە بچکۆلەکە-واڵت دیزنی ستودیو-و. شەن شیروان (منداڵانی ئەندیشە)
٢١٤. تەنز-سلاڤومیر مرۆژێک-و. خەبات عارف
٢١٥. پاپالانگی: پیاوە سپییەکە-ئێریش شیورمان-و. خەبات عارف
٢١٦. ئەو پێنج کەسەی لە بەهەشت دەیانبینیت-میچ ئەلبوم-و. جوتیار ژاژلەیی
٢١٧. تەنیا یەک ڕۆژی تر-میچ ئەلبوم-و. لونا دلشاد مەریوانی
٢١٨. ئایادەوەری-ئەندری مالرۆ-و. دلاوەر قەرەداغی
٢١٩. گەشتێک بە ڕۆحی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا-هەوراسان ئەنوەر
٢٢٠. کلیلەکەی سارا-تاتیانا دی ڕۆزنی-و. هەوار جەوهەر و جەوهەر مەحمود داراغا
٢٢١. لێکۆڵینەوەیەک لە سوسیولۆژیای ئیسلام-د. عەلی شەریعەتی-و. دانا مەلا حەسەن
٢٢٢. هێزی ئەدەب-ڕەبیع جابر-و. شوان ئەحمەد
٢٢٣. عیرفان، باغێک لە حەقیقەت-موسعەب ئەدهەم (ئەندیشەی ئایین)
٢٢٤. عیشق گەورەتر لە عیشق-موسعەب ئەدهەم (ئەندیشەی ئایین)
٢٢٥. مروڤی خودا ڕەنگ-سەلمان نادر (ئەندیشەی ئایین)
٢٢٦. ستیڤن هوکینگ-کارین لاتچانا کینی-و. حوسێن حوسێنی (ئەندیشەی زانست)
٢٢٧. دەروازەیەک بۆ زانستی نانۆ و تەکنەلۆجیای نانۆ-د. خالید محەمەدعومەر (ئەندیشەی زانست)
٢٢٨. تیۆرییەک بۆ هەموو شت-ستیڤن هووکینگ-و. حوسێن حوسێنی (ئەندیشەی زانست)
٢٢٩. ڕەویناسی و کۆمەڵ-د. ئیبراهیم محەمەد جەزا محیدین (ئەندیشەی زانست)
٢٣٠. گەشتەکان بە زمانی سادە-ماری و جون گریبین-و. زەردەشت نورەدین (ئەندیشەی زانست)
٢٣١. من زلاتانم-دەیڤد لاگێر کرانتز-و. مەسعود حەسەن (ئەندیشەی وەرزش)
٢٣٢. هەرەمی هەڵگەڕاوە-جوناسان ویلسن-و. کامەران پالانی (ئەندیشەی وەرزش)
٢٣٣. خۆرەی میدیس-میگێل کوستا و جوناسان سانچیز-و. ئەحمەد سەنگاوی (ئەندیشەی وەرزش)
٢٣٤. من ترس ڕوحی سمیوم-محەمەد ماغوت-و. شوان ئەحمەد
٢٣٥. ئەفسوونی ئەدەب-نزار ئاگری-و. شوان ئەحمەد
٢٣٦. میروکە-ئەنتوان دو سانت ئیگزیوپیری-و. لیون کارین

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٣٧. ژنی لە بەردەم وەرزێکی سارددا (چ٤)-فروغ فەروخزاد-و. ئازاد بەرزنجی
٢٣٨. عاشق هەمیشە تەنیایە (چ٤)-سوهراب سپهری-و. ئازاد بەرزنجی
٢٣٩. میردی هەمیشەیی-فیودور دوستویفسکی-و. کاروان مەحمود
٢٤٠. قومارچی (چ٢)-فیودور دوستویفسکی-و. جەوهەر مەحمود داراغا
٢٤١. مەرگی مەیموون-ماردین ئیبراهیم
٢٤٢. ئاڤگەی وشە و هەلویست (نامەکانی شێرکو بێکەس)-ئا. کامەران سوبحان
٢٤٣. دیوانی موفتی پێنجوینی-مەلا عەبدوللای تووتنچی-ئا. ئومید ئاشنا و کامیل عەبدوللا کەریم
٢٤٤. دەروازەیەک بۆ ناساندنی فەلسەفەی دین-تەحسین حەمەغەریب (ئەندێشەی ئایین)
٢٤٥. رۆژ و شەوی یوسف-مەحموود دەولەت ئابادی-و. بەرزان محەمەد
٢٤٦. بومەلەرزەکان-جانیس ڤانکلیف-و. هێمن حوسێن (ئەندێشەی زانست)
٢٤٧. لاپەرەکانی ژیانم-د. نەوال سەعداوی-و. جیڤارا کەمال
٢٤٨. نامەی منالان بۆ خوا-ئا. ستوارت هامپل و ئێریک مارشال-و. ئازاد بەرزنجی
٢٤٩. فریو و خۆحەشاردان (چ٢)-عەتا محەمەد
٢٥٠. تارژەنی رەنگ (چ٢)-عەتا محەمەد
٢٥١. زارەکانی خەون (چ٢)-عەتا محەمەد
٢٥٢. پاشماوەی خێڵەکان (چ٢)-عەتا محەمەد
٢٥٣. رۆماننووسی سادە و رۆماننووسی بیرکەرەوە (چ٢)-ئورهان پاموک-و. بەکر شوانی
٢٥٤. قەلای سپی (چ٢)-ئورهان پاموک-و. بەکر شوانی
٢٥٥. ژیانی من-سێر ئالێکس فێرگسون-و. رێبوار محەمەد (ئەندێشەی وەرزش)
٢٥٦. ئایناسیی مەولانا-د. عەبدولکەریم سرووش-و. موسعەب ئەدهەم (ئەندێشەی ئایین)
٢٥٧. ئەژدیهاکانی عەدەن-کارل ساگان-و. رۆژگار حەمید (ئەندێشەی زانست)
٢٥٨. نامە بۆ کچەکەم-تیودور کالیفاتیدیس-و. دلاوەر قەرەداغی
٢٥٩. خەونی مشکەکان و پیاوەکان-جۆن شتاینبێک-و. شێنی یوسکانی
٢٦٠. لۆلیتا (چ٢)-ڤلادیمیر نابۆکوف-و. توانا حەمەنووری
٢٦١. من ناوم سوورە (چ٢)-ئورهان پاموک-و. بەکر شوانی
٢٦٢. رابەرانی هزری کۆمەلایەتی-د. ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن-و. دانا مەلا حەسەن
٢٦٣. جوناسانی ئەورەس (چ٣)-ریچارد باخ-و. ئازاد بەرزنجی
٢٦٤. پیاوێکی بێچارەنووس-ئیمرە کێرتێز-و. رووناک شوانی
٢٦٥. بەفر (چ٣)-ئورهان پاموک-و. بەکر شوانی
٢٦٦. ژنە قژسوورەکە-ئورهان پاموک-و. سامان کەریم
٢٦٧. ژنێک بۆ خۆشویستن (چ٢)-تیودور کالیفاتیدیس-و. دلاوەر قەرەداغی
٢٦٨. مۆزەخانەی پاکیزەیی (چ٢)-ئورهان پاموک-و. بەکر شوانی
٢٦٩. گەرانەوەی زەردەشت-ئەحمەدی مەلا
٢٧٠. پاسەوانانی خودا (چ٢)-عەتا محەمەد
٢٧١. تاکسی (چ٢)-خالد ئەلخەمیسی-و. سەباح ئیسماعیل
٢٧٢. هەرەسی ژێرخانێک-ئەورەت شەمدین-و. سەباح ئیسماعیل
٢٧٣. لە دیرسیم مردم-مەحمود ئەجمەدین
٢٧٤. سوبارتو-حەلیم یوسف-و. وریا غەفوری
٢٧٥. پادشای ئەنگوستیلەکان (هوبیت)-جۆن رونالد روێل تولکین-و. بەرزان عوسمان
٢٧٦. دوو شابالی نووریێی شار-تەحسین حەمەغەریب

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٧٧. جیهانی میشیل فوکو (چ٢)-کۆمەڵیک نووسەر-و. ئاوات ئەحمەد سولتان
٢٧٨. میژووی سیکسوالیتە-میشیل فوکو-و. کاوە دەستوورە
٢٧٩. داروین و رەچەڵەکی مرۆڤ (چ٢)-گۆران ئیبراهیم
٢٨٠. وشەکان و شتەکان-میشیل فوکو-و. ئارام ئەمین شوانی
٢٨١. زیندەبەگۆر-سادق هیدایەت-و. فەرشید شەریفی
٢٨٢. حاجی ئاغا-سادق هیدایەت-و. فەرشید شەریفی
٢٨٣. سواڵکەرەکە-نەجیب مەحفووز-و. توانا حەمەنووری
٢٨٤. سەوزێکی کاڵ بوو دەباری-خەبات عارف
٢٨٥. کوتەڵی ڕۆژ-کازۆ ئیشیجۆرۆ-و. جەوهەر مەحمود داراغا
٢٨٦. نرکەی چیاکە-یاسوناری کاواباتا-و. جەوهەر مەحمود داراغا
٢٨٧. ئەخلاق و بەرگری-مەریوان وریا قانع
٢٨٨. میژووی سیکسوالیتە (١): ویستی دانایی-میشێل فوکۆ-و. کاوە دەستوورە
٢٨٩. میژووی سیکسوالیتە (٢): بەکارهێنانی چێژەکان-میشێل فوکۆ-و. کاوە دەستوورە
٢٩٠. میژووی سیکسوالیتە (٣): خەمی خود-میشێل فوکۆ-و. کاوە دەستوورە
٢٩١. تریزا باتیستا-جۆرج ئەمادۆ-و. جەوهەر مەحمود داراغا
٢٩٢. دواهەمین شەوی سەرۆک-یاسمینە خەزرا-و. ئازاد بەرزنجی
٢٩٢. تاریک و ڕوون-سادق هیدایەت-و. فەرشید شەریفی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org